حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان - عێراق



شمۆئیل ئابرامزۆن
نیکۆلاس بێرگەر
پیتەر گلیک
کریشنا ب. کۆمار
چێریل ک. مۆنتیمایەر

نیللی مێجیا
شانتی ناتاراج
فرانسیسکۆ پێرێز-ئارس
کلاودی میسان سیتۆج

RAND
CORPORATION

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە، سەردانی www.rand.org/t/rr1405z3بکە

*نووسەرانی ئەم راپۆرتە بە ریزبەندی ئەلف بێ لیستکراون.*

داتاکانی زانیاری ئەو بەرهەمانەی کە لە حاڵی بڵاوبوونەوەدان بە پێی میتۆدی کتێبخانەی کۆنگرە
ISBN: 978-0-8330-9263-2

*وێنەی بەرگ:* پانۆرامای شاری سلێمانی. لەلایەن دیار س لەرێگەی فلیکەر.

لەلایەن دەزگای رەند، سانتا مۆنیکا، کالیفۆرنیا بڵاوکراوەتەوە
© مافی لەبەرگرتنەوە 2016 دەزگای رەند
RAND® هێمایەکی بازرگانی تۆمارکراوە.

مافەکانی چاپکردنی سنوردار و دابەشکردنی ئەلەکترۆنی

ئەم بەڵگەنامە و نیشانە بازرگانیانەی لێرەدا هاتوون، بە یاسا پارێزراون. نوێنەرایەتی مافی هزری رەند تەنها بۆ مەبەستی نابازرگانی دەستەبەر کراوە. پۆستکردنی ئەم بڵاوکراوەیە بە سەرهێڵ قەدەغەیە. رێپێدان بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە تەنها بۆ بەکارهێنانی تاکەکەسی دەدرێت، هەتا ئەو رادەی بە نەگۆڕاوی و تەواوی دەمێنێتەوە. رێپێدانی رەند پێویستە بۆ بەرهەمهێنانەوە، یان بەکارهێنانەوە بە میتۆدێکی تری هەرکام لە بەڵگەنامەکانی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی بازرگانی. بۆ زانیاری دەربارەی دووبارە چاپکردنەوە و رێپێدانەکانی لینککردن، تکایە برۆ بۆ سەردانی www.rand.org/pubs/permissions.html.

دامەزراوەی رەند رێکخراوێکی توێژینەوەیە بۆ پەرەپێدانی چارەسەرەکانی بەرەنگاریەکانی سیاسەتی گشتی بە مەبەستی یارمەتیدانی کۆمەڵگاکان لە هەموو جیهاندا بۆ ئەوەی زیاتر سەلامەت و پارێزراو، تەندروست بن و زیاتر گەشەکردوو بن. رەند رێکخراوێکی قازانج نەویستی بێلانە و پابەندە بە بەرژەوەندی گشتی.

مەرج نییە بڵاوکراوەکانی رەند رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی راژەخوازانی لێکۆڵەر و سپۆنسەرەکانی بێت.

پشتیوانی رەند بکە
بەشداریەکی خێرخوازانەی بەرکەوتەی باج ئەنجام بدە لە
www.rand.org/giving/contribute

www.rand.org

# پێشەکی

ئاماری گشتگیر و جێ متمانە گرنگە بۆ داڕشتنی سیاسەت لە هەر هەرێم یان وڵاتێکدا. ئامارەکان ناسینەوەی پێداویستیە هەرە گرنگەکان، رچەگری گەشەسەندنی سیاسەت و دەسپێشخەریەکانی ئێستا کە لەئارادان، و پلانی پەرەپێدانی داهاتوو دەستەبەر دەکەن. لە هەمووشی گرنگتر، ئامارەکان بناغەی پلاندانانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە لە زۆر بواردا دادەڕێژن. حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بەهۆی نەبوونی ئەم جۆرە ئامارانە ئیفلیج بووە لەکاتێکدا بەرەو ئاشتی و خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت، بۆیە هەڵسا بە بانگهێشتکردنی دەزگای رەند بۆ یاریدەدان لە داڕشتنی سیستمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستان—عێراق (Abramzon et al., 2014; Anthony et al., 2015) (KRI).

ئامانجی هەوڵەکانی رابردووی رەند داڕشتنی ستراتیژێکی سەرتاسەری بوو بۆ سیستمێکی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت، و بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لەرێگەی جێبەجێکردنی روپێوێکی هێزی کار. ئێمە لەم راپۆرتەدا، پوختەی هەوڵەکانمان بۆ بەردەوامبوونی بونیاتنانی توانا لەدەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەخەینەروو، بە دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و شیکاری بۆ پشتیوانیکردن لە ئەژمارکردنی ساڵانەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، کە وەک نیشاندەرێکی گرنگ لەماوەی قۆناغی بەرایی هەوڵەکانمان بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق پێشنیاری دەکەین. سەرباری وێرکشۆپەکان، رەند رێنمایی و خولی راهێنانی گشتی بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە هەردوو بوارەکانی شیکاری و مەشقی پراکتیکی لە مەیداندا دەستەبەر کرد. بەهۆی تێوەگلان لە توێژینەوەکەدا، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) سوودیان لە پرۆسەی "فێربوون بە ئەنجامدان" بینی.

خوێنەری جێمەبەستی بنەڕەتی ئەم راپۆرتە بریتیە لە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). ئەمە و مەبەستی راپۆرتەکە خزمەتکردنە بەم جەماوەرە لەرێی (1) پوختەیەکی چالاکیەکانمان بۆ ئەم پرۆژەیە، (2) نمایشێکی ئەنجامە سەرەکیەکان لە هەوڵەکانی ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) خۆمانەوە، و (3) رێبەرێکی سەرچاوەیە کە بتوانرێت بۆ ئەژمارکردنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) لە ئایندەدا بەکاربێنرێت. هەروەها مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەم راپۆرتە بگاتە دەستی خوێنەرانی گشتی ئەوانەی ئارەزوومەندن دەربارەی پێکهاتەی ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراق ئاگاداربن، بزانن چۆن بتوانرێت بونیاتنانی توانا بۆ رێکخراوەکانی ئاماری ناوەندی و لە ئەژمارکردنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) دا ئەنجام بدرێت.

ئەم توێژینەوەیە لەلایەن یەکەی رەند بۆ کار و دانیشتووان ئەنجامدراوە. یەکەی رەند بۆ کار و دانیشتووان ناوبانگێکی جیهانی هەیە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بابەتیانە، کواڵیتی بەرز و پراکتیکی بۆ پشتیوانیکردن و باشترکردنی سیاسەتەکان و ڕێکخراوەکان لە سەرانسەری جیهان. کارەکانی تەرکیز دەکاتە سەر پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، منداڵان و خێزان، رەفتاری دیمۆگرافی، پەروەردە و راهێنان، بازاڕەکانی کار، سیاسەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کۆچ، بڕیاردانی دارایی، و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە بەساڵاچوون و خانەنشینی، هەمووی بە ئامانجێکی هاوبەشی تێگەیشتن لەوەی چۆن سیاسەت و هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان کاریگەرییان بۆسەر بڕیاردانی تاکەکەسی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ دەبێت.

نووسەرانی ئەم راپۆرتە بە ریزبەندی ئەلف بێ لیستکراون. پیتەر گلیک و کریشنا ب. کۆمار، ئابوریزانی باڵا لە رەند، لێکۆڵەرانی سەرەکین لەم توێژینەوەیەدا. دەتوانرێت بە ئیمەیڵ پەیوەندی بکرێت بە دکتۆر گلیک بە ناونیشانی pglick@rand.org یان بە تەلەفۆن بە ژمارە 703-413-1100 x5426. دەتوانرێت بە ئیمەیڵ پەیوەندی بکرێت بە دکتۆر کۆمار بە ناونیشانی kumar@rand.org یان بە ژمارە تەلەفۆنی 310-393-0411 x7589.

زانیاری زیاتر دەربارەی رەند لەسەر وێبسایتەکەمان بەردەستە: www.rand.org.

# ناوەرۆک


پێشەکی ... iii
شێوەکان و خشتەکان ... ix
پوختە ... xi
سوپاس و پێزان ... xv

بەشی یەکەم
**پێشەکی ... 1**
پێشینە و مەبەستی پرۆژە ... 1
ئاراستە ... 1
بونیاتنانی توانا ... 4
ڕێکخستنی ئەم ڕاپۆرتە ... 5

بەشی دوو
**کشتوکاڵ ... 7**
میتۆدەکان ... 7
ئەنجامەکان ... 9
گفتوگۆ ... 9

بەشی سێهەم
**کانزاکردن ... 11**
میتۆدەکان ... 11
ئەنجامەکان ... 11
گفتوگۆ ... 12

بەشی چوارەم
**پیشەسازی ... 13**
میتۆدەکان ... 13
ئەنجامەکان ... 14
گفتوگۆ ... 16

بەشی پێنجەم
**کارەبا ... 17**
میتۆدەکان ... 17
ئەنجامەکان ... 18
گفتوگۆ ... 18

بەشی شەشەم


**بیناسازی ..... 21**
میتۆدەکان ..... 21
ئەنجامەکان ..... 24
گفتوگۆ ..... 25


بەشی حەوتەم


**بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی ..... 27**
میتۆدەکان ..... 27
ئەنجامەکان ..... 29
گفتوگۆ ..... 29


بەشی هەشتەم


**گواستنەوە و کۆگاکردن ..... 31**
میتۆدەکان ..... 31
ئەنجامەکان ..... 33
گفتوگۆ ..... 34


بەشی نۆیەم


**خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە و خواردەمەنی ..... 35**
میتۆدەکان ..... 35
ئەنجامەکان ..... 36
گفتوگۆ ..... 36


بەشی دەیەم


**زانیاری و گەیاندن (کۆمپانیا گەورەکان) ..... 37**
میتۆدەکان ..... 37
ئەنجامەکان ..... 38
گفتوگۆ ..... 38


بەشی یانزەهەم


**کاروباری بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو ..... 39**
میتۆدەکان ..... 39
ئەنجامەکان ..... 41
خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) ..... 42
گفتوگۆ ..... 42


بەشی دوانزەیەم


**خزمەتگوزاریە جیاجیاکان ..... 43**
میتۆدەکان ..... 44
ئەنجامەکان ..... 46
گفتوگۆ ..... 47


بەشی سیانزەیەم


**کارگێڕی گشتی ..... 49**
میتۆدەکان ..... 49
ئەنجامەکان ..... 50
گفتوگۆ ..... 51

بەشی چواردەیەم

**موڵکداریێتی و بەکرێدان** ........ 53
میتۆدەکان ........ 53
ئەنجامەکان ........ 55
گفتوگۆ ........ 55

بەشی پانزەهەم

**دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان** ........ 57
گفتوگۆ و پێشنیارەکان ........ 58

پاشکۆی

**أ. کشتوکاڵ** ........ 61
**ب. پیشەسازی** ........ 71
**ج. کارەبا** ........ 75
**د. بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی** ........ 77
**هـ. کاروباری بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو** ........ 81
**و. سامپڵین و دیزاینی پرسیارنامە نوێکان** ........ 83

***دوو پاشکۆی ئیزافی بەردەستن لە***
http://www.rand.org/pubs/research_reports/RR1405.html

**کورتکراوەکان** ........ 87
**سەرچاوەکان** ........ 89

## شێوەکان و خشتەکان

### شێوەی


1.S بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق ..... xiii

1.1 ڕوونکردنەوەی چەمکی بەهای زیادکراوی گشتی ..... 2

1.2 بڕشتی بەروبوومە سەرەکیەکانی وڵاتانی دراوسێ ..... 10

1.15 بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق ..... 59


### خشتەی


1.S بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق ..... xii

1.2 بەروبوومە سەرەکیەکان، بەپێی وەرز ..... 7

2.2 ژمارەی جوتیارانی ڕوپێوکراو، بەپێی وەرز، 2012/2011 ..... 8

3.2 بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی کشتوکاڵیی ..... 9

4.2 بەهای زیادکراوی بەروبووم وەک ڕێژەی سەدی کۆبەرهەمی هەرێمی/کۆبەرهەمی ناوخۆ (GRP/GDP) ..... 10

1.3 ژمارەی کانگاکان و کرێکاران، 2009 ..... 11

2.3 بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی کانگاکان ..... 12

1.4 ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان و کرێکاران لە کەرتی پیشەسازیدا، 2011 ..... 15

2.4 بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی پیشەسازی ..... 15

1.5 بەهای زیادکراوی کەرتی کارەبا ..... 18

1.6 ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان، کۆمپانیا سامپڵکراوەکان، و ڕوپێوە تەواوکراوەکان لە کەرتی بیناسازیدا، 2014 ..... 23

2.6 بەهای زیادکراو بەپێی بیناسازی خاوەندار ..... 25

3.6 بەهای زیادکراو بەپێی کۆمپانیاکانی بیناسازی ..... 25

1.7 ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا سامپڵکراوەکان لە کەرتی بازرگانی، 2011 ..... 28

2.7 بەهای زیادکراو لەلایەن کەرتی بازرگانی تاکفرۆشی ..... 29

1.8 خەمڵاندنی ژمارەی کۆمپانیا کان و کۆمپانیا سامپڵکراوەکان لە کەرتەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن، 2014 ..... 32

2.8 بەهای زیادکراو بەگوێرەی ڕوپێوەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن (ملیاری دیناری عێراقی) ..... 33

1.9 بەهای زیادکراوی ئوتێلەکان ..... 36

2.9 بەهای زیادکراوی چێشتخانەکان ..... 36

1.10 بەهای زیادکراوی کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی زانیاری و گەیاندن ..... 38

1.11 بەهای زیادکراوی کەرتی دارایی ..... 41

1.12 ژمارەی خەمڵێنراوی ئەو کۆمپانیانەی چالاکیە خزمەتگوزاریەکانی تر کە بە سەرکەوتوویی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، ٢٠١٤ ..... 44

2.12 بەهای زیادکراو بەپێێ کەرتی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای ڕوپێو ..... 46

3.12 بەهای زیادکراوی کەرتی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای ڕوپێو، بەپێی چالاکی ..... 47

4.12 بەهای زیادکراو بەپێی نەخۆشخانە تایبەتەکان، میتۆدە جیاوازەکان ..... 47

5.12 بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی خزمەتگوزاریە جیاجیاکان ........ 47
1.13 بەهای زیادکراو لەلایەن کارگێڕی گشتی ........ 50
1.14 بەهای زیادکراو بەپێی موڵکدارێتی خانوو ........ 55
2.14 بەهای زیادکراو بەپێی بەکرێگرتنی خانوو ........ 55
1.15 بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق ........ 58
أ.1 ناتەبایی داتا بەپێی وەرز و پارێزگا (2011/2012) ........ 62
أ.2 بەهای زیادکراو بەپێی کشتوکاڵ لە دهۆک بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسانی 1 (شێوازناسی سامپڵین) ........ 63
أ.3 بەهای زیادکراو بەپێی کشتوکاڵ لە دهۆک بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسانی 2 (هەڵئاوسان لەسەر بنەمای زەوی راپۆرتکراو) ........ 63
أ.4 نرخ (دیناری عێراقی( بۆ هەر کیلۆگرامێک بەرهەم، بەپێی بەروبووم و وەرز ........ 65
أ.5 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە دهۆک ........ 66
أ.6 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە سلێمانی ........ 66
أ.7 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە هەولێر ........ 67
أ.8 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە دهۆک ........ 67
أ.9 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە سلێمانی ........ 68
أ.10 بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە هەولێر ........ 69
ب.1 میتۆدەکانی هەژمارکردنی پێکهاتەکانی کۆی بەرهەم ........ 71
ب.2 میتۆدەکانی هەژمارکردنی پێکهاتەکانی بەکاربردنی نێوەندکار ........ 73
ب.3 کۆی بەرهەم و بەکاربردنی ناوەندیی لەلایەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانەوە، بەپێی کەرت و قەبارەی کۆمپانیا ........ 74
ج.1 بەهای زیادکراو لەلایەن وەزارەتی کارەبا ........ 75
ج.2 بەهای زیادکراو لەلایەن مولیدە گەورەکانی کارەبا ........ 75
د.1 شێوازەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی دەرەنجامی گشتی ........ 77
د.2 شێوازەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی بەکاربردنی نێوەندکار ........ 78
د.3 کۆی بەرهەم و بەکاربردنی ناوەندی لەلایەن کۆمپانیا بازرگانیەکان، بەپێی پیشەسازی و پارێزگا ........ 79
هـ.1 بەهای زیادکراو بەپێی بانکە تایبەتە خۆجێکان ........ 81
هـ.2 بەهای زیادکراو بەپێی بانکە عێراقیە تایبەتەکان کە لە هەرێمی کوردستان—عێراق کاردەکەن ........ 81
هـ.3 بەهای زیادکراو بەپێی بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕی دراو کە لە هەرێمی کوردستان—عێراق کاردەکەن (هەزار دیناری عێراقی) ........ 82
هـ.4 خزمەتگوزارییەکانی نێوەندگیری دارایی کە ناڕاستەوخۆ پێوانەکراون ........ 82
و.1 کۆمپانیاکان بەپێی پارێزگا و چالاکی لە سامپڵدا بۆ روپێوکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان ........ 85

# پوختە

ئاماری گشتگیر و جێ متمانە گرنگە بۆ دارِشتنی سیاسەت لە هەر هەرێم یان وڵاتێکدا. ئامارەکان رێخۆش دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە گرنگەکان، چاودێریکردنی بەرەوپێشچوونەکانی سیاسەت و پرۆژەکانی ئێستا و پلاندانان بۆ پەرەپێدان لە داهاتوودا. لە هەمووشی گرنگتر، ئامارەکان بناغەی پلاندانانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە لە زۆر بواردا دادەرِێژن. حکومەتی هەرێمی کوردستان ( KRG ( بەهۆی نەبوونی ئەو جۆرە ئامارانە ئیفلیج بووە لەکاتێکدا بەرەو ئاشتی و خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت، بۆیە هەڵسا بە بانگهێشتکردنی رەند بۆ یاریدەدان لە دارِشتنی سیستمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستان—عێراق (KRI).

ئێمە لەم راپۆرتەدا، پوختەی هەوڵەکانمان بۆ بەردەوامبوونی بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەخەینەروو، بە دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و شیکاری بۆ پشتیوانیکردن لە ئەژمارکردنی ساڵانەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، کە ئێمە پێشنیاری دەکەین وەک نیشاندەرێکی گرنگ لەماوەی قۆناغی یەکەمی هەوڵەکانماندا لە هەرێمی کوردستان. راپۆرتەکە خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012 دەکات (بە بەدەرکردنی سەرچاوە سروشتیەکان، بەهۆی نەبوونی داتای بەردەست). ئەم توێژینەوە هەرسێ پارێزگاکەی—هەولێر، سلێمانی، و دهۆک—ی گرتەوە.

ئێمە داتای روپێوی ئێستامان بەکارهێنا (بۆ نمونە، لەبوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی) یان داتای کارگێرِی (بۆ نمونە، لە کەرتی کارگێرِی گشتی و بەرگریدا) بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان و کات هەتا بتوانرێت. سەبارەت بە چەند کەرتێک (بۆ نمونە، بیناسازی و خزمەتگوزاریە جیاجیاکان)، داتای لەو جۆرە بەردەست نەبوون، و ئێمەش لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) کارمان کرد بۆ ئەنجامدانی روپێوی نوێ بۆ بەدەستهێنانی داتای دامەزراوە (کۆمپانیا) لەسەر داهاتەکان و تێچووەکان بۆ ئەژمارکردنەکانی بەهای زیادکراو. بەشە پەیوەندیدارەکانی راپۆرتەکە سەرنج بۆ سنورداریە دیاریکراوەکانی وابەستەی ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ هەریەک لە کەرتەکان رادەکێشێت.

ئێمە بەگشتی *میتۆدی بەرهەم* مان بەکارهێنا بۆ خەمڵاندنی بەشداریکردنی کەرتە جیاوازەکان بۆ کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP). ئەم میتۆدەی دەرامەت، یان بەهای زیادکراو، وەک بەهای بەرهەم یان دەرەنجام ئەژمار دەکات بە لێدەرکردنی تێچووی کاڵا بەکارهێنراوەکان لە پیشەسازی یان تێهاتە ناوەندیەکاندا. وێرِای ئەمە، ئێمە داتای کارگێرِیمان لە وەزارەت و دەزگا جیاجیاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەکارهێنا بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراوی کەرتی گشتی. لەم حاڵەتەدا و بۆ چەندین کەرتی تر، وەک کەرتی دارایی، میتۆدی بەرهەم ناگونجێت، و لەبری ئەمە ئێمە *میتۆدی دەرامەت* مان بەکارهێنا، کە داتای ئاماری بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاجیاکان بەکاردێت کە دەرامەتی دروستبوو لە پیشەسازیەوە پێک دێنن.قەرەبووی کارمەندان، پارەدانەکانی کرێ، سافی باجەکان لەسەر بەرهەم، بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر، و قازانجەکان (یان زیانەکان).

ئێمە بەهای زیادکراو بەپێی کەرت بە بەکارهێنانی میتۆدی پەیوەندیدار و گونجاو بۆ هەر حاڵەتێک ئەژمار دەکەین، پاشان ژمارەکانی بەهای زیادکراوی کەرتەکە کۆدەکەینەوە بۆ بەدەستهێنانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ تێکرِای هەرێم. ئەژمارکردنەکانمان کەرتی سامانە سروشتیەکانی بەدەرکردووە، لەبەر هەمیشە گۆرِانی سروشتی ئەم کەرتە و رەچاوکردنەکانی داتا. لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا، ئێمە بەردەوام بووین لەسەر بونیاتنانی توانا، لەرێگەی هەردوو وێرکشۆپەکان و لەرێی ئەنجامدانی خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بە هاوکاری ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، بە ئامانجی بونیاتنانی توانا لەرێگەی "فێربوون بە ئەنجامدان". ئێمە هەروەها لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ تیمێکی پێکهاتوو لە سێ راوێژکاری دەرەکی پرِۆژەکە راوێژمان کرد، کە هەریەک لەوانە پسپۆرن لەبواری ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GDP) دا.

ئێمە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) نا-نەوتی هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا بە 27,381 ملیار دیناری عێراقی، یان 23,52 ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنین. خشتەی 1.S و شێوەی 1.S پوختەی وردەکاریەکانی بەهای زیادکراو لە هەموو کەرتەکاندا پیشان دەدەن.

گەورەترینی کەرتە ناحکومیەکان، لەرووی بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا، بریتی بوون لە بیناسازی (لەسەدا 18,7)، بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی (لەسەدا 9,1)، خاوەندارێتی موڵک و کرێ (لەسەدا 8,6)، و خزمەتگوزاریە جیاجیاکان (لەسەدا 7,3). بەشداریکردنی گەورەی بیناسازی بۆ بەهای زیادکراو لەگەڵ گەشەی خێرای ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراق تەبایە. هاوشێوەی هەر شوێنێکی تر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کارگێڕی گشتی رۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕێت لە ئابوریدا، و بە لەسەدا 27,6 ی بەهای زیادکراو ئەژمار دەکرێت. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین، بەهۆی بەکارهێنانی میتۆدی دەرامەت بۆ ئەم کەرتەم بەهای زیادکراو هەردوو کارپێکردنەکانی ئێستا و خەرجیەکانی وەبەرهێنانی ناوخۆ لەخۆ دەگرێت.


**خشتەی 1.S**

**بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق**

| کەرت | کۆدی ISIC Rev. 4 | بەهای زیادکراو (ملیار دیناری عێراقی) | بەهای زیادکراو (ملیار دۆلاری ئەمریکی) | ڕێژەی سەدی کۆی بەهای زیادکراو |
|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | A 01–03 | 840,1 | 0,72 | 3,1 |
| کانزاکردن | B 05–09 | 42,5 | 0,037 | 0,2 |
| پیشەسازی | C 10–33 | 1,681,5 | 1,44 | 6,1 |
| کارەبا | D 35 | 555,9 | 0,48 | 2,0 |
| ئاو | E 36–39 | لە کارگێڕی گشتیدا هاتووە | | |
| بیناسازی | F 41–43 | 5,130,8 | 4,41 | 18,7 |
| بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی | G 45–47 | 2,499 | 2,15 | 9,1 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | H 49–53 | 1,752,9 | 1,51 | 6,4 |
| خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە و خواردەمەنی | I 55–56 | 854,5 | 0,73 | 3,1 |
| زانیاری و گەیاندن (کۆمپانیا گەورەکان) | J 58–63 | 1,844,3 | 1,58 | 6,7 |
| کاروباری بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو | K 64–66 | 305,3 | 0,26 | 1,1 |
| خزمەتگوزاریە جیاجیاکان | L, M, N, P, Q, R, S | 1,999,6 | 1,72 | 7,3 |
| کارگێڕی گشتی | O 84 | 7,577,3 | 6,51 | 27,6 |
| موڵکداریێتی و بەکرێدان | | 2,355 | 2,02 | 8,6 |
| کۆی بەهای زیادکراو | | 27,439 | 23,57 | 100,0 |
| کۆ لەگەڵ:باجەکانی بەرهەم | | 0,223 | 0,0002 | |
| کەم: خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) | | 58,4 | 0,0502 | |
| تێکڕای بەرهەمی هەرێمی | | 27,381 | 23,52 | |

تێبینیەکان: کۆدەکانی ستوونی دووەم لە نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانگەی کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەشی ئاماردا هاتووە، *پۆلێنکردنی ستانداردی نێودەوڵەتی چالاکیە ئابووریەکان، پێداچوونەوەی 4*، 2008c. (FISIM) خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن = خزمەتگوزاریە نێوەندکاریەکانی دارایی کە بە ناراستەوخۆ پێوانە دەکرێت (لە بەشی یانزەهەمدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە).

**شێوەی 1.S**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق**




RAND *RR1405-S.1*

هەروەها تەبا لەگەڵ کۆی ناوچەکە، پشکی هەرێمی کوردستان - عێراق لە بەهای زیادکراوی کشتوکاڵ نزمە (لەسەدا 3,1). ئەمە هەمان ڕێژەیە کە بۆ ئەردەن لەساڵی 2012 دا ڕاپۆرتکراوە (لەسەدا 3,1) و هەتا رادەیەک نزمترە لە لوبنان (لەسەدا 6,1) و تورکیا (لەسەدا 8,8). کەرتی پیشەسازی لەسەدا 6,1 ی بەهای زیادکراو پێک دێنێت. ئەم پشکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەوەی لەوڵاتانی تری ناوچەکە ڕاپۆرتکراوە (لەسەدا 19 بۆ ئەردەن، لەسەدا 9 بۆ لوبنان، لەسەدا 17 بۆ تورکیا)، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بوار هەیە بۆ فراوانکردنی ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستان - عێراق وەک سەرچاوەیەک بۆ گەشەکردنی ئابوری ئاییندە.[1]

ئەم ڕاپۆرتە یەکەم هەوڵی گشتگیرانەیە بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق. بەهۆی سنوورداریەکانی دەستەبەربوونی داتا (و ئەو راستیەی کە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی کۆکردنەوەی داتای نوێی گشتگیرانە و ئابووریانە زۆر دوور بوو لە مەودای کاری پڕۆژەکە)، ئێمە ڕوو بەڕووی دوو بەرەنگاری بووینەوە لە ئەژمارکردنەکانی بەهای زیادکراودا بۆ هەندێک کەرت. یەکەم، خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو لەم ڕاپۆرتەدا بەزۆری پشت دەبەستێت بە لیستی هەرە ئەم دواییەی کۆمپانیاکان، کە لەساڵی 2009 دا ئامادەکراوە. بەرەچاوکردنی گەشەکردنی خێرای ئەم دواییە لە هەرێمدا، ئەگەری ئەوە زیاترە کە ژمارەی کۆمپانیاکان لە کەرتە جیاجیاکانی ئابوریدا لەنێوان ساڵانی 2009 و 2012 گەشەیان کردبێت، کە ڕەنگە ئەمە وامان لێبکات کەم نرخاندن بۆ بەهای زیادکراو بکەین. دووەم، چەندین کەرت هەن کە ژمارەیەکی کەم کۆمپانیایان هەیە بەڵام پشکێکی گەورەی بەهای زیادکراو پێک دێنن. لەنموونەکانی ئەمە، کاروباری بانک، تەلەکۆم و چاپەمەنی. ئێمە هەوڵماندا هەتا بتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا گەورەکان بگرین لەرێگەی چاوپێکەوتن و زانیاریە بەردەستە گشتیەکان، بەڵام نەمانتوانی زانیاری تەواو لەسەر هەموو ئەم کۆمپانیا گەورانە بەدەست بێنین.

لەئاییندەدا، خەملاندنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) باشتر دەکرێن بە دانانی کۆمەڵێک ڕێکاری تەریب و ستاندارد کراو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر بەهای زیادکراو لە هەموو کەرتەکانەوە. بڕبڕەی پشتی ئەم ڕێکارانە پێکدێت لە جێبەجێکردنی ئاماری دامەزراوەکان. باشترین ڕێگە هەر چەند ساڵ جارێک ئەنجامدانی ئاماری دامەزراوەکانە (ساڵی بنەڕەتیی). بە باش دەزانرێت لەماوەی ساڵانی

[1] داتاکانی ئەردەن، لوبنان، و تورکیا لە بانکی جیهانی (2015) وەرگیراوە.

نێواندا، زانیاری سنوردار لەسەر داهاتەکان و دامەزراندن لە کۆمپانیا قەبارە گەورە و مامناوەندیەکانەوە بژمێررێت و کۆبکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو کۆمپانیانەی گەورەترین پشکی بەهای زیادکراو پێک دێنن بە تەواوی خراونەتەروو. هەروەها رەنگە کۆمەڵێکی لاوەکی لە کۆمپانیاکان لەماوەی ساڵانی نێواندا بەتەواوی روپێو کرابن. پەیرەوکردنی سیستمێکی لەو جۆرە هەروەها کاری نوێکردنەوەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لەسەر بنەمایەکی ساڵانە و سیستماتیکی ئاسانتر دەکات.

## سوپاس و پێزان

ئێمە سوپاسگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانین بۆ پشتیوانی کردنیان لەم توێژینەوەیە. هەروەها ئێمە سوودێکی زۆرمان لەو کاردانەوە و پشتیوانیە بینیوە کە لە چەندین کاربەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، ئێمە بە تایبەتی خۆمان بە قەرزارباری جەنابی د. عەلی سیندی، وەزیری پلاندانان؛ بەڕێز سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)؛ بەڕیز زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی؛ بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان؛ و د. جەمال ئەمین، راوێژکاری باڵا، وەزارەتی پلاندانان دەزانین.

هەروەها سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ ستافی کارامە و لەخۆبوردووی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، کە هەوڵی بێوچانیان داوە بۆ سەرخستنی یەکەم هەوڵی گشتگیرانە بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) هەرێمی کوردستان—عێراق. بەتایبەتی، دەمانەوێت سوپاسی بەڕێز موراد زەینەڵ ئەحمەد، بەڕێز عەبدولخالق محەمەد مستەفا، بەڕێز محەمەد سابیر عومەر، بەڕێز دلاوەر جەلیل ئەحمەد، خاتوو هاجەر، خانم تارا عەبدولغەنی خەلیل، خانم باسمە حەننا شابۆ، خانم فاتمە عومەر عەلی، بەڕێز بەشدار ئەیوب کەریم، بەڕێز سۆران حەبیب، و بەڕێز سۆران فرەنجی.

هەروهها رێزو پێزانینمان هەیە بۆ هەوڵەکانی خانم ژین سەنعان ئەمین ئەلموختار، بەڕێز هێرش عەلی حەسەن، و بەڕێز ئاوات مستەفا.

هەروەها پێزانینمان هەیە بۆ پانێڵێکی دەرەکی پسپۆران لە بواری دەرامەتی نیشتیمانی، لەوانە بەڕێز پیتەر گاردینەر، بەڕێز رۆجەر جولیۆن، و بەڕێز ڤێیت ڤوو کوانگ، بۆ راوێژیان دەربارەی ئاراستەکانی شێوازناسی بۆ ئەژمارکردنەکانی GRP. هەروەها سوپاسی دوو کەسی نەناسراو دەکەین بۆ سەرنجە بایەخدارەکانیان.

ئێمە لە رەند لە رێنمایی و پشتیوانی یەکەی کرێکار و دانیشتووان سوود وەردەگرین هەروەها پێزانینمان هەیە بۆ خاتوو رۆبین مێیلی، بەڕێوەبەری بەرنامە نێودەوڵەتیەکان، کە هەماهەنگی کۆمەڵەی توێژینەوەکانی رەندی کرد.

# پێشەکی

## پێشینە و مەبەستی پڕۆژە

ئاماری گشتگیر و جێ متمانە گرنگە بۆ دارِشتنی سیاسەت لە هەر هەرێم یان وڵاتێکدا. ئامارەکان ڕێخۆش دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە گرنگەکان، چاودێریکردنی بەرەوپێشچوونەکانی سیاسەت و پرۆژەکانی ئێستا و پلاندانان بۆ پەرەپێدان لە داهاتوودا. لە هەمووشی گرنگتر، ئامارەکان بناغەی پلاندانانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە لە زۆر بواردا دادەڕێژن. حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بەهۆی نەبوونی ئەو جۆرە ئامارانە ئیفلیج بووە لەکاتێکدا بەرەو ئاشتی و خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت، بۆیە هەڵسا بە بانگهێشتکردنی دەزگای ڕەند بۆ یاریدەدان لە دارِشتنی سیستمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستان—عێراق (KRI) (Abramzon et al., 2014; Anthony et al., 2015).


ئامانجی هەوڵەکانی رابردووی ڕەند دارِشتنی ستراتیژێکی سەرتاسەری بوو بۆ سیستمێکی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت و بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لەرێگەی جێبەجێکردنی روپێوێکی هێزی کار. ئێمە لەم راپۆرتەدا، پوختەی هەوڵەکانمان بۆ بەردەوامبوونی بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەخەینەروو، بە دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و شیکاری بۆ پشتیوانیکردن لە ئەژمارکردنی ساڵانەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، کە وەک نیشاندەرێکی گرنگ لەماوەی قۆناغی یەکەمی هەوڵەکانمان بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق پێشنیاری دەکەین. راپۆرتەکە خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012 دەکات (بە بەدەرکردنی سەرچاوە سروشتیەکان) بۆ ساڵی 2012. ئەم توێژینەوە هەرسێ پارێزگاکەی— هەولێر، سلێمانی، و دهۆک—ی گرتەوە. ئەژمارەکانمان کەرتی سەرچاوە سروشتیەکان بەدەر دەکات بەهۆی دەستەبەرنەبوونی داتا؛ لە بەشی پانزەدا، ئێمە پێشنیارەکانمان لەسەر جۆری ئەو داتایە خستەروو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆکردنەوەی دەبێت بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو لەم کەرتەوە.

## میتۆد

خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) لە چەمکدا یەکسانە بە خەمڵاندنی کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) ی هەرێمێک. پاش کارکردن لەسەر پێوانەسازی لەهەموو وڵاتدا و هاوشانی زۆربەی پراکتیزە نێودەوڵەتیەکان، ئێمە بە باشمان زانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق بخەمڵێنین بە بەکارهێنانی میتۆدی بەرهەم. میتۆدی بەرهەم خەمڵاندن بۆ کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) ئەنجام دەدات بە کۆکردنەوەی بەهای زیادکراوی گشتی بەپێی کۆمپانیاکان لە ئابووریدا، لەکاتێکدا بەهای سافی بەرهەمی تێچوونەکانی مەواد و خزمەتگوزاری بەکارهێنراو لە بەرهەمدا (کە بریتیە لە سافی تێچوونەکانی کاڵای مامناوەندی). بەهای کاڵا نێوەندکارەکان دەرهێنراوە بۆ بەدووربوون لە دووبارە ژماردن؛ کاڵا نێوەندکارەکان وەک بەهای زیادکراو بۆ *بەرهەمهێنەرانیان* دەژمێردرێن. شێوەی 1.1 چەمکی بەهای زیادکراوی گشتی روون دەکاتەوە.

یەکێک لە سوودە سەرەکیەکانی میتۆدی بەرهەم بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی خۆماڵی (GDP) هەرێمی ئەوەیە کە پێویست بوون بە داتا لە تەوژمی نێو-هەرێمیدا کەمدەکاتەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی

**شێوەی 1.1**
**روونکردنەوەی چەمکی بەهای زیادکراوی گشتی**




RAND *RR1405-1.1*

نمونەیی بەدەستهێنانی قورسە. بەشێوەیەکی بنەڕەتی، خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بەپێی ئاراستە سەرەکیەکانی تر،*میتۆدی دەرامەت* یان *میتۆدی خەرجی*، هەمان خەملاندنی کۆبەرهەمی ناوخۆی (GDP) هەرێمی بەدەست دێنێت.

میتۆدی بەرهەم پێویستی بە داتا هەیە لەسەر دوو کۆمەڵ: (١) بەرهەمی دانیشتوانی هەرێم، و (٢) بەکاربردنی ناوەندیی دانیشتوان. پاشان کۆی بەهای زیادکراو هەژماردەکرێت لەڕێگەی لێدەرکردنی دووەم لە یەکەم. لە ئەژمارکردنی تێکڕای بەرهەمی هەرێمی (GRP) دا، وەک پێویست ئێمە هەموو بەها زیادکراوە گشتیەکان لە هەموو هەرێمدا کۆدەکەینەوە و، هەروەها سافی باجی بۆ زیاد دەکەین (باج بە لێدەرکردنی کۆمەکە داراییەکان) کە لە داتای بەرهەمی هەرێمیدا هاتووە.

پەرەگرافی داهاتوو ئاماژە بە مەسەلە چەمکیە سەرەکیەکان دەدات کە لەکاتی ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) دا سەرهەڵدەدەن.[1]

### بەرهەم

بەگشتی داتای بەرهەم کۆدەکرێتەوە بەپێی بەهای نرخی بنەڕەتیی کالا یان خزمەتگوزاری. نرخی بنەڕەتی بڕی وەرگیراو لەلایەن بەرهەمهێن بۆ یەک یەکەی کالا یان خزمەتگوزاری دەپێورێت، بەبێ لەخۆگرتنی باج یان کۆمەکە داراییەکان لەسەر بەرهەمەکان (وەک باجەکانی فرۆشتن یان بەهای زیادکراو). باجی بەرهەم و کۆمەکە داراییەکان پاشتر بە تێکڕا بۆ هەرێمەکە زیاد دەکرێنەوە. نرخە بنەڕەتیەکان *لەراستیدا*باج و کۆمەکە داراییەکان لەسەر *بەرهەم*، لەخۆدەگرێت وەک باجەکانی مووچە. بەڵام گفتوگۆکانمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و وەزارەتی دارایی ئاماژە بەوە دەدەن کە هەرێمی کوردستان - عێراق باجەکانی بەرهەم (باجەکانی بەهای زیادکراو، باجەکانی فرۆشتن، یان هەر باجێکی تر کە بەپێی بڕی بەرهەم دەگۆڕێت) ناسەپێنێت. بەم جۆرە، ئێمە ئەو باجانە وەردەگرین کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە وەک باجەکانی بەرهەم راپۆرتکراون، و لەکاتی ئەژمارکردنی بەرهەم بەدەریان ناکەین.

بەهای بەرهەم تێچووەکانی گواستنەوە لەخۆناگرێت کە کڕیار بەجیا داوێتی بە لایەنی سێیەم. ئەگەر بەهای کڕینی بەرهەمێک تێچووەکانی گواستنەوە لەخۆ بگرێت، ئەوکاتە بەهای تەواوی بەرهەمەکە و خزمەتگوزاریە پەیوەندیدارەکانی گواستنەوە وەک بەشێک لە دەرەنجامی بەرهەمەکە رەچاو دەکرێت. ئەگەر لەبری ئەمە، بەرهەمهێن کرێی گواستنەوەی دا بە لایەنێکی سێهەم، ئەو کاتە تێچووەکانی گواستنەوە بەشێک دەبن لە بەکاربردنی ناوەندی بەرهەمهێن. لەم حاڵەتەدا، داهات لە خزمەتگوزاری گواستنەوەوە لە دەرەنجامی دابینکەری خزمەتگوزاری گواستنەوەدا رەنگ دەداتەوە.

---

[1] پوختەکەمان لەسەر بنەمای Vu Quang (2009، 2010) دەبێت.

**بەکاربردنی ناوەندی**

بەکاربردنی ناوەندی وەک تێچووی هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریەکان کە لە بەرهەمهێنانی دەرەنجام لەماوەی ژمێریاریکردندا بەکارهێنراوە پێناسە دەکرێت. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی تێچووەکانی هەموو مەواد و خزمەتگوزاریەکان بۆ پیشەسازی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان دەگرێتەوە. ئەمە تێچووەکانی کرێکاری، کرێ گشتیەکانی سوود (بە بەدەرکردنی خزمەتگوزاریە ناوەندیە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن، خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM)، کە لە بەشی یانزەدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین) ناگرێتەوە. بەکاربردنی ناوەندی بەشێوەیەکی نمونەیی لە نرخەکانی کڕیاردا—کە نرخەکانی بازاڕ بە لێدەرکردنی باجە داشکێنراوەکان (وەک بەهای زیادکراو) دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان - عێراق باجی بەهای زیادکراوی نییە، ئێمە بەکاربردنی ناوەندی ئەژمار دەکەین بە بەکارهێنانی نرخە راپۆرتکراوەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کە ئێمە بە نرخەکانی کڕیاری لەقەڵەم دەدەین.

**بەکارهێنانی دەرامەت لەبری باجی بەهای زیادکراو لە بەرهەمدا**

هەروەک روونمان کردەوە، لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی لە دەرەنجام یەکسانە بە بەهای زیادکراوی گشتی. بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا قورسە بۆمان داتای ورد لەسەر هەرکام لە دەرەنجام یان بەکاربردنی ناوەندی بەدەست بێنین. ئەمە راستە، بۆ نمونە، سەبارەت بە کەرتەکانی کارگێڕی گشتی و دارایی. لەم حاڵەتانەدا، ئێمە لەبری بەکارهێنانی *میتۆدی دەرامەت*، کە داتای ئامار بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو پێکهاتە جیاوازانەی کە داهاتی دروستبوو لە بەرهەم پێک دێنن: قەرەبووی کارمەندان، پارەدانەکانی کرێ، سافی باجەکان لەسەر بەرهەم، بەکاربردنی سەرمایەی نەگوازراوە، و قازانجەکان (یان زیانەکان).

ئێمە بەهای زیادکراو بەپێی کەرت بە بەکارهێنانی میتۆدی پەیوەندیدار ئەژمار دەکەین، پاشان ژمارەکانی بەهای زیادکراوی کەرت کۆدەکەینەوە بۆ بەدەستهێنانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ تێکڕای هەرێم. لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا، ئێمە بەردەوام بووین لەسەر بونیاتنانی توانا، لەرێگەی هەردوو وێرکشۆپەکان (هەروەک لای خوارەوە باسکراوە) و لەرێی ئەنجامدانی خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) هاوکات لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، بە ئامانجی بونیاتنانی توانا لەرێگەی "فێربوون بە ئەنجامدان". ئێمە لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ تیمێکی پێکهاتوو لە سێ راوێژکاری دەرەکی پرۆژەکە راوێژمان کرد، کە هەریەک لەوان پسپۆڕن لەبواری ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی ناوخۆدا (GDP).

لەکاتێکدا کە ئەمە بەشێوەیەکی مەودا فراوان شرۆڤەی میتۆدەکەمان دەکات بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، ئێمە روو بەرووی بەرەنگاریە جیاوازەکان بووینەوە لە ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ هەریەک لە کەرتەکان، ئەمەش وای لێکردین ئەو خەمڵاندنانە بە پێویست بزانین کە لە بەشەکانی داهاتوودا تۆمارمان کردوون.

ئێمە داتای روپێوی ئێستامان بەکارهێنا (بۆ نمونە، لەبوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیەکان) یان داتای کارگێڕی (بۆ نمونە، لە کەرتی کارگێڕی گشتیدا) بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان و کات. سەبارەت بە چەند کەرتێک (بۆ نمونە، بیناسازی و خزمەتگوزاریە جیاجیاکان)، داتای لەو جۆرە بەردەست نەبوون، و ئێمەش لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) کارمان کرد بۆ ئەنجامدانی روپێوی نوێ و چاوپێکەوتن بۆ کۆکردنەوەی داتای کۆمپانیا دەربارەی داهاتەکان و تێچووەکان بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو. یەکێک لە سنوورداریەکانی ئەم میتۆدە سەبارەت بە هەندێک کەرت، ئەوەیە کە داتای بەردەست یان ئەوەتا هی پێش یان پاش ساڵی 2012 یە.[2] بەشە پەیوەندیدارەکانی راپۆرتەکە سەرنج بۆ سنورداریە دیاریکراوەکانی وابەستەی ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ هەریەک لە کەرتەکان رادەکێشێت. وێڕای ئەمە، ئێمە داتای کارگێڕیمان لە وەزارەت و دەزگا جیاجیاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەکارهێنا بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراوی کەرتی گشتی.

تێبینیەکمان هەیە دەربارەی میتۆدی گشتی. ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵی گشتگیرانەیە بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق. بەهۆکاری بەربەستەکانی بەردەستبوونی داتا (و لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی کۆکردنەوەی داتای ئابووریانەی گشتگیرانەی نوێ ئێجگار دوور بوو لە مەودای پرۆژەکەوە)، ئێمە دووچاری بەرەنگاری جۆراوجۆر بووین لە هەریەک لە کەرتەکاندا کە رەنگە کەم نرخاندن یان زێدە

[2] هەموو داتا کۆکردنەوە نوێکانی روپێوکردن لە ساڵی 2014 دا ئەنجامدرا و پێش دەستپێکردنی جەنگی مەودا-فراوان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی و کۆچی بەلێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لەهەموو ناوچەکانی عێراقەوە تەواوکرا. لەبەرئەوە پچڕانی ئەم فاکتەرانە کاریگەری لەسەر کاری مەیدانی روپێوکردن یان ئەو چالاکیە ئابووریانە نەبوو کە لە روپێوەکاندا تۆمار کراون. هەرچۆنێک بێت، بەرەنگاریە سیاسیەکان لەو کاتەدا بەردەوام بوون و پێدەچێت هەندێک کاریگەری خەفەکردنی لەسەر چالاکی ئابوری بەتێکڕا هەبووبێت، و رەنگە بووبێتە مایەی ئەوەی چالاکی و داهاتە تۆمارکراوەکانی خوارەوە لەژێر ئاستی ئاساییەوە بن.

نرخاندنی لە بەهای زیادکراودا بۆ دروست کردبین. ئێمە لە هەریەک لە بەشەکاندا، بەرەنگاریە دیاریکراوەکان کە وابەستەی ئەژمارکردنی بەهای زیادکراون بۆ هەریەک لەو کەرتانەی کە باس دەکرێن تۆماردەکەین. لە بەشی کۆتاییدا، هەندێک لە پێشنیارە گشتیەکان لەسەر ئەوەی چۆن بتوانرێت کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق بەشێوەیەکی زیاتر سیستماتیکی و میتۆدێکی رێکوپێک لە ئایندەدا ئەنجام بدرێت دەخەینە روو.

## بونیاتنانی توانا

لەماوەی ئەم پرۆژەیەدا، هەروەک قۆناغی پێشوو، ئێمە هەڵساین بە ئەنجامدانی چالاکی بەرفراوان بە مەبەستی بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). ئەمە لەرێگەی وێرکشۆپەکان و ئەنجامدانی خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بە هەماهەنگی ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەنجامدرا، بە ئامانجی بونیاتنانی توانا لەرێگەی "فێربوون بە ئەنجامدان". وردەکاریەکانی وێرکشۆپەکە (هەموو ئەوانەی لە نووسینگەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە هەولێر ئەنجامدران) لای خوارەوە دێن.

### وێرکشۆپی بڵاوکردنەوە

یەکەم وێرکشۆپ، کە لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی 2013 ئەنجامدرا، بریتی بوو لە راهێنانێکی تایبەتمەندانە بۆ گرووپی بڵاوکردنەوەی نوێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). ئەم گرووپە کە لە ئێستادا پێکهاتوون لە پێنج ئەندام، بەرپرسن لە وەرگرتنی راپۆرتەکان و کارەکانی تری بەشەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) (بە لەخۆگرتنی خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)) و ئامادەکردنیان بۆ بڵاوکردنەوەیەکی مەودا فراوانتر لەرێگەی بڵاوکراوە رۆژنامەگەریەکان و میتۆدەکانی ترەوە لەسەر وێبسایتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و بە شێوەی چاپکراو. گرووپەکە هەر پێشتر لەلایەن سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان UNFP راهێنانی وەرگرتووە. هەروەها چەندین کارمەندی تری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە هەمان شێوە بەشداریان کردووە لە کایەیەکی راهێنان یان زیاتر.

کایەکانی وێرکشۆپی رەند بەجۆرێک پەرەیان پێدراوە کە بینە تەواوکەری ئەو خولی راهێنانانەی هەر پێشتر ئەنجامدراون و بۆ بەشدارییپێکردنی ستافەکەیە لە مەشقەکاندا. کایەکان لەماوەی سێ سەردان کە کاتەکانیان نزیک بوون لەیەکتریەوە لەلایەن ئەندامانی تیمەکەی رەندەوە ئەنجامدران. ماوەی نێوان کایەکان کاری ئەنجامدانی مەشقی نێوان ماوەی کایەکانی ئاسانکرد.

ئەم بابەتانەی لای خوارەوە باسکران:

- مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئامارە نیشتیمانی و هەرێمیەکان
- رێگاکانی ناسینەوەی جەماوەرە سەرەکیەکان
- رێگاکانی ئاراستەکردنی زانیاری بۆ جەماوەرە جیاوازەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانە
- چۆنێتی پەرەپێدانی بڵاوکراوەی رۆژنامەگەری و پوختەی سیاسەت بەشێوەیەکی کاریگەرانە
- جەماوەری گشتی لە بەڵگەنامە نووسراوەکاندا
- بەکارهێنانی ئامرازی بینراو لە بەڵگەنامە نووسراوەکاندا
- جەماوەری گشتی لە نمایشەکاندا
- دڵنیایی جۆریی بڵاوکردنەوە
- هۆیەکانی بڵاوکردنەوە

### وێرکشۆپی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)

وێرکشۆپی دووەم لەلایەن رەند لە هەفتەی دووەمی کانونی یەکەمی 2013 ئەنجامدرا، ئەمەش دوو رۆژی خایاند. تیمی رەند لەم وێرکشۆپەدا تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی میتۆدە جیاجیاکانی پێوانەکاری کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) خستەروو، پاشان تەرکیزی کردە سەر میتۆدە دیاریکراوە پێویستەکان بۆ خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) لەرێگەی میتۆدی بەرهەمەوە. ئەم بابەتانەی لای خوارەوە باسکران:

- چەمک و پێناسەکان
- پێوانەکاری کۆی بەرهەم لە نرخە بنەڕەتیەکاندا

- پێوانەکاری بەکاربردنی ناوەندی لە نرخەکانی کڕیاردا
- چارەسەرکردنی باج، کۆمەکە داراییەکان، و تێچووەکانی گواستنەوە
- بەکارهێنانی هەڵبژاردەی میتۆدی دەرامەت بۆ هەندێک کەرتی دیاریکراو
- خەملاندنی بەهای زیادکراو و کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)
- چارەسەرکردنی کۆمپانیا نێو-هەرێمیەکان
- هەڵئاوسان، نیشاندەرەکانی نرخ و کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) راستەقینە
- سەرچاوەکانی داتا بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP).

هەروەها تیمی رەند ئەو بنەمایانەیان روونکردەوە کە باسکران، ئەمەش بە دەستپێکردن بە ئەژمارکردنەکانی بەهای زیادکراوی بەرایی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزاریە داراییەکان، کارەبا، و بیناسازیەوە. نمایشەکە جەختی کردەوە لەسەر سەرچاوەکانی داتا، ئەو بەرەنگاریانەی لەرێدابوون لە خەملاندنی بەهای زیادکراو، و میتۆدەکانی بەرەو رووبوونەوەی ئەم بەرەنگاریانە.

لە مانگی ئازاری 2014، تیمی راند بەدواداچوونێکی کرد بۆ خولی راهێنانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بەرایی بە پێداچوونەوە بە دیاردە سەرەکیەکانی خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) و میتۆدەکانی پێشکەشکردن، سەرچاوەکانی داتا، و ئەنجامە بەراییەکان لە کەرتە جیاجیاکانەوە.

**وێرکشۆپی روپێوکردن**

روپێوکردنێکی دوو رۆژی بە پێشەنگی رەند لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە هەفتەی یەکەمی شوباتی 2014 دا ئەنجامدرا بۆ پێداچوونەوە بە رەشنووسەکانی پرسیارنامەکانی روپێوی بۆ بیناسازی، گواستنەوە/کۆگاکردن، و خزمەتگوزاریەکانی تر و بۆ گفتوگۆکردن لەسەر رێکارەکانی سامپڵین و بەکارهێنانی ئەو داتایەی بڕیارە کۆبکرێتەوە. سەرباری ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە نووسینگەی ناوەندیەوە، دوو کارمەندی باڵای روپێو لە هەریەک لە نووسینگەکانی سێ پارێزگاکەوە ئامادەی بوو. گفتوگۆکردنی وێرکشۆپەکە بووە مایەی هەموارکردن لە پرسیارنامەکەدا و یارمەتیدەر بوو لە پلاندانان بۆ کاری مەیدانی.

## رێکخستنی ئەم راپۆرتە

لە پاشماوەی ئەم راپۆرتەدا، خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو بەپێی کەرت دەخەینە روو، کە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیە سەرەکیەکانی پێوانەسازی هەموو چالاکیە ئابووریەکان پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیەکان (ISIC) کۆدەکانی پێداچوونەوەی 4 (نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانگەی کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەشی ئامار، 2008c) پۆلێنکراوە:[3]

- بەشی دووەم: کشتوکاڵ (A)
- بەشی سێهەم: کانزاکردن (B)
- بەشی چوارەم: پیشەسازی (C)
- بەشی پێنجەم: کارەبا (D)
- بەشی شەشەم: بیناسازی (F)
- بەشی حەوتەم: بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی (G)
- بەشی هەشتەم: گواستنەوە و کۆگاکردن (H)
- بەشی نۆیەم: خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە و خواردەمەنی (I)
- بەشی دەیەم: زانیاری و گەیاندن (J)
- بەشی یانزەهەم: کاروباری بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو (K)
- بەشی دوانزەیەم: خزمەتگوزاریە جیاجیاکان (L, M, N, P, Q, R, S)

---

[3] ئێمە بەهایەکی زیادکراوی خەملێنراو بۆ چالاکیەکانی ئاوی خواردنەوە، ئاوەڕۆ، بەڕێوەبردنی خاشاک، و چارەسەری (بڕگەی E) دەستەبەر ناکەین، لەبەرئەوەی ئەمانە لە بڕگەی O (کارگێڕی گشتی و بەرگری) دا هاتوون.

- بەشی سیانزەیەم: کارگێڕی گشتی و بەرگری (O)
- بەشی چواردەیەم: خێزانەکان (T).

بەشی پانزەیەم بە پوختەیەک دەربارەی خەمڵاندنەکانمان و پێشنیارەکان بۆ پراکتیزەی ئاینده لە کۆکردنەوەی داتا و خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ دێنین، لەوانە کەرتی سەرچاوە سروشتیەکان، کە بەشێک نییە لە ئەژمارکردنی ئێستا. پاشکۆکانی A تا E وردەکاری زیاتر دەربارەی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، کارەبا، بازرگانی، بانک/دڵنیایی/ئاڵوگۆڕی دراو یەک لەدوای یەک دەستەبەر دەکەن. پاشکۆی F میتۆدەکانی سامپڵین پێشکەش دەکات و شرۆڤەی ئەو پرسیارنامانە دەکات کە بۆ روپێوکردنە نوێکان بەکارهێنراون.

پاشکۆی G لە بەڵگەنامەیەکی سەرهێڵی سەربەخۆدا پرسیارنامەکانی "خزمەتگوزاریەکانی تر" و روپێوەکانی بیناسازی پێشکەش دەکات، و پاشکۆی H ئەو نمایشانە پێشکەش دەکات کە لەکاتی وێرکشۆپەکانی بونیاتنانی توانا خراونەتە روو.

# کشتوکاڵ

ئەم بەشە خەمڵاندن پێشکەش دەکات لەسەر بەهای زیادکراوی کەرتی کشتوکاڵ، لەسەر بنەمای ئاماری کشتوکاڵی و روپێوێک کە دواتر دەستەی ئامار لە ٢٠١١-٢٠١٢ ئەنجامیدا.

## میتۆدەکان

وەزارەتی کشتوکاڵ (MoA) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لەماوەی زستانی 2011 و هاوینی 2012 دا لیستکردنێکی ئاماری کشتوکاڵیان لەسەر ئاستی جوتیاران لەچوارچێوەی گوندەکان، ناحیەکان، قەزاکان، یان پارێزگاکان ئەنجامدا. ئەم لیستە ئاماریە هەموو جوتیاران و رووبەرە چێنراوەکانیانی بەپێی بەروبووم لەچوارچێوەی گوندی سەردانکراودا تۆمارکرد. ئەم لیستکردنە سەرچاوەی هەرە متمانەپێکراوی داتایە دەربارەی زەوی چێنراو و وەک چوارچێوەی سامپڵین بەکارهێنرا بۆ ئەنجامدانی روپێوە کشتوکاڵیەکان.

هەموو داتاکان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) سامپڵکران، کۆکرانەوە و چارەسەرکران. ئێمە راپۆرتەکان دەربارەی بەرهەمی کشتوکاڵی، لیستکردنەکان لەسەر ئاستی جوتیارمان لە ئامار و داتاکانی روپێوەوە وەرگرت. ئێمە داتاکانمان لە لیستکردنی ئامار و روپێوەکانەوە یەکخست بۆ خەمڵاندنی بەرهەم و بەهای زیادکراو لەسەر ئاستەکانی قەزا و پارێزگا. هەروەها خەمڵاندنەکانمان دەربارەی بەرهەم لەگەڵ ئەوانەدا بەراورد کرد کە لە راپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دا هاتبوون.

کاری مەیدانی روپێوەکان لەنێوان تشرینی دووەمی ٢٠١١ و مایسی ٢٠١٢ ئەنجامدران. ئاماری کشتوکاڵی بۆ راکێشانی سامپڵەکان ئەنجامدرا. ئەو ستراتیژەی لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بەکارهێنرا ئەوە بوو لەسەدا 10 ی گوندەکان لە ناحیەیەکدا، و دوو جوتیار لە هەر گوندێکدا، لەسەر بنەمای لیستکردنی ئامار دەسنیشان بکرێن. زانیاری کۆکراوە بڕشت، نرخەکان، خەرجیەکان، و

**خشتەی 1.2**
**بەروبوومە سەرەکیەکان، بەپێی وەرز**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | **زستان** | | |
| گەنم | جۆ | نۆک | نیسک | سەوزەوات |
| | | **هاوین** | | |
| برنج | تەماتە | پۆڵکە | فستق (عەلی بابا) | ترۆزی |
| گوڵەبەڕۆژە | بامێ | کولەکەشامی | بیبەری سەوز | |
| کونجی | باینجان | شووتی | لۆکە | |
| بەزالیای سەوز | خەیار | پەتاتە | پیاز | |
| گەنمەشامی | فاسۆلیای تەڕ | کاڵەک | توتن | |

سەرچاوە: روپێوی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی کێڵگە 2012/2011.

رووبەری چێنراو بۆ هەر جۆرێک لە بەروبوومەکانی گرتەوە. خشتەی 1.2 پێنج بەروبووم کە بۆ زستان تۆمار کرابوون و 21 بەروبوومیش کە بۆ هاوین تۆمارکرابوون پێشکەش دەکات. ئەم 26 جۆرەی بەروبووم بریتین لە بەرهەمە کشتوکاڵیە سەرەکیەکان کە لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا دەچێنرێت.

خشتەی 2.2 ژمارەی گوندەکان و جوتیاران لە روپێو و ئامارەکەدا پێشکەش دەکات. لە ئامارەکەدا، لەسەدا 19 ی جوتیاران لە پارێزگای دهۆک، لەسەدا 24 لە پارێزگای هەولێر و لەسەدا 57 لە پارێزگای سلێمانی بوون. روپێوەکان رێژەیەکی سەدی بەرزی جوتیاران لە دهۆک و رێژەیەکی سەدی نزم لە سلێمانی تێدابوو.

سەبارەت بە هەریەک لە بەروبومەکان و هەر پارێزگایەک، ئێمە کۆی بەرهەممان بە لێدانی کۆی بەرهەم کەرەت نرخی پەیوەندیدار بە کیلۆگرام خەملاند. نرخە هاوینەکان لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بەدەست هاتن. داتاکانی نرخی زستانە راستەوخۆ بەردەست نەبوون، بۆیە ئێمە نزیکترین داتای نرخی بەردەستمان لە فایلەکانی نیشاندەری نرخی بەکاربەری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە (KRSO) بەکارهێنا. ئێمە بەکاربردنی ناوەندیمان وەک کۆی تێچووەکانی ئەم بابەتانەی لای خوارەوە ئەژمارکرد، کە بۆ کۆی رووبەری چێنراو راپۆرتکرابوون:

- کێڵان
- تۆو
- ئاودان
- قەڵاچۆکردنی گژوگیای زیانبەخش
- پەیینکردن
- قەڵاچۆکرنی مێروو
- دروێنە
- خەرجیەکانی تر
- گواستنەوە.

**خشتەی 2.2**
**ژمارەی جوتیارانی روپێوکراو، بەپێی وەرز، 2012/2011**

| وەرز | پارێزگا | داتا | گوندەکان | جوتیاران |
|---|---|---|---|---|
| زستان | دهۆک | لیستکردنی ئامار | 968 | 13,648 |
| | | روپێو | 104 | 157 |
| | هەولێر | لیستکردنی روپێو | | 19,962 |
| | | روپێو | 108 | 164 |
| | سلێمانی | لیستکردنی روپێو | 2,483 | 48,681 |
| | | روپێو | 453 | 528 |
| هاوین | دهۆک | لیستکردنی روپێو | 598 | 6,566 |
| | | روپێو | 598 | 1,527 |
| | هەولێر | لیستکردنی روپێو | 510 | 6,046 |
| | | روپێو | 510 | 1,125 |
| | سلێمانی | لیستکردنی روپێو | 1,092 | 12,004 |
| | | روپێو | 942 | 1,285 |

سەرچاوە: ئەژمارکردنەکانی نووسەران لەسەر بنەمای روپێوکردنی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی کێڵگە بۆ ساڵانی 2012/2011 و لیستەکانی ئاماری کشتوکاڵی ساڵانی 2012/2011، ئەنجام دراوە.

## ئەنجامەکان

خشتەی ٢,٣ خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراو پێشکەش دەکات بەپێی وەرز بۆ هەر پارێزگایەک، کە بەدەستهاتوون لەڕێگەی لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندیی لە کۆی بەرهەم. پاشکۆی A وردەکاری زیاتر بەپێی قەزا، پارێزگا، و وەرز دەستەبەر دەکات. بەهای زیادکراو بەپێی کشتوکاڵ بۆ ماوەی 2012⁄2011 بریتی بوو لە 840,1 ملیار دیناری عێراقی، یان 721,7 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو.[1]

## گفتوگۆ

ئێمە لە خەمڵاندنی بەهای زیادکراوی کشتوکاڵدا رووبەرووی چەندین بەرەنگاری بووینەوە، کە لە پاشکۆی A دا بە وردتر باسی لێوە دەکرێت بەڵام لێرەدا بە خستنەرووی ستراتیژی خۆمان بۆ روو بەرووبوونەوەیان کورتی دەکەینەوە:

- بەهاکانی روپێوی هەڵئاوساو لەسەر بنەمای ستراتیژی سامپڵینی راپۆرتکراو بووە مایەی زێدەخەمڵاندنێکی گەورەی کۆی بڕی زەوی کێڵراو کاتێک بە کۆیانە بەراورد دەکرێت کە راستەوخۆ لە ئامارەکەوە بەدەستهاتووە. لەبەرئەوە، ئێمە بڕشتەکانمان لە روپێوەکەوە تێکرد لەسەر بنەمای زەوی کێڵراوی راپۆرتکراو لە روپێوەکەدا و کۆی بڕی زەوی کێڵراو کە لە ئامارەکەدا بەپێی قەزا راپۆرتکراوە. بەم رێگایە، کۆیەکانمان تەبان لەگەڵ ئەوانەی ئامارەکەدا، کە بە بۆچوونی ئێمە وردبینکراون.
- لە هەندێک حاڵەتدا، ئامارەکە راپۆرتیکرد کە هەندێک بەروبوومی دیاریکراو لە هەندێک قەزا چێنرابوون، بەڵام داتای روپێو بۆ ئەو بەروبوومانە لەو قەزایانە بەردەست نەبوون. بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بڕشت بۆ هەر دۆنمێکمان بۆ ئەو رووبەرە چێنراوانە گێڕایەوە کە لە ئامارەکەدا ئاماژەیان پێدرابوو سەبارەت بەو شوێنانەی روپێوەکە کە لەوە دەچوو داتاکانیان نوقسان بێت، ئەمەش لەسەر بنەمای تێکڕای بڕشتی هەمان جۆری بەروبووم لەنزمترین ئاستی کۆکردنەوەی بەردەست.
- هەروەک لای سەروو باسکرا، نرخەکانی بەروبومی زستانە بەردەست نەبوون. لەبەرئەوە، ئێمە نرخە پەیوەندیدارەکانمان کارپێکرد کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە ئەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر (CPI) کۆکرابوونەوە.[2]

وەک پشکنینێک بۆ داتاکە، هەروەها ئێمە هەڵسەنگاندنمان بۆ خەمڵاندنەکانمان کرد بۆ بڕشتی کشتوکاڵی و بەهای زیادکراو بەراورد بە چەند وڵاتێک لە ناوچەکەدا، لەوانە عێراق بەگشتی. تێکڕای ی ڕشت بۆ هەر هێکتارێک زەوی کە هەرێمی کوردستان - عێراق سەرووی ی ڕشتە بۆ هەموو عێراق سەبارەت بە زۆربەی


**خشتەی 3.2**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی کشتوکاڵ**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 390,4 | 476,2 | 364,9 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 145,5 | 138,8 | 107,2 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (2.1) | 244,9 | 337,5 | 257,7 |
| کۆی گشتی | 840,1 | | |

[1] هەموو بەهاکانی دیناری عێراقی گۆڕان بۆ دۆلاری ئەمریکی بە بەکارهێنانی نرخی "کڕین" ی 1,164 دیناری عێراقی⁄دۆلاری ئەمریکی، هەروەک لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقی بۆ 2012 راپۆرتکراوە (بانکی ناوەندی عێراقی، بەروار نییە).

[2] نرخەکانی "ناوەندی هەولێر"، ناوەندی شاری پایتەخت، لە کانونی دووەمی 2012، لە فایلەکانی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر (CPI) یەوە بەکارهێنران. لەبەرئەوەی رادەی متمانەبوون بە داتای نرخەکان کە لە قەزا جیاجیاکانەوە کۆکرابوونەوە مایەی دڵنیایی نەبوو، ئەم قەزا پڕ دانیشتووانەمان هەڵبژارد بۆ ئەژمارکردنەکانمان. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە پرۆسەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی رێکارەکاندایە بۆ ئەژمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر (CPI)، و لەوە دەچێت داتای نرخی زیاتر جێ متمانە و سەلمێنراو بۆ ئەژمارکردنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ئاییندە بەردەست بێت.

**شێوەی 1.2**
**بڕشتی بەروبوومە سەرەکیەکانی وڵاتانی دراوسێ**




سەرچاوە: ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، FAOSTAT، 2013.
**RAND** *RR1405-2.1*

بەروبوومە سەرەکیەکان (شێوەی 1.2). بڕشتی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ هەر هێکتارێک هاوشێوەیە لەگەڵ بڕشتی تورکیا بۆ خەیار و باینجان و لەژێر بڕشتی تورکیاوەیە سەبارەت بە بەروبوومە سەرەکیەکانی تر. بەهای زیادکراوی بەروبوومەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق دەگاتە 840,4 ملیار دیناری عێراقی (722 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)، کە دەکاتە لەسەدا 3,1 ی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP). ئەم ژمارەیە هاوشێوەی بەهای زیادکراوی بەروبومەکانە لە ئەردەن (بڕوانە خشتەی 4.2).[3]

**خشتەی 4.2**
**بەهای زیادکراوی بەروبووم وەک ڕێژەی سەدی کۆبەرهەمی هەرێمی/کۆبەرهەمی ناوخۆ (GRP/GDP)**

| وڵات | کۆی کۆبەرهەمی هەرێمی/ کۆبەرهەمی ناوخۆ (GRP/GDP) (ملیۆن دۆلار) | بەهای زیادکراوی بەروبووم (ملیۆن دۆلار) | بەروبووم وەک ڕێژەی سەدی کۆبەرهەمی هەرێمی/کۆبەرهەمی ناوخۆ (GRP/GDP) |
|---|---|---|---|
| ئەردەن | 28,8 | 808 | 2,8 |
| هەرێمی کوردستان - عێراق | 23,6 | 722 | 3,1 |

سەرچاوەکانی داتای ئەردەن: بانکی جیهانی، "نرخەکانی بازاڕ لە کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) (نرخی ئێستای دۆلاری ئەمریکی)"، 2016؛ ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، 2013.

لەسەر بنەمای ئەم پراکتیزەی پێوانەسازیە، بەهای زیادکراوی خەمڵێنراوی کشتوکاڵ پێدەچێت گونجاو بێت.

[3] داتای پێشکەشکراو سەبارەت بە ئەردەن لە خشتەی 2,4 دا تەنها بەهای بەروبوومەکان دەگرێتەوە. ئەگەر بەهای تەواوی کشتوکاڵ (کە دارستان، ڕاوکردن، ڕاوەماسی، بەرهەمی دانەوێڵە، و بەرهەمی ئاژەڵ دەگرێتەوە) لە خۆ بگرێت، پشکی کشتوکاڵ لە بەهای زیادکراوی ئەردەن بریتیە لە لەسەدا 3,1.

## کانزاکردن

ئەم بەشە تایبەتە بە بەهای زیادکراو لە کەرتی کانزاکردنەوە، لەسەر بنەمای راپۆرتێک کە پوختەی روپێوێکە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ساڵی 2009 ئەنجامدراوە (CSO, 2010). هەروەک لە بەشی یەکەمدا سەرنجدرا، ئەم خەمڵاندنانە کانزاکردن یان سەرچاوە سروشتیەکانی تر ناگرێتەوە.

### میتۆدەکان

راپۆرتەکە ئاماژەیدا بە هەبوونی 251 کانگا کە 2,129 کرێکار کاری تێدا دەکات. خشتەی 1.3 ژمارەی کانگاکان و کرێکاران لە هەریەک لە پارێزگاکان پیشان دەدات.

سەبارەت بە کۆی بەرهەم، هەڵساین بە کۆکردنەوەی بەها دەستەبەرکراوەکان بۆ بەرهەمی شمەکی و ناشمەکی. بەرهەمی شمەکی نزیکەی هەموو بەهای کۆی بەرهەمی گرتەوە؛ بەرهەمی ناشمەکی تەنها لە هەولێر راپۆرتکرا و کرێی وەرگیراوی باڵەخانەکانی گرتەوە، هەروەها خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە کە بۆ لایەنانی سێهەم دەستەبەر کراون. سەبارەت بە بەکاربردنی ناوەندی، ئێمە بەهای ئەو دابینکردنانەمان بەکارهێنا کە لە پیشەسازیدا بەکارهێنراون؛ ئەمانەش سوتەمەنی، ئامرازەکان و وزە، هەروەها کەلوپەلەکانی تر تێهاتە خزمەتگوزاریەکان دەگرنەوە.

### ئەنجامەکان

خشتەی 2.3 خەمڵاندنی بەهای زیادکراو بۆ کانزاکردن دەخاتە روو، کە بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی لە کۆی بەرهەم بەدەستمان هێناوە. بەهای زیادکراوی کانزاکردن بە 42,5 ملیار دیناری عێراقی لە ساڵی 2012 (36,6 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) دەخەمڵێنرێت.

**خشتەی 1.3**
**ژمارەی کانگاکان و کرێکاران، 2009**

| پارێزگا | کانە بەردەکان | کرێکاران |
|---|---|---|
| هەولێر | 84 | 549 |
| سلێمانی | 70 | 698 |
| دهۆک | 97 | 882 |
| کۆی هەرێم | 251 | 2,129 |

سەرچاوە: CSO/KRSO ئەنجامەکانی گەڕان، کانگاکان و کانزاکردن بۆ کەرتی تایبەت، 2009.

**خشتەی 2.3**
**بەهای زیادکراوی کەرتی کانزاکردن**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 23,7 | 28,4 | 19,2 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 10,0 | 13,7 | 5,2 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 13,7 | 14,7 | 14,1 |
| کۆی گشتی | 42,5 | | |

## گفتوگۆ

خەملاندنەکانمان بۆ بەهای زیادکراو لە کەرتی کانزاکردندا لەسەر بنەمای داتای ساڵی 2009 ئەنجامدراوە. بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی خێرای گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەنێوان ساڵانی 2009 و 2012 دا، پێدەچێت کە کەرتی کانزاکردنیش بە هەمان شێوە لەم ماوەیەدا گەشەسەندنی بەخۆوە دیبێت. بۆیە خەملاندنەکانمان پێدەچێت بەکەم نرخاندنی بەهای زیادکراوی ئەم کەرتە بێت لە ساڵی 2012 دا.

## پیشەسازی

ئەم بەشە خەملاندنی بەهای زیادکراو لە کەرتی پیشەسازیەوە دەخاتەروو، لەسەر بنەمای ئەو روپێوەی ساڵی 2011 لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ئەنجامدراوە.

### میتۆدەکان

دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ئاماری 2009 ی بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی کۆمپانیا گەورە، مامناوەندی و بچووکەکانی پیشەسازی، بۆ ئەنجامدانی روپێوێک لە هەموو عێراقدا. کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) روپێو کران، و داتای روپێوەکە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) شیکردنەوەی بۆ کرا. هەموو کۆمپانیا گەورەکان (ئەوانەی 30 یان زیاتر کرێکاریان هەیە) و هەموو کۆمپانیا مامناوەندیەکان (ئەوانەی 10-29 کرێکاریان هەیە) لە روپێوەکەدا رووماڵکران؛ سەبارەت بەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا بچووکەکانیش (ئەوانەی 1-9 کرێکاریان هەیە)، سامپڵێکی هەڕەمەکی وەرگیرا، هەروەک لای خوارەوە بە وردی باسکراوە (CSO, 2012c). گفتوگۆی بەرایی لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەوەی دەرخست کە هەموو دامەزراوەکان کە سەرمایەیان زیاترە لە 100 ملیۆن دیناری عێراقی، بەبێ رەچاوکردنی قەبارەی کارمەند، دەشێت لە ئاماری کۆمپانیا گەورەکاندا رووماڵبکرێن. هەرچۆنێک بێت، راپۆرتێکی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ئاماژە بەوە دەکات کە پێوەری سەرمایەی جێگیر پاشتر لابرا (CSO, 2012a).

پێداچوونەوەی ئێمە بۆ راپۆرتەکانی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) و فایلەکانی داتا ئەوە دەگەیەنێت کە روپێوەکە پیشەسازیە سەرەکیەکانی پیشەسازی گرتۆتەوە. ئەم روپێوانە پرۆژەکانی بەگوێرەی کۆدەکانی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان، پێداچوونەوەی 4 لەئاستی چوار-کۆدیدا پۆلێنکردووە. کەرتی پیشەسازی 23 پۆلێنکراوی پیشەسازی بەرفراوان لەخۆدەگرێت (15-37). سەرنجی ئەوەماینداوە کە وادەردەکەوێت چوارچێوەی ئاماری 2009 کۆدەکانی پۆلێنکردنی پیشیسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان، پێداچوونەوەی 4 ی بەکارهێناوە، و روون نییە لەچ خاڵێکدا و بۆچی ئەمە پاشتر گۆڕراوە بە کۆدەکانی پۆلێنکردنی پیشیسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان، پێداچوونەوەی 3 ی پێشوو. هەرچۆنێک بێت، بۆ مەبەستەکانی ئێمە و بە رەچاوکردنی چەشنە بەرفراوانە پەیوەندیدارەکان کە بەکاری دێنین بۆ شیکردنەوەی بەهای زیادکراو، هیچ ناروونیەک لە کۆدکردندا نەبوو.

#### کۆمپانیا گەورە و مامناوەندیەکان

ئێمە داتای روپێومان لەسەر ئاستی-کۆمپانیا وەرگرت بۆ کۆمپانیا مامناوەندی و گەورەکان و بەهای زیادکراوی گشتیمان وەک کۆی بەرهەم بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی ئەژمارکرد، بە پەیرەوکردنی رێنمایی نەتەوە یەکگرتوەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانگەی کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەشی ئامار، 2008b)، وەک لای خوارەوە:

کۆی بەرهەم =
بەهای بارکردن/دەرکەوتن/فرۆشتنی کاڵا یان خزمەتگوزاریە بەرهەمهاتووەکان لەلایەن دامەزراوەکانەوە
+ بەهای بارکردن/دەرکەوتن/فرۆشتنی هەموو ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی کڕاون بۆ فرۆشتنەوە لە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراون
– کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراون
+ پسوولەکانی کاری پیشەسازی ئەنجامدراو یان خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان کە پێشکەش بە لایەنانی تر کراون
+ داهاتەکانی تر

\+ بەهای سەرمایەی نەگوازراوەی ئەژمێری خود
\+ گۆڕانکاری لە کاری-پەرەسەندوودا
\+ گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواوکراوەکان
– گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕراو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراوە

بەکاربردنی ناوەندی =
تێچووی مەوادی خاو و دابینکراوەکان جگە لە گاز، سوتەمەنی، و کارەبا
\+ تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو
\+ تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ
\+ کرێنەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن
\+ پارەدانەکانی بەکرێدان
– گۆڕانکاریەکان لە مەوجوداتی مەوادەکان، سوتەمەنی، و دابینکراوەکان

ئێمە هەڵساین بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانمان لەگەڵ راپۆرتەکانی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) کە بریتی بوو لە *راپۆرتێک دەربارەی کۆمپانیا پیشەسازیە گەورەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان 2011* (2012a) و *راپۆرتێک دەربارەی کۆمپانیا پیشەسازیە مامناوەندیەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان 2011* (2012b). ئێمە نەمانتوانی ئەوە ساغ بکەینەوە کە ژمارە راپۆرتکراوەکان نزیک بوون لەوەی ئەژمارمان کرد لەسەر بنەمای داتای ئاستی-کۆمپانیا.

#### کۆمپانیا بچووکەکان

هەروەها داتامان لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) وەرگرت لە روپێوی کۆمپانیا بچووکەکانەوە (CSO, 2012c). راپۆرتەکەی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) سەرنجی ئەوەیداوە کە چوارچێوەی ئاماری 2009 نوێکرایەوە بە سەردانکردنی کۆمپانیاکان بۆ لابردنی ئەوانەی داخراون، گۆڕانکاری لە چالاکیەکانیاندا ئەنجامدراوە، یان ئەدای چالاکی نا-پیشەسازی دەکەن، بەمەش کۆی کۆمپانیاکان بوو بە 14,772 کۆمپانیا. کۆمپانیاکان دابەشکران بەسەر 1,080 چیندا کە 72 چالاکی لە 15 پارێزگادا پێک دێنن. بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتی هەموو چالاکیەکان، هەتا پێنج کۆمپانیا لە هەر چالاکیەک بە سامپڵ وەرگیرا، ئەمەش سامپڵێکی پێکهاتوو لە 357 کۆمپانیای لێکەوتەوە. دواتر، میتۆدێکی هەڕەمەکی چینکراوی تاکە-قۆناغ بەکارهێنرا بۆ سامپڵینی پاشماوەی کۆمپانیاکان. بۆ ئەم قۆناغەی دووەم، 227 کۆمپانیا سامپڵکران، بە ئەگەری سامپڵین لە هەر چینێکدا رێژەیی بێت بۆ جیاوازی لە سیستمی دامەزراندنی کۆمپانیادا. لەبەرئەوە کۆی قەبارەی سامپڵ بوو بە 584 کۆمپانیا.

بەداخەوە، لەسەر بنەمای پەیوەندیەکانی ئێمە لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) و لەژێر رووناکی ئەو زانیاریانەی پێشکەشیان کردوە دەربارەی ژمارەی کۆمپانیا سامپڵکراوەکان لەهەر پیشەسازیەکدا، داتاکە لەوە نەدەچوو تەواو بێت، چونکە ئەو سامپڵانەی وەرگیران تەنها 400 کۆمپانیا بوو. نەمانتوانی لە فایلی داتاکەوە هاوئاهەنگی دانیشتووانی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان و کرێکارەکان بکەین لەگەڵ دانیشتووانی خەمڵێنراو هەروەک لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) راپۆرتکراوە. لەبەرئەوە، سەبارەت بە کۆمپانیا بچووکەکان، ئێمە بەشێوەیەکی تێکرا، پشتمان بەست بە بەها راپۆرتکراوەکانی بەرهەم و دابینکردنەکان کە راستەوخۆ لەراپۆرتی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بەناوی *راپۆرتێک دەربارەی کۆمپانیا پیشەسازیە بچووکەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان 2011* (2012c) هاتبوو.

#### ئەنجامەکان

خشتەی 1.4 ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان و کرێکاران لە هەر پۆلێنکراوێکی بەرفراوانی پیشەسازی بەپێی قەبارەی کۆمپانیا پیشان دەدات. کۆمپانیا بچووکەکان لەسەدا 75 ی دامەزراندن لەم کەرتەدا پێک دێنن. چوار گەورەترین پیشەسازی لەرووی کۆی ژمارەی کارمەندەوە بریتین لە خواردەمەنی، کانزا دروستکراوەکان، بەرهەمە کانزاییە ناکانزاکان، و پۆشاک.

خشتەی 2.4 خەمڵاندنی بەهای زیادکراو دەخاتە روو، کە بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی لە کۆی بەرهەم بەدەست هێنراوە. بەهای زیادکراو بەپێی پیشەسازی بە 1,681 تریلیۆن دیناری عێراقی (1,44 ملیاری دۆلاری ئەمریکی) دەخەمڵێنرێت. بەهاکانی کۆی بەرهەم کە بەشێوەیەکی رێژەیی نزمن

**خشتەی 1.4**
**ژمارەی خەملێنراوی کۆمپانیاکان و کرێکاران لە کەرتی پیشەسازیدا، 2011**

| ISIC کۆدی Revision 3 | پیشەسازی | گەورە | | مامناوەندی | | بچووک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمپانیاکان | کرێکاران | کۆمپانیاکان | کرێکاران | کۆمپانیاکان | کرێکاران |
| 15 | خواردەمەنی | 22 | 1529 | 46 | 697 | 1860 | 8489 |
| 17 | چنراوەکان | 3 | 259 | 2 | 39 | 54 | 118 |
| 18 | پۆشاک | | | | | 3463 | 5268 |
| 19 | چەرم | | | 1 | 7 | | |
| 20 | تەختە | | | 2 | 26 | 890 | 2493 |
| 21 | کاغەز | 1 | 30 | 1 | 17 | | |
| 22 | چاپەمەنی | 4 | 350 | 4 | 64 | 411 | 1180 |
| 23 | خەڵوز، سوتەمەنی نەوتی و ناوکی | 2 | 70 | 4 | 55 | | |
| 24 | لاستیک | 3 | 295 | 3 | 38 | | |
| 25 | بەرهەمە دروستکراوەکان لە نەوت و خەڵوز | 4 | 227 | 2 | 34 | 358 | 1581 |
| 26 | بەرهەمە کانزاییە ناکانزاکان | 33 | 3000 | 149 | 1881 | 473 | 3178 |
| 27 | ژەمەخۆراکی بنەڕەتی | 4 | 1352 | 1 | 26 | | |
| 28 | بەرهەمی کانزایی دروستکراو | 6 | 346 | 13 | 204 | 3035 | 8512 |
| 29 | ئامێرسازی | 1 | 114 | 3 | 36 | | |
| 31 | ئامێرسازی کارەبایی | 3 | 397 | 1 | 11 | | |
| 36 | جۆراوجۆر | 3 | 252 | 4 | 82 | 940 | 2363 |
| | کۆی هەرێم | 89 | 8221 | 236 | 3217 | 11484 | 33182 |

سەرچاوە: ژماردنی کۆمپانیا گەورە و مامناوەندیەکان لەسەر بنەمای ئەژمارەکانی نووسەرانە لەسەر بنەمای داتا سێتی ئاستی-کۆمپانیا. ژماردنی کۆمپانیا بچووکەکان لەسەر بنەمای دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) (2012c) ئەنجامدراوە.

**خشتەی 2.4**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی پیشەسازی**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 1204,0 | 1890,4 | 223,3 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 570,2 | 916,4 | 149,5 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 633,8 | 974,0 | 73,7 |
| کۆی گشتی | 1681,5 | | |

و بەهای زیادکراو بۆ دهۆک ڕەنگدانەوەی بچووکی ژمارەی کۆمپانیاکان لەم پارێزگایەدا، هەروەها تێکەڵەیەکی جیاوازی پیشەسازی/کۆمپانیا دەنوێنێت. بۆ نمونە، جیاواز لە دوو پارێزگاکەی تر، هیچ کۆمپانیایەکی قەبارە مامناوەندی یان گەورە لەبواری پیشەسازیەکانی ئامێرسازی یان ئامێری کارەباییدا نەبوو لە دهۆک. پاشکۆی B وردەکاری زیاتر لەسەر شێوازناسی و خەمڵاندنەکان بەپێی کۆدی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیەکان (ISIC) پێشکەش دەکات.

## گفتوگۆ

بەرەنگاری سەرەکی پەیوەست بە داتای کەرتی پیشەسازی (هەروەک کەرتەکانی تر) بریتیە لەوەی کە چوارچێوەی سامپڵین لەسەر بنەمای ئاماری 2009 یە. هەرچەندە راپۆرتەکانی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) سەرنجی ئەوەیداوە کە چوارچێوەکە نوێکراوەتەوە بۆ لابردنی کۆمپانیا بچووکەکان، هێشتا روون نییە داخۆ کۆمپانیا نوێکان—ئەوانەی پاش 2009 دەستیان پێکردووە—رووماڵکرابوون یان نا. وێرای ئەمە، وادەردەکەوێت ژمارەی کۆمپانیاکانی پیشەسازی لەساڵی 2009 و بەدواوە زیادی کردووە، ئەمەش گەشەکردنێکی تێکڕای بە هەرێمی کوردستان - عێراق بەخشیوە. لەکۆتایشدا، روپێوی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) لە 2011 دا ئەنجامدراوە. بۆیە لەوە دەچێت بەهای زیادکراوی خەملێنراو تا رادەیەک بەکەمزانینی بەهای زیادکراو بەپێی پیشەسازی کردبێت لە 2012 دا.

# کارەبا

ئەم بەشە خەمڵاندن پێشکەش دەکات لەسەر بەهای زیادکراوی کەرتی کارەبا لەسەر بنەمای داتا و زانیاری لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە. بۆیە بەم پێیە بەهای زیادکراوی کەرتی کارەبامان هەژمارکرد لە هەرێمی کوردستان - عێراق بە خەمڵاندنی (١) دابەشکردن لەلایەن وەزارەتی کارەباوە، (٢) موەلیدە گەورەکان، و (٣) موەلیدە بچووکەکانی کەرتی تایبەت.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەستەبەر کراوە، کارەبا لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ژمارەیەکی کە لە موەلیدە کارەبا گەورەکانەوە (ئەوانەی موڵکی کۆمپانیای ماس-ئەردەنن Mas-Jordan) و ژمارەیەکی زۆریش لە موەلیدە بچووکەکان کە لەسەر ئاستی خۆجێی کاردەکەن بەرهەم دێت. بڕێک کارەباش لە هەرێمەکانی تری عێراقەوە هاوردە دەکرێت. گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبای بەرهەمهاتوو لەلایەن موەلیدە گەورەکانەوە و کارەبای هاوردەکراو لەلایەن وەزارەتی کارەباوە (MoE) ئەنجام دەدرێت.[1]

## میتۆدەکان

### دابەشکردن لەلایەن وەزارەتی کارەبا

داتامان وەرگرت لەسەر داهات و خەرجیەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ ساڵی 2012. لەبەرئەوەی پێدەچێت داتای بەرهەم هەندێک سەرچاوەی بەدەر کردبێت (بەتایبەتی، سەبارەت بە پارەدانەکان لە حکومەتی ناوەندیەوە)، وامان هەڵبژارد کە خەمڵاندنی بەهای زیادکراو بە بەکارهێنانی میتۆدی دەرامەت ئەنجام بدەین، بە کۆکردنەوەی خەرجیە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەسەر کار و سەرمایە. لەسە بنەمای گفتوگۆکانمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، ئەو خەرجیانەمان لەخۆ گرت کە نیشانەکراون بە "خەرجیەکانی کارمەندان"، "سوودە کۆمەڵایەتیەکان"، "کۆمەکە داراییەکان" و "خەرجیەکانی تر" (کە پەیوەندیدارن بە سوودەکانی کارمەندان)، و خەرجیەکانی سەرمایە نادارایییەکان، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرمایەی بەکاربردوون. مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەو خەرجیانەی کە وەک "کاڵا و خزمەتگوزاریەکان" تێکراون وەک بەکاربردنی ناوەندی بوو و بەوپێیە بەدەرمان کردن.

### موەلیدە گەورەکان

ئێمە داتامان وەرگرت دەربارەی بەهای کارەبای کڕراو لەلایەن وەزارەتی کارەبا لە حەوت موەلیدەی گەورەوە لە هەرێمی کوردستانی - عێراق. ئەم داتایانە کڕینە راستەقینەکانی ساڵی 2012 و هەروەها بەهاکانی کڕینی پابەندبوو لەخۆ دەگرێت. خەمڵاندنەکانمان بۆ بەرهەمی موەلیدەکان تەنها کڕینە راستەقینەکان لەخۆ دەگرێت.

نەمانتوانی زانیاری دەربارەی بەکاربردنی ناوەندی یان خەرجیەکانی ئەم موەلیدانە بەدەست بێنین. بۆیە ئێمە هەڵساین بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر رێژەکانی بەهای زیادکراو بۆ بەرهەم لە وڵاتانی ترەوە وەک

[1] پێویست ناکات بە خەمڵاندنی بەهای زیادکراوی پیشەسازی لەلایەن دابینکەرانی کارەبای غەیری هەرێمی کوردستان - عێراق، لەبەرئەوەی ئەمە بەشێک نییە لە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق. ئێمە مەزندەی ئەوە دەکەین کە بەهای وابەستەی دابەشکردنی کارەبای هاوردەکراو، کە بەشێکە لە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق، لە راپۆرتەکانی وەزارەتی کارەبادا هاتووە.

هۆکارێک بۆ ئەسپاردنی بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لە داتای بەرهەمی ئێمەوە بە تەنها. نەمانتوانی خەملاندنی جێ متمانە بۆ ولاتانی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا دیاری بکەین؛ بەلام خەملاندنەکانی چەندین ولاتی ئەوروپیمان دۆزیەوە. لەسەر بنەمای تێکرای نمونە ئەوروپیەکان، رێژەیەکی لەسەدا 40 ی بەهای زیادکراو بۆ بەرهەممان بۆ موەلیدە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراقمان بەکارهێنا.[2]

**موەلیدە بچووکە تایبەتەکان**

بەگوێرەی زانیاری دەستەبەرکراو لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، هەموو خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق برێک کارەبا لە موەلیدە بچووکە ئەهلیەکان دەکرن، تەنانەت ئەگەر بە تۆڕەکانی کارەبای نیشتیمانیشەوە گرێدرابن. پارەدانی ئەم کارەبایە جێگیرە و لەسەر بنەمای تەزووی کارەبای هەلبژێردراوە (بە ئەمپێر). نرخی مانگانەی هەر ئەمپێرێک بە تێکرا بریتیە لە 4,250 دیناری عێراقی،[3] یان سالانە 51,000 دیناری عێراقی. بەگوێرەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، زۆربەی مالان پارەی گرێدانی 4-ئەمپێر کارەبا دەدەن. بە خەملاندنی هەبوونی 894,228 مال لە هەرێمی کوردستان - عێراق،[4] کۆی بەرهەمی موەلیدە ئەهلیەکان دەبێت بکاتە 182,4 ملیار دیناری عێراقی. هەورەک موەلیدە گەورەکان، رێژەی بەهای زیادکراو بۆ دەرەنجام بە لەسەدا 40 مەزندە دەکەین.

**ئەنجامەکان**

خشتەی 1.5 خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو بۆ هەر جۆرێکی قەوارە پیشان دەدات. بەهای زیادکراو خەملێنراوە بە 555,9 ملیار دیناری عێراقی (447,5 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی). پاشکۆی C وردەکاری زیاتری ئەژمارکردن بۆ دابەشکردن و موەلیدەگەورەکان لەخۆ دەگرێت.

## گفتوگۆ

هەروەک لای سەروو سەرنجدراوە، ئێمە رووبەرووی ژمارەیەک بەرەنگاری بووینەوە لە خەملاندنی بەهای زیادکراو لە کارەباوە، دووان لە بەرەنگاریە هەرە گرنگەکان ئەمانە بوون:

- نەمانتوانی داتا لەسەر بەکاربردنی ناوەندی بۆ موەلیدە گەورەکان بەدەست بێنین، و بۆیە پشتمان بە مەزندەیەک دەربارەی رێژەی بەهای زیادکراو بۆ دەرەنجام بەست کە لە خەملاندنەکانی پیشەسازی ئەوروپیەوە هەلێنجراوە.

**خشتەی 1.5**
**بەهای زیادکراوی کەرتی کارەبا**

| جۆری قەوارە | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| دابەشکردن لەلایەن وەزارەتی کارەبا | 256,2 |
| موەلیدە گەورەکان | 226,7 |
| موەلیدە بچووکە ئەهلیەکان | 73,0 |
| کۆ | 555,9 |

[2] ئێمە بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا تێکرای ئەوروپیمان بەکارهێنا. لەبەرئەوەی وادیارە رێژەی بەهای زیادکراو بۆ کۆی بەرهەم رەنگدانەوەی تێکەلەی سوتەمەنی بەکارهێنراو بێت لە پیشەسازی کارەبا، کە بەپێی ولات و هەرێم دەگۆڕێت، لە سالانی ئایندەدا وا باشترە داتا لەسەر بەکاربردنی ناوەندی راستەوخۆ لە موەلیدەکانی ناو هەرێمی کوردستان - عێراقەوە بەدەست بهێنرێت.

[3] ئەمە ژمارەیەکی تێکڕایە بۆ نرخی راپۆرتکراوی 6,000 دیناری عێراقی لە کاتی زستاندا و 2,500 دیناری عێراقی لەکاتی هاویندا.

[4] بە بەکارهێنانی مەزندەی حکومەتی هەرێم - کوردستان بۆ ژمارەی دانیشتووان لە سالی 2012 بە 5,059,010 کەس و رێژەی دانیشتووان بۆ مال لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەپێی روپێوی باری ئابوری و کۆمەلایەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ سالی 2012، کە یەکسانە بە 5,6574 (911,892/5,158,948).

- نەمانتوانی داتا لەسەر بەرهەمی پیشەسازی بچووک یان بەکاربردنی ناوەندی بەدەست بێنین، و بەم پێیە پشتمان بە خەملاندنەکانی ئاستە ئەگەرەکانی بەکارهێنان بەست، لەسەر بنەمای گفتوگۆمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دا.

روون نییە داخۆ پێدەچێت خەملاندنەکانمان ببنە مایەی کەم هەڵسەنگاندنی بەهای زیادکراو لەم کەرتەدا.

# بیناسازی

ئەم بەشە خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراو لە کەرتی بیناسازی دەخاتە روو لەسەر بنەمای داتا و زانیاری لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە.

چالاکیەکانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەلایەن دوو جۆر قەوارەوە ئەنجام دەدرێت: کۆمپانیاکان و خێزانەکان. کۆمپانیاکانی بیناسازی (بەڵیندەران) بەشیوەیەکی نمونەیی کار بۆ خزمەتخوازە گەورەکان دەکەن، وەک بزنسەکان، دامەزراوەکان، و حکومەت. ئەنجامی گفتوگۆکانمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەوە بوو کە، لەهەندێک حاڵەتدا، رەنگە ئەو خێزانانەی رێژەی داهاتیان باڵایە کۆمپانیاکانی بیناسازی بەکرێ بگرن بۆ دروستکردنی بینای نوێ یان نۆژەنکردنەوە. هەرچۆنێک بێت، زۆربەی خێزانەکان ئەم چالاکیانە لەسەر ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن، مەوادەکان دەکرن و کرێکار بەکرێ دەگرن. لەبەرئەوە، پێویستە شیکردنەوەی بەشداریکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) لە کەرتی بیناسازیدا چالاکیەکانی خێزانەکان و کۆمپانیاکانی بیناسازی هەردووکیان رەچاوبکات؛ ئەوەی پێشوو وەک "بیناسازی خاوەندار" ئاماژەی بۆ دەکرێت.

## میتۆدەکان

### بیناسازی خاوەندار

هەر خێزانێک کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی بیناسازی بۆ خۆی دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتی کارکردن بۆ ئەم کارە دەربهێنێت. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لیستی مۆڵەتەکانی بۆ دەستەبەرکردین (لیستێک بۆ هەر پارێزگایەک) بۆ ساڵی 2012. ئێمە رەچاوی بەکارهێنانی میتۆدی بەرهەممان کرد بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ ئەم کەرتە، بەڵام دەستەبەربوونی داتا بەرەنگاریەک بوو بۆمان. بەشێوەیەکی تایبەت، جێبەجێکردنی میتۆدی بەرهەم چەندبارەکردنی ژمارەی مەترە چوارگۆشەکانی بیناسازی (لە لیستەکانی مۆڵەتەوە) بە بەهای بازاڕی خانووبەرە بۆ هەر مەترە چوارگۆشەیەکی لێدەکەوێتەوە بۆ بەدەستهێنانی کۆی بەهای بازاڕ، پاشان پەیڕەوکردنی بەهایەکی زیادکراو بۆ دەرەنجامی خەمڵێنراو. بەڵام ئێمە نەمانتوانی داتای جێ متمانە سەبارەت بە بەهای بازاڕ بۆ هەر مەترە چوارگۆشەیەک بەدەست بێنین، بەتایبەتی لەبەرئەوەی دەبێت ئەم خەمڵاندنانە هێندە دابەش بکرێن کە رەنگدانەوەی جیاوازیە گرنگەکان لە بەهای بیناسازی نوێ لە هەموو پارێزگاکاندا و لەنێوان ناوچەکانی گوندنشین و ژیاریەکانی نێو پارێزگاکاندا بنوێنێت.

لەبەرئەوە ئێمە میتۆدی دەرامەتمان بەکارهێنا بە کۆکردنەوەی پارەدانەکان کە لەلایەن خێزان بۆ کرێکاری بەکرێگیراو بۆ بیناسازی ئەنجامدراوە. بەشێوەیەکی مەبدەئی، دەبێت خراپبوونی سەرمایەش حسابی بۆ بکرێت؛ هەرچۆنێک بێت خراپبوون لەم حاڵەتەدا پەیوەندیدار نییە. لەبەرئەوەی خێزانەکان بەگشتی برێکی بەرچاو کاڵای سەرمایەی خۆیان لەم چالاکیەدا بەکارناهێنن.

میتۆدی دەرامەت، هەرچەندە بە پەسەند دەزانرێت، ئەویش بەرەنگاریەکی بەرچاوی دروستکرد. لەکاتێکدا ئێمە داتا لەسەر کۆی گشتی تێچووی بیناسازیمان لە لیستی مۆڵەتەکان بۆ ساڵی 2012 وەرگرت، ئەم داتایە شیکردنەوەی وردەکاری تێچوونەکانی بۆ مەواد بەراورد بە کرێکار نەکردبوو.[1] ستافی دەستەی

---

[1] ئەگەرێکی بەرەنگاریش هەیە بەوەی کە رەنگە هەندێک لە تاکەکەسەکان چالاکیەکانی بیناسازیان بەخۆیان ئەنجامدابێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت، ئەمەش بەکەم نرخاندنی بەهای زیادکراو بۆ ئەم کەرتە دێنێتە ئاراوە.

ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) خەملاندنێکی سەرپێیی ڕێژەی تێچووەکانی تایبەت بە هێزی کار لە سێ قۆناغەکەی بیناسازیدا بۆ دەستەبەرکردین، وەک لای خوارەوە:

- قۆناغی یەکەم:دروستکردنی پەیکەری خانوو (هەیکەل). ڕێژەی هێزی کار بە نزیکەی لەسەدا 5-7 ی کۆی تێچوو بۆ ئەم قۆناغە دەخەملێنرێت، کە پاشماوەی تێچووەکە پەیوەندیدار دەبێت بە مەوادی بیناسازی.
- قۆناغی دووەم:دامەزراندنی کارەبا، بۆریسازی، هتد. ڕێژەی هێزی کار بە نزیکەی لەسەدا 30-35 ی کۆی تێچوو بۆ ئەم قۆناغە دەخەملێنرێت.
- قۆناغی سێهەم:تەواوکردنی بینا. ڕێژەی هێزی کار بە نزیکەی لەسەدا 50 ی کۆی گشتی تێچووی ئەم قۆناغە دەخەملێنرێت.

ئێمە نەمانتوانی ڕێژەی کەرتیی تێچووی گشتی بۆ هەر قۆناغێک دیاری بکەین. هەرچۆنێک بێت، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئاماژەیاندا کە قۆناغی دووەم درێژترین ماوەی کات دەخایەنێت؛ لەبەرئەوە، ئێمە وامان دانا کە لەسەدا 50 ی کۆی تێچوو دەبات، و بۆ هەریەک لە قۆناغەکانی یەکەم و سێهەم هەریەکەو لەسەدا 25 مان خەملاند.

**بیناسازی کۆمپانیا**

باشترین سەرچاوە بۆ زانیاری دەربارەی چالاکیەکانی بیناسازی لەلایەن کۆمپانیاکانی بیناسازی بریتیە لە ڕوپێوی دامەزراوەکان (کۆمپانیاکان). هیچ داتایەکی ڕوپێوی ئەم دواییە بۆ ئەو جۆرە پڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەردەست نەبوو، بۆیە ڕوپێوێکی نوێ بۆ ئەم پڕۆژەیە پەرەپێدرا.

چوارچێوەی سامپڵین بۆ ئەم ڕوپێوکردنە بریتیە لە لیستە نوێکراوەکانی وەزارەت بۆ هەموو کۆمپانیا بیناسازیە تۆمارکراوەکان. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەم زانیاریانەی لە کانونی دووەمی 2014 دا کۆکردەوە. کۆی ژمارەی کۆمپانیاکان بەپێی پارێزگا بریتی بوو لە 1,326 لە هەولێر، 1,077 لەسلێمانی و 657 لە دهۆک. ئێمە لەم لیستەوە سامپڵێکی هەڕەمەکیمان ڕاکێشا کە پێکهاتبوو لە 1,620 پڕۆژە، کە بەپێی پارێزگا جیاکرابوونەوە. ئێمە ئەژمارکردنەکانی هێزی ئاماریمان ئەداکرد بۆ زانینی ژمارەی خوازراوی کۆمپانیای پێویست بۆ بەدەستهێنانی خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو بە هەبوونی داتای وردبینانەی پێویست. ئەم ئەژمارکردنانە پێویستی بە زانیاریە لەسەر دەرەنجام یان بەهای زیادکراوی کۆمپانیاکان (بڕوانە گفتوگۆ لە پاشکۆی F). لەبەرئەوەی ئێمە زانیاری ڕاستەوخۆمان نەبوو لەمبارەیەوە سەبارەت بە کۆمپانیاکانی بیناسازی، داتامان لە ڕوپێوی بازرگانی ناوخۆی ئەم دواییەوە بەکارهێنا، کە بەهەمان شێوە ئەژمارکردنەکانی بۆ ڕوپێوی خزمەتگوزاریە نوێکان دەردەخست، بۆ دیاریکردنی قەبارەی سامپڵی پێویست. لەسەر بنەمای ئەم ئەژمارکردنانە، سامپڵی دەسنیشانکراو 702 کۆمپانیا لە هەولێر، 570 لە سلێمانی و 348 کۆمپانیا لە دهۆک لەخۆ دەگرێت. ئێمە پاشماوەی پڕۆژەکان کە لە لیستی وەزارەتدا هاتبوو بۆ هەریەک لە پارێزگاکانمان بەکارهێنا بۆ لێوەرگرتنی کۆمپانیا جێگرەوەکان بەپێی پێویست.

لەماوەی گەشتێکدا لە سەرەتای شوباتی 2014، لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، لەوانە بەڕێوەبەرانی نووسینگەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە هەریەک لە پارێزگاکان، پێداچوونەوەمان بە ستراتیجی سامپڵین و پرسیارنامەکاندا کرد و هەموارکردنەوەمان لە پرسیارنامەکەدا ئەنجامدا. فۆرماتی پرسیارنامەکە هاوشێوەی پرسیارنامەی خزمەتگوزاریەکان بوو کە لە بەشی دوانزەیەمدا بە درێژی باسکراوە. بەڵام ڕوپێوەکە هەروەها کەمێک پرسیاری تایبەت بە پیشەسازی بیناسازی تێدایە. بۆ نمونە، سەبارەت بە لایەنی داهات، زانیاری لەسەر داهاتی خزمەتگوزاریەکانی باڵەخانە و بیناسازی بۆ خزمەتخوازان هەروەها داهاتی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی هێزی کار بۆ بەڵێندەرانی تر کۆکرایەوە. بەهەمان شێوە، لەرووی خەرجیەکانەوە، زانیاری کۆکراوەی ڕوپێو لەسەر ئەو پارانەی بە بەڵێندەرانی تر دراون بۆ گرتنی هەڵوێستی پێچەوانە بەجۆرێک کە کۆمپانیاکە کۆمپانیاکانی تری بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتەکان بۆ پڕۆژەکانی تایبەت بەخۆی بەکرێ گرتبێت. هەروەها، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی وەرزییانەی کاری بیناسازی، پرسیارەکان دەربارەی داهات و خەرجیەکان وەک ماوەی سەرچاوە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی ساڵی رابردووی بەکارهێنا لەبری مانگی ڕابردوو. لەبەرئەوە داوا لە وەڵامدەرەوەکان کرا زانیاری دەربارەی ساڵی تەقویمی تەواوی هەرە ئەم دواییە (2013) دەستەبەر بکەن، بەڵام توانرا ماوەیەی سەرچاوەی جیاواز هەڵبژێرن ئەگەر پێویستی بکردایە. زۆربەی وەڵامدەرەوەکان داتای ساڵی تەقویمی 2013 یان پێشکەش کرد.

دەتوانرێت پرسیارەکانی کۆمپانیاکانی بیناسازی لە پاشکۆی دەرهێڵی G دا ببینرێت. راهێنانی تیمەکانی رووپێوکردن لە ئایاری 2014 دا ئەنجامدرا. بەهۆی رەوشەکە لەسەر ئەرزی واقیع لەماوەی هاوینی 2014 دا، کۆکردنەوەی داتا دواکەوت، بەڵام کۆکراوەی داتای بەرایی بۆ شیکردنەوە لە ئابی 2014 دا ئامادە بوو.

پاش لابردنی 11 تۆماری داخوازنامە، داتای رووپێوەکە ئەنجامەکانی بۆ 1,64 کۆمپانیای تاکانە لەخۆ گرتبوو. بەڵام تەنها 1,165 لەمانە بە هەبوونی چاوپێکەوتنی تەواوی سەرکەتووانە ناسرانەوە. ئەوانی تر، ژمارەیەکی زۆریان چاوپێکەوتنیان رەتکردەوە یان وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەیان نەدایەوە بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو پێویستن، و 110 لەو کۆمپانیانە وەک داخراو یان هەڵپەسێردراو راپۆرتکرابوون و جێگرەوەیان بۆ دانەنرا. لەکۆی 1,165 کۆمپانیا کە چاوپێکەوتنی تەواویان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا، 480 لە هەولێر، 403 لە سلێمانی و 282 کۆمپانیا لە دهۆک بوون. خشتەی 1.6 ژمارەی کۆمپانیاکان، ژمارەی کۆمپانیا سامپڵکراوەکان، و ژماری چاوپێکەوتنە تەواوکراوەکان، بەپێی پارێزگا لەخۆ دەگرێت.

ئێمە ئەژماری بەهای زیادکراومان کرد وەک کۆی بەرهەم کەم بەکاربردنی ناوەندی، وەک لای خوارەوە:

کۆی بەرهەم =
بەهای خزمەتگوزاریەکانی بینا و بیناسازی
+ فرۆشتنی خزمەتگوزاری بە کەسانی تر
+ سافی فرۆشتنی باڵەخانەکان و زەوی[2]
+ فرۆشتنی کاڵا
+ خانووبەرەی کرێ
+ بەکرێگرتنی کاڵا و ئامێرەکان
+ داهاتەکانی تر
+ گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواوکراوەکان

بەکاربردنی ناوەندی =
تێچووی ئەو کاڵا و مەوادانەی کە بۆ فرۆشتنەوە یان بۆ پیشەسازی کڕراون
+ پارەدان بە بەڵێندەرانی بیانی
+ کرێی مەکینە، ئامێرەکان و کاڵاکان
+ کرێی خانووبەرە
+ تێچووی ئاو، کارەبا، خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیکردن، و گواستنەوە
+ کرێی سەخپێری و چاکردنەوەکان
+ تێچووی خزمەتگوزاریە یاساییەکان، رێکلامکردن، بیمە، و خزمەتگوزاریەکانی تر
+ تێچوونەکانی تر
– گۆڕانکاری لە کەلوپەلی مەوادی خاو و کاڵا کڕراوەکان بۆ فرۆشتنەوە.

**خشتەی 1.6**
**ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان، کۆمپانیا سامپڵکراوەکان، و رووپێوە تەواوکراوەکان لە کەرتی بیناسازیدا، 2014**

| | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| کۆ (لیستی 2014) | 657 | 1,077 | 1,326 | 3,060 |
| سامپڵکراو | 348 | 570 | 702 | 1,620 |
| چاوپێکەوتنە تەواوکراوەکان | 282 | 403 | 480 | 1,165 |
| کۆی نوێکراوەی ژمارەی کۆمپانیاکان (ژمارەی کۆمپانیاکان لە لیستی 2014 × رێژەی کۆمپانیا بەردەوامەکان) | 631 | 1,022 | 1,197 | 2,850 |

سەرچاوە: ژماردنی کۆمپانیا رووپێوکراوەکان لەسەر بنەمای ژماردنە لە رووپێوی کۆمپانیاکانی بیناسازیەوە. کۆی ژماردنی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای لیستی 2014 ئەنجامدراوە کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەستەبەر کراوە.

[2] ئەم ئایتمە وەک فرۆشتنی بیناکان (کە لە ئایتمی یەکەمدا نەهاتووە، "بەهای بینا و خزمەتگوزاریەکانی بیناسازی" کۆ لەگەڵ فرۆشتنی زەوی، بە لێدەرکردنی کڕینی زەوی و باڵەخانەکان بۆ فرۆشتنەوە) پێکهاتووە.

لیستی وەزارەتی کۆکراوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) کۆمپانیاکانی بۆ ١٠ گرووپ پۆلێنکردووە بەپێی قەبارە، لەگەڵ یەک گرووپ کە پۆلێن نەکرابوو، کە تێکڕا دەکاتە 11 گرووپ. بۆ ئەوەی خەملاندنەکانمان دانیشتووانی کۆمپانیاکان بگرنەوە، یەکەمجار ڕێژەی کەرتیی کۆمپانیا کارپێکردووەکانمان بەراورد بە کۆی کۆمپانیاکان ئەژمار کرد (لەوانە ئەو کۆمپانیانەی کە بە داخراو یان هەڵپەسێردراو ڕاپۆرتکرابوون)، بەپێی پۆلێن و پارێزگا. پاشان ئەم ڕێژە کەرتیەمان چەندبارە کرد بە کۆی ژمارەی کۆمپانیا لیستکراوەکان، بۆ پەرەپێدانی ژمارەیەکی خەملێنراوی کۆمپانیا بەردەوامەکان لەرووی دانیشتووان (2,850). هەروەها پێوانەکانی وەڵامنەدانەوەمان بەپێی پۆلێن و پارێزگا دروستکرد. پێوانە هەموارکراوە ئەنجامەکان بە چەندبارەی هەڵئاوسانی سامپڵەکەمان بۆ کۆی ژمارەی کۆمپانیا بەردەوامە خەملێنراوەکان هەڵێنجرا. لە کۆتاییدا، ئێمە ئەم پێوانانەمان بەسەر داتای ڕووپێو لەسەر ئاستی-کۆمپانیا پەیڕەو کرد بۆ خەملاندنی کۆی بەهای زیادکراو.

ئەنجامە بەراییەکانی خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو بۆ کۆمپانیاکان پیشانیدا کە سێ کۆمپانیای دەرەکی بە نزیکەی لەسەدا 77 ی کۆی بەهای زیادکراو بۆ بیناسازی کۆمپانیا پێک دێنن. لەکاتێکدا بەها بەرزەکان ئەگەریان هەیە، سەبارەت بەم ژمارە کەمەی کۆمپانیاکان ڕێژەی داهاتی کۆمپانیا (بەهای دەرەنجام) بۆ خەرجیەکان بەشێوەیەکی نائاسایی بەرز بوو، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت یەکێک یان بڕەکانی تر بە هەڵە لە ڕووپێوەکەدا تۆمارکرابێت یان هەڵەیەکی تێکردنی داتا بنوێنێت. ئێمە دوو میتۆدمان ڕەچاوکرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئەگەری دەرەکیانەدا:

1. خەملاندنی بەهای زیادکراو بە لێکدانی کۆی بەرهەم لەسەر ئاستی پارێزگا لە ڕێژەی مامناوەندی پۆلێنی پێوانەکراو بەپێی قەبارەی کارمەند بۆ بەهای زیادکراو بۆ دەرەنجام بۆ هەموو کۆمپانیاکان لەو پارێزگایەدا.
2. سەبارەت بەو کۆمپانیانەی کە ڕێژەکانی دەرەنجام بۆ خەرجی لەسەدا 1 سەروو و خوارووی دابەشکردنی ئەم ڕێژەیە، ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بە لێکدانی دەرەنجامی ڕاپۆرتکراو بەسەر ڕێژەی مامناوەندی پێوانەکراوی بەهای زیادکراو بۆ دەرەنجام بۆ کۆمپانیاکانی تر لە هەمان پارێزگادا (لەبری ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بە پاڵاوتەکردنی خەرجیە ناوەندیەکان لە دەرەنجامەوە) ئەنجامدرا.

ئەم ستراتیژانە ئەنجامی هاوشێوەیان بەدەستهێنا. ئێمە بڕیارماندا بە ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بە وەرگرتنی تێکڕای ئەم دوو میتۆدە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان.

### ئەنجامەکان

خشتەی 2.6 خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو بۆ بیناسازی خاوەندار دەنوێنێت، لەسەر بنەمای میتۆدی باسکراو لای سەروو. هەروەک لە ستوونی دواتر-تا-کۆتا پیشاندراوە، هێزی کار ڕێژەیەکی کەمی کەمتر لە سێ یەک (لەسەدا 32) ی کۆی تێچووی بیناسازی ماڵ لەلایەن خاوەنەکەی پێک دێنێت. بەهای زیادکراو خەملێنراوە بە 1,137 ملیار دیناری عێراقی (977 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی).

بە گەڕانەوە بۆ بەهای زیادکراو بەپێی کۆمپانیاکانی بیناسازی، پانێڵەکانی A و B لە خشتەی 3.6 خەملاندنەکانی بەهای زیادکراوی گشتی دەنوێنێت بە پەیڕەوکردنی دوو میتۆدەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان هەروەک لای سەروو باسکراوە. هەروەک لای سەروو سەرنجدرا، ئێمە تێکڕایەک لە دوو میتۆدەکە بۆ بەهای زیادکراوی کۆتا بەکاردێنین؛ ئەمە لە پەناڵی C دا پیشاندراوە. بەم میتۆدە، بەهای زیادکراو لەلایەن کۆمپانیاکانی بیناسازی بە 3,994 تریلیۆن دیناری عێراقی (3,43 ملیار دۆلاری ئەمریکی) دەخەملێنرێت.

بە زیادکردنی ئەنجامەکان بۆ بیناسازی خاوەندار و بیناسازی کۆمپانیا، بەهای زیادکراوی کەرتی بیناسازیمان بە 5,13 تریلیۆن دیناری عێراقی (4,41 ملیار دۆلاری ئەمریکی) خەملاند.

**خشتەی 2.6**
**بەهای زیادکراو بەپێی بیناسازی خاوەندار**

| پارێزگا | کۆی تێچوو | قۆناغی I (٪25) | | قۆناغی II (٪50) | | قۆناغی III (٪25) | | هێزی کار وەک ٪ ی کۆی تێچوو | بەهای زیادکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆ | هێزی کار (٪7) | کۆ | هێزی کار (٪35) | کۆ | هێزی کار (٪50) | | |
| هەولێر | 2072,8 | 518,2 | 36,3 | 1036,4 | 362,7 | 518,2 | 259,1 | 31,8 | 658,1 |
| دهۆک | 787,5 | 196,9 | 13,8 | 393,7 | 137,8 | 196,9 | 98,4 | 31,8 | 250,0 |
| سلێمانی | 720,3 | 180,1 | 12,6 | 360,2 | 126,1 | 180,1 | 90,0 | 31,8 | 228,7 |
| کۆ | 3580,6 | 895,2 | 62,7 | 1790,3 | 626,6 | 895,2 | 447,6 | | 1136,8 |

**خشتەی 3.6**
**بەهای زیادکراو بەپێی کۆمپانیاکانی بیناسازی**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| أ: بەهای زیادکراوی خەملێنراو وەک کۆی بەرهەم × بەهای زیادکراوی مامناوەندی بۆ ڕێژەی دەرەنجام | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 885,2 | 8791,9 | 5056,0 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 668,9 | 5944,3 | 4090,1 |
| ڕێژەی مامناوەندی (بەهای زیادکراو/دەرەنجام) لە هەموو پۆلەکاندا | 0,2444 | 0,3239 | 0,1910 |
| (3) تێکڕای بەهای زیادکراو | 216,3 | 2847,6 | 965,9 |
| کۆی گشتی | 4029,8 | | |
| ب: بەهای زیادکراوی هەموارکراو بۆ ئەو کۆمپانیانەی بە ڕێژەی سەدی 1 سەروو و خواروون سەبارەت بە ڕێژەی دەرەنجام بۆ خەرجی | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 885,2 | 8791,9 | 5056,0 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 669,6 | 5626,7 | 4479,7 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 215,6 | 3165,3 | 576,3 |
| کۆی گشتی | 3957,2 | | |
| ج: تێکڕای دوو میتۆدەکە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 885,2 | 8791,9 | 5056,0 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 669,2 | 5785,5 | 4284,9 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 216,0 | 3006,4 | 771,1 |
| کۆی گشتی | 3993,5 | | |

## گفتوگۆ

خەملاندنەکانی ئێمە بۆ بیناسازی خاوەندار، هەروەک لای سەروو باسکرا، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لە مەزندەکانە سەبارەت بە تێچووە ڕێژەییەکانی کرێکار و مەواد لە هەر قۆناغێکی بیناسازیدا و پشکی هەریەک لە قۆناغەکانی بیناسازی لە کۆی تێچووەکاندا. لەسەر بنەمای گفتوگۆکانمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) کە ئاشنابوون بە کەرتی بیناسازی، ئەم خەملاندنانە بە گونجاو دەزانرێن. هەرچۆنێک بێت، دەتوانرێت خەملاندنەکان لە ئایندەدا باشتر بکرێن بە کۆکردنەوەی داتای تەواوتر لەسەر بەهاکانی خانووبەرە و تێچووەکانی بیناسازی خاوەندار.

هەروەک لای سەروو سەرنجدرا، چوارچێوەی سامپڵین لە کانونی دووەمی 2014 دا پەرەی پێدرا، و بە رەچاوکردنی پێویست بوون بە بیرهێنانەوەی وردبینانە، ئێمە داوای زانیاری بۆ ساڵی تەقویمی 2013 دەکەین نەک 2012. ئەگەر ژمارەی کۆمپانیاکانی بیناسازی، یان بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک (یان هەردووکیان)، لەزیادبووندا بن لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان - عێراق لەگەشەکردندایە، دەشێت بەهای زیادکراو کە لێرەدا پێشکەشکراوە زێدەنرخاندنێکی 2012 بێت، ئەو ساڵەی کە ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) مان بۆ ئەنجامداوە.

# بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی

ئەم بەشە خەملاندنەکان بۆ بەهای زیادکراو لە کەرتی بازرگانیەوە پێشکەش دەکات لەسەر بنەمای روپێوێک لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لەساڵانی 2012 و 2013 دا ئەنجامدراوە.

## میتۆدەکان

چوارچێوەی سامپڵین بۆ روپێوەکە ئاماری 2009 بوو. روپێو بۆ کۆمپانیاکان لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ئەنجامدرا، هەر مانگێک بۆ ماوەی 12-مانگ (تەموزی 2012 تا تەموزی 2013). دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) رایگەیاند کە رەنگە کۆمپانیا تاکانەکان لە جارێک زیاتر لە کۆکراوەی داتاکەدا هەبن.

روپێوەکە پیشەسازیە بازرگانیە سەرەکیەکانی گرتەوە، و بەگوێرەی کۆدەکانی پۆلێنکردنی پیشیسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان، پێداچوونەوەی 4 لەسەر ئاستی چوار-رەنووسی پۆلێنکرا. کەرتی بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی/چاکردنەوەی ئوتومبێل و مۆتۆڕسکیل لە سێ جۆر پۆلێنکراوی (دوو-رەنووس) (45-47) و 20 پۆلێنکراوی سێ-رەنووسی لەخۆ دەگرێت. خشتەی 1.7 ژمارەی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا سامپڵکراوەکان بۆ هەریەک لە پۆلێنکراوی سێ-رەنووسی بەپێی پارێزگا پیشان دەدات. تاکفرۆشی (ISIC 47) لەسەدا 76 ی کۆمپانیاکانی ئەم کەرتە پێک دێنێت.

ئێمە بەهای زیادکراومان وەک کۆی بەرهەم ئەژمارکرد بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی بە پەیڕەوکردنی رێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆمپانیا پیشەسازیەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانگەی کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەشی ئامار، 2008b)، بەڵام هەموارکراو بۆ جێکردنەوەی کۆمپانیا بازرگانیەکان، وەک لای خوارەوە:

کۆی بەرهەم =
بەهای بارکردن/دەرکەوتن/فرۆشتنی هەموو ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی کڕراون بۆ فرۆشتنەوە لە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراون
– کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراون
+ داهاتەکانی تر
+ گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕراو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراوە (داخستن - کردنەوە)

بەکاربردنی ناوەندی =
تێچووی مەوادی خاو و دابینکراوەکان جگە لە گاز، سوتەمەنی و کارەبا
+ تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو
+ تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ
+ کڕینەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن
+ پارەدانەکانی بەکرێدان.

بۆ هەڵێنجانی داتای روپێوی مانگانە بۆ نێو خەملاندنی ساڵانە، هەریەک لە بەهاکانی کۆی بەرهەم کۆمپانیا و بەکاربردنی ناوەندیمان لێکدا بە ژمارەی مانگەکانی کارکردنی کۆمپانیاکە (بە بەکارهێنانی

**خشتەی 1.7**
**ژمارەی خەملێنراوی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا سامپڵکراوەکان لە کەرتی بازرگانی، 2011**

| کۆدی ISIC Revision 4 | پیشەسازی | هەولێر سامپڵکراو | هەولێر کۆ | سلێمانی سامپڵکراو | سلێمانی کۆ | دهۆک سامپڵکراو | دهۆک کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 451 | فرۆشتنی ئۆتومبێل | 9 | 198 | 8 | 190 | 3 | 157 |
| 452 | سەخپێری و چاکردنەوەی ئۆتومبێل | 107 | 3945 | 116 | 4069 | 51 | 1838 |
| 453 | فرۆشتنی پارچەی یەدەک و جوانکاری ئۆتومبێل | 41 | 1822 | 32 | 1641 | 20 | 723 |
| 454 | فرۆشتن، سەخپێری و چاکردنەوەی ماتۆڕسایکل و پارچە پەیوەندیدارەکان و جوانکاری | 4 | 75 | 3 | 98 | 7 | 7 |
| 461 | کۆفرۆشی لەسەر بنەمای کرێ یان گرێبەست | 8 | 409 | 20 | 552 | 11 | 223 |
| 462 | کۆفرۆشی مەوادی خاوی کشتوکاڵی و ئاژەڵی زیندوو | 5 | 141 | 8 | 318 | 6 | 130 |
| 463 | کۆفرۆشی خواردەمەنی، خواردنەوەکان و تووتن | 13 | 312 | 11 | 484 | 29 | 542 |
| 464 | کۆفرۆشی کەلوپەلی ناوماڵ | 15 | 586 | 20 | 914 | 14 | 443 |
| 465 | کۆفرۆشی مەکینە، ئامێرەکان و دابینکردنەکان | 2 | 147 | 6 | 196 | 3 | 120 |
| 466 | کۆفرۆشیە تایبەتمەندەکانی تر | 20 | 657 | 56 | 1043 | 22 | 495 |
| 469 | بازرگانی کۆفرۆشی ناتایبەتمەند | 1 | 53 | 2 | 55 | 3 | 36 |
| 471 | تاکفرۆشی لە فرۆشگا ناتایبەتمەندەکاندا | 141 | 5687 | 155 | 6813 | 103 | 4404 |
| 472 | تاکفرۆشی خواردەمەنی، خواردنەوەکان و تووتن لە فرۆشگە تایبەتمەندەکان | | 4809 | 228 | 9472 | 90 | 3778 |
| 473 | تاکفرۆشی سوتەمەنی ئۆتومبێل لە فرۆشگا تایبەتمەندەکان | 31 | 642 | 34 | 702 | 5 | 171 |
| 474 | تاکفرۆشی ئامێرەکانی زانیاری و گەیاندن لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 27 | 1187 | 28 | 1345 | 16 | 738 |
| 475 | تاکفرۆشی ئامێرەکانی تری ناوماڵ لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 145 | 4051 | 154 | 4845 | 71 | 2462 |
| 476 | تاکفرۆشی کەلوپەلی کولتوری و ڕابواردن لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 25 | 695 | 21 | 1079 | 10 | 350 |
| 477 | تاکفرۆشی کەلوپەلی تر لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 134 | 5719 | 151 | 7789 | 82 | 3888 |
| 478 | تاکفرۆشی لەڕێگەی کوشک و بازاڕەکانەوە | 3 | 159 | 3 | 155 | 5 | 250 |
| 479 | بازرگانی تاکفرۆشی بەڵام لە فرۆشگاکان، کوشک و بازاڕەکان نا | 1 | 42 | 6 | 9 | 5 | 6 |
| | هیتر (پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیەکان (ISIC) بەتاڵ یان نادروست) | 49 | – | 9 | – | 8 | – |
| | کۆ | 968 | 31336 | 1071 | 41769 | 564 | 20761 |

سەرچاوە: ژماردنی کۆمپانیا ڕووپێوکراوەکان لەسەر بنەمای ژماردنە لە کۆکراوەی داتا لەسەر ئاستی-کۆمپانیا. ژماردنی کۆی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای ئامارەکانی 2009 ئەنجامدراوە.

پرسیاری روپێو بەوەی کام مانگانە کۆمپانیاکە کاری راگرتووە بەدەستمان هێنا). هەموو کۆمپانیاکان جگە لە 19 دانە راپۆرتیانکرد کە هەموو 12 مانگی ساڵەکە لەکاردابوون.[1]

وێڕای ئەمە، بۆ گەیشتن بە بەهای زیادکراوی دانیشتووانی کۆمپانیاکان (بەدەر لەوەی سامپڵەکە)، بەهای زیادکراو بۆ هەریەک لە بەهای کۆدی سێ-رەنووسی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC) لێکدرا بە رێژەی کۆی ژمارەی کۆمپانیاکان لەو کۆدی سێ-رەنووسیەی ISIC (لە چوارچێوەی سامپڵینی 2009) بۆ ژمارەی کۆمپانیا سامپڵکراوەکان (بڕوانە خشتەی 1.7) بۆ بەدەستهێنانی کۆی بەها.[2]

## ئەنجامەکان

خشتەی 2.7 خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراوی گشتی دەردەخات (یەکسانە بە کۆی بەرهەم بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی)، کە برەکەی دەکاتە 2,499 ملیار دیناری عێراقی (2,15 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی). پاشکۆی D وردەکاری زیاتر لەسەر شێوازناسی و خەمڵاندنەکان بەپێی کۆدی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیەکان (ISIC) پێشکەش دەکات.

**خشتەی 2.7**
**بەهای زیادکراو لەلایەن کەرتی بازرگانی تاکفرۆشی**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 10269 | 5932 | 4798 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 9104 | 5104 | 4291 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 1165 | 828 | 507 |
| کۆی گشتی | 2499 | | |

## گفتوگۆ

بەرەنگاری سەرەکی پەیوەندیدار بە داتای کەرتی بازرگانی (هەروەک داتای کەرتی پیشەسازی) بریتیە لەوەی کە چوارچێوەی سامپڵین لەسەر بنەمای ئاماری 2009 یە. ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە ژمارەی کۆمپانیا بازرگانیەکان لە 2009 تا ئێستا زیادی کردبێت، ئەمەش بە رەچاوکردنی گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق، بۆ ئەوەی خەمڵاندنەکانمان بەهای زیادکراو لە 2012 دا بەکەم بگرێت، بە جۆرێک، کاتێک بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک بە کۆی ژمارەی کۆمپانیاکان لە ئامارەکەدا فراوان دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی بەهای زیادکراوی کەرتەکە، رەنگە ئێمە لێکی بدەین لە ژمارەیەکی زۆر کەم لە کۆمپانیاکان.

لەلایەکی ترەوە، روپێوی بازرگانی لە ماوەی ساڵی تەقویمی 2012 دا ئەنجام نەدرا، بەڵکو لە تەموزی 2012 تا حوزەیرانی 2013 دا بوو. تا ئەو رادەی کە بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک لە زیادبووندا بێت، بەکارهێنانی ماوەیەکی دواتر (بەڵام تێهەڵکێش) بۆ روپێوەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی رەنگە خەملاندنەکانمان کەم نرخاندنی بەهای زیادکراوی بۆ 2012 کردبێت.

بەگشتی، ئێمە گومانی ئەوە دەکەین خەمڵاندنەکانمان ئەگەری زیاتری ئەوەیان هەیە کەم نرخاندنی بەهای زیادکراو بێت لە 2012 دا، بە رەچاوکردنی ماوەی کاتی تێپەڕیو لەنێوان ئامارەکە و روپێوەکەدا و ئەگەری گەشەکردن لە قەبارەی دانیشتووانی پرۆژە بازرگانیەکان بەتێپەڕینی کات.

---

[1] زۆربەی کۆمپانیاکان راپۆرتی کارکردنی 12 مانگی تەواویاندا. هەرچەندە روپێوەکە رووماڵی تەموزی 2012 هەتا حوزەیرانی 2013 کرد، نەمانتوانی شیکردنەوەکە سنوردار بکەین بە تەنها شەش مانگ لە رۆژمێری 2012 دا (لەبەرئەوەی دەمانەوێت خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بنیات بنێین)، لەبەرئەوەی نیگەرانیمان هەبوو لە گرفتی وەرز لە بیناسازیدا. لەبەرئەوە هەموو 12 مانگەکەمان ئەژمار کرد هەرچەندە داتای شەش لەم مانگانە هی ساڵی 2013 بوو.

[2] ئەو کۆمپانیانەمان لێدەرکرد کە کۆدەکانی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC) نوقسانە، لەبەرئەوەی نەمانتوانی خەملاندن بۆ فاکتەرێکی هەڵئاوسانی نزیکەیی لە چوارچێوەی سامپڵینی 2009 بخەملێنین.

# گواستنەوە و کۆگاکردن

ئەم بەشە خەمڵاندنەکان بۆ بەهای زیادکراو لە کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردنەوە دەخاتەروو. روپێوەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر بنەمای روپێوێکی نوێی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و کۆگاکردنە، هەروەک لای خواروو شرۆڤە کراوە. بەڵام ئێمە بەهای زیادکراومان لە فڕۆکەخانەکانەوە بەجیا لەخۆ گرتووە.

## میتۆدەکان

### فڕۆکەخانەکان

بۆ خەمڵاندنی بەهای زیادکراوی بەرهەمهاتوو لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان - عێراقەوە (فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی)، کۆی ژمارەی گەشتیارانی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق، هەروەها بەهایەکی خەمڵێنراومان بۆ هەر گەشتیارێک بەدەستهێنا. ئێمە ژمارەی گەشتیارانی گەشتە ئاسمانیەکان لە راپۆرتی روپێوی گواستنەوە 2012 بەدەستهێنا، کە ئاماژە دەدات بەوەی 1236742 گەشتیار لەساڵی 2012 دا هەبوون.

ئێمە بەهای زیادکراو بۆ هەر گەشتیارێکمان لە توێژینەوەیەک لەسەر فڕۆکەخانەی دلهی لە هیندستان (ئەنجومەنی نیشتیمانی توێژینەوەی ئابوری پراکتیکی، 2012). فڕۆکەخانەی دلهی بۆ بەراورد بەسوودە، بە رەچاوکردنی ئاستی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجی و بەشکردوویی ئابووری بەشێوەیەکی گونجاو هاوشێوەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان - عێراق. بەگوێرەی ئەنجومەنی نیشتیمانی توێژینەوەی ئابوری کردارەکی، لە ساڵانی 2009-2010 فڕۆکەخانەی دلهی بەهای زیادکراوی نزیکەی 38،12 دیناری عێراقی (33 دۆلاری ئەمریکی) بۆ هەر گەشتیارێک وەبەرهێنا، کە لێکدەدرێت بە ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ دەرهێنانی کۆی بەهای زیادکراو.

### کۆمپانیاکانی گواستنەوە و کۆگاکردن

کۆمەڵێک کۆمپانیای بچووک لە کەرتی گواستنەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراقدا کاردەکەن، لەوانە بارهەڵگری، گواستنەوەی گەشتیاران و چالاکیە جیاجیاکانی تری پاڵپشتی گواستنەوە. ژمارەیەکی زۆر لەمانە دامەزراوەی زۆر بچووکن. ئاماری هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2009، ژمارەی دامەزراوەکانی گواستنەوەی بە 2,775 تۆمارکردووە. تەنانەت ژمارەیەکی لەوە زیاتر لە بواری چالاکیە پەیوەندیدارەکانی کۆگاکردن و گەنجینەدا (زیاتر لە 10000) کاردەکەن. لەبەرئەوەی هیچ روپێوێکی ئەم دواییە لە کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردندا ئەنجام نەدراوە، ئەم چالاکیانە وەک بەشێک لە روپێوی خزمەتگوزاریە نوێکان بۆ ئەژمارکردنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بە بەکارهێنانی ئامار وەک چوارچێوەیەکی سامپڵین لەخۆگیراون. وردەکاریەکانی روپێو، لەوانە ستراتیژی سامپڵین، رەچاوکردنەکانی قەبارەی سامپڵ، و کاتگری، لە بەشی دوانزەیەمدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. قەبارەی سامپڵ بۆ گواستنەوە و کۆگاکردن بەیەکەوە 1,626 دامەزراوە بوو. ئامرازی روپێوکردنی بەکارهێنراو بۆ دامەزراوەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن بەنزیکەیی هەمان ئەو ژمارەیە بوو کە بۆ دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی تر (لەپاشکۆی G بە سەرهێڵ پێشکەشکراوە)، بەڵام بڕگەیەکی جیاوازی تێدایە سەبارەت بە ئۆتومبێل و ئاسانکاریەکانی کۆگاکردن کە موڵکە یان کرێیە لەلایەن دامەزراوەکەوە.

هەروەک روپێوی بیناسازی، روپێوی گواستنەوە و کۆگاکردن لە ماوەی بەهاری 2014 دا ئەنجامدرا. لەبەرئەوەی ئەم کەرتە لەلایەن چەندین کۆمپانیای بچووکەوە بەڕێوەدەبرێت، رەند و دەستەی ئاماری

هەرێمی کوردستان (KRSO) مەزندەی ئەوەی کرد لەوە دەچێت ژمارەیەکی زۆر لەم کۆمپانیانە تۆماری ژمێریاری فەرمی رانەگرن و بەم هۆیەش نەتوانن وردبینانە زانیاری داهات و خەرجیەکانیان بۆ ئەو ساڵەی دەکرێت بە سەرچاوە دەستەبەر بکەن. لەبەرئەوە داوا لە وەڵامدەرەوەکان کرا زانیاری داهات و تێچووی مانگی رابردوو راپۆرت بکەن، بەڵام ئەوان دەیانتوانی ماوەیەکی جیاواز بە سەرچاوە بگرن (لەوانە ساڵی رابردوو) ئەگەر بخوازرێت. زۆربەی وەڵامدەرەوەکان زانیاری کانونی یەکەمی 2013 یان راپۆرتکرد.

داتای روپێوی کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن ئەنجامەکانی 1,605 کۆمپانیای تاکانەی لەخۆگرت، کە 1,528 لەوان پێکهاتبوو لە چاوپێکەوتنی تەواو. لەکۆی ئەم 1,528 کۆمپانیایە، 504 لە هەولێر، 652 لە سلێمانی و 372 کۆمپانیایان لە دهۆک بوو. خشتەی 1.8 ژمارەی کۆمپانیاکان، ژمارەی کۆمپانیا سامپڵکراوەکان، و ژماری چاوپێکەوتنە تەواوکراوەکان، بەپێی کەرت و پارێزگا لەخۆ دەگرێت.

ئێمە ئەژماری بەهای زیادکراومان کرد وەک کۆی بەرهەم بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی، وەک لای خوارەوە:

کۆی بەرهەم =
فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکان
+ فرۆشتنی کاڵا
+ بەکرێدانی باڵەخانە
+ کرێی سەرمایە و کاڵاکانی تر
+ داهاتەکانی تر
+ گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواوکراوەکان

بەکاربردنی ناوەندی =
تێچووی ئەو کاڵا و مەوادانەی کە بۆ فرۆشتنەوە یان بۆ پیشەسازی کڕراون
+ تێچووی ئاو، کارەبا، خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیکردن، و گواستنەوە
+ کرێی باڵەخانە و ئۆفیسەکان
+ کرێی مەکینە، ئامێرەکان و کاڵاکان
+ تێچووی سەخپێری و چاکردنەوەکان
+ تێچووی خزمەتگوزاریە یاساییەکان، رێکلامکردن، بیمە، و خزمەتگوزاریەکانی تر
+ تێچوونەکانی تر
– گۆڕانکاری لە کەلوپەلی مەوادی خاو و کاڵا کڕراوەکان بۆ فرۆشتنەوە.

بەهۆی هەبوونی جیاوازیەکان (بەشێوەیەکی رێژەیی کەم) لەنێوان سامپڵی مەبەست و ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی سەرکەوتووانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدرا، ئێمە پێوانەی بێ وەڵامەکانمان بەپێی چالاکی و پارێزگا ئەژمار کرد. پێوانە هەموارکراوەکانی دەرەنجام بە چەندبارەکردن هەڵێنجرا بۆ گەیشتن بە کۆی ژمارەی کۆمپانیاکان لەو کەرتەدا لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەسەر بنەمای ئامارەکە (12,893).

**خشتەی 1.8**
**ژمارەی خەمڵێنراوی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا سامپڵکراوەکان لە کەرتەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن، 2014**

| | گواستنەوە | | | کۆگاکردن | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆ |
| کۆ | 1206 | 683 | 886 | 2196 | 4755 | 3167 | 12893 |
| نمونە | 152 | 86 | 112 | 277 | 600 | 399 | 1626 |
| چاوپێکەوتنە سەرکەوتووەکان | 95 | 100 | 130 | 277 | 552 | 374 | 1528 |

سەرچاوە: ژماردنی کۆمپانیا روپێوکراوەکان لەسەر بنەمای ژماردنە لە روپێوی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکانەوە. ژماردنی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای ئامارەکانی 2009 ئەنجامدراوە.

خەملاندنە بەراییەکان دەریانخست کە یەک کۆمپانیای دەرەکی لەدەستدانی گەورەی راپۆرتکرد، ئەمەش بووەمایەی بەهای زیادکراوی نەرێنی ئەو کەرتە بەشێوەیەکی تێکڕا. ئێمە نەمانتوانی دڵنیایی ئەوە بدەین داخۆ ئەو لەدەستدانە گەورانە هەڵەی راپۆرتکردن یان تۆمارکردن بوون. بەم جۆرە، ئێمە پەیڕەوی هەمان ستراتیژمان کرد سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکانی بیناسازی (بڕوانە بەشی شەشەم).

## ئەنجامەکان

### فڕۆکەخانەکان

چەندبارەکردنی ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012، بەپێی بەهای زیادکراوی خەملێنراو بۆ هەر گەشتیارێک بووە مایەی بەهای زیادکراوی خەملێنراوی 47,2 ملیار دیناری عێراقی (41 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی).

### کۆمپانیاکانی گواستنەوە و کۆگاکردن

خشتەی 2.8 خەملاندنی بەهای زیادکراوی گشتی دەردەخات پاش دوو میتۆدەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان لە پەناڵەکانی أ و ب. هەروەک لای سەرەوە سەرنجدرا، ئێمە تێکڕایەکی هەردوو میتۆدەکە بەکاردێنین بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراوی کۆتا، کە لە پەناڵی ج دا پیشاندراوە. بەهای زیادکراو بە 1,71 تریلیۆن دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2012 (1,465 ملیار دۆلار) دەخەملێنرێت.

کۆی بەهای زیادکراوی کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن، لەوانە روپێوەکان و فڕۆکەخانەکان، بە 1,75 تریلیۆن دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2012 (1,51 ملیاری دۆلاری ئەمریکی) دەخەملێنرێت.

**خشتەی 2.8**
**بەهای زیادکراو بەگوێرەی روپێوەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن (ملیاری دیناری عێراقی)**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| أ: بەهای زیادکراوی خەملێنراو وەک کۆی بەرهەم × بەهای زیادکراوی مامناوەندی بۆ رێژەی دەرەنجام | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 609,9 | 1771,6 | 4528,4 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 362,9 | 1299,4 | 3446,6 |
| رێژەی مامناوەندی (بەهای زیادکراو. دەرەنجام) لە هەموو پۆلەکاندا | 0,4050 | 0,2665 | 0,2388 |
| (3) تێکڕای بەهای زیادکراو | 247,0 | 472,2 | 1081,8 |
| کۆی گشتی | 1801,1 | | |
| ب: بەهای زیادکراوی هەموارکراو بۆ ئەو کۆمپانیانەی بە رێژەی سەدی 1 سەروو و خواروون سەبارەت بە رێژەی دەرەنجام بۆ خەرجی | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 609,9 | 1771,6 | 4528,4 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 384,3 | 1253,4 | 3662,0 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 225,6 | 518,2 | 866,4 |
| کۆی گشتی | 1610,3 | | |
| ج: تێکڕای دوو میتۆدەکە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 609,9 | 1771,6 | 4528,4 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 373,6 | 1276,4 | 3554,3 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 236,3 | 495,2 | 974,1 |
| کۆی گشتی | 1705,7 | | |

## گفتوگۆ

مەزندەی بەهای زیادکراو لە فرۆکەخانەکانەوە پشت دەبەستێت بە بەهای زیادکراو بۆ هەر گەشتیارێک لە فرۆکەخانەی دلهیەوە. ئێمە ئەم بەهایە بۆ هەر گەشتیارێکمان بۆیە بەکارهێنا چونکە ئاستی پەرەپێدان لە دلهی بە شێوەیەکی لۆژیکی گونجاوە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان - عێراق. سەرباری ئەمەش، ئێمە سەرنجی ئەوەماندا کە خەمڵاندنی ئێمە بۆ بەهای زیادکراو لەم کەرتەوە هەر بەهایەکی زیادکراو لە فرۆکەخانەکان خۆیانەوەی تێدا نییە. ئێمە نەمانتوانی داتا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە فرۆکەخانە و هێڵە ئاسمانیەکانەوە وەربگرین، و دەکرێت خەمڵاندن بۆ بەهای زیادکراو لەم کەرتەوە بە ئەنجامدانی ئەمە لە ئایندەدا باشتر بکرێت.

لەحاڵەتی گواستنەوە و کۆگاکردندا، دوو بەرەنگاری سەرەکی وابەستەی شیکردنەوەکان بوو. یەکەم، داتای روپێوکردن بۆ یەک کۆمپانیا لەدەستدانێکی گەورەی دەرخست کە رەنگە هەڵەیەکی راپۆرتکردن یان تۆمارکردن لە مەیدان یان هەڵەی تێکردنی داتا بنوێنێت. خەمڵاندنەکانی ئێمە بۆ بەهای زیادکراو پەیرەوی دوو میتۆدی گونجاوی کرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم و دەرەکیەکانی تر. دووەم، لیستی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای چوارچێوەی سامپڵینێکی ساڵی 2009 دانراون. وادەردەکەوێت ژمارەی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و کۆگاکردن لەساڵی 2009 و بەدواوە زیادی کردووە، ئەمەش گەشەکردنێکی تێکرای بە هەرێمی کوردستان - عێراق بەخشیوە.

سەرباری ئەمە، لەوە دەچێت هەڵپەساردنی گواستنەوەی داهات لە بەغداوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی کاتی روپێوەکەدا هەندێک کاریگەری نائومێدانەی لەسەر چالاکی ئابوری گشتی هەبوبێت، ئەمەش لە چالاکی و داهاتە تۆمارکراوەکانی خوار ئاستە ئاساییەکاندا رەنگی داوەتەوە. بۆیە بەم جۆرە لەوە دەچێت خەمڵاندنەکانمان بەکەمزانینی بەهای زیادکراوی ئەم کەرتە بێت لە ساڵی 2012 دا. لەهەمان کاتدا، زۆربەی وەڵامدەرەوەکانی روپێوەکە زانیاریان لەسەر تێچوو و داهاتەکان لە کانونی یەکەمی 2013 دا دەستەبەرکرد، و ئەگەر بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک بەتێپەڕینی کات زیادی کردبێت، رەنگە خەمڵاندنەکانمان زێدە نرخاندنی بەهای زیادکراو بێت بۆ 2012. سەبارەت بە هاوسەنگی، ئێمە گومانی ئەوەمان هەیە پێدەچێت کاریگەریی پێشوو زاڵ بێت، و پێدەچێت خەمڵاندنەکانمان ئاستێکی نزمترینی بەهای زیادکراو بۆ ئەم کەرتە لەساڵی 2012 دا بنوێنێت.

# خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە و خواردەمەنی

ئەم بەشە خەملاندنی بەهای زیادکراو لە چێشتخانەکان و ئوتێلەکانەوە دەخاتەروو، لەسەر بنەمای ئەو روپێوانەی لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ئەنجامدراون.

## میتۆدەکان

### ئوتێلەکان

بەهای زیادکراو لە ئوتێلەکانەوە لەسەر بنەمای روپێوی 2012 ی چالاکیەکانی ئوتێل و حەوانەوە دانراوە. ئێمە داتای روپێومان بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و پوختە راپۆرتێکی پارێزگای دهۆک لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بەدەستهێنا. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئاماژەیدا بەوەی روپێوەکە ئامارێکی هەموو ئوتێلەکان، مۆتێلەکان و کۆمەڵگە گەشتیاریەکان بوو. داتا و راپۆرتەکە دەریخست کە 614 ئوتێل لە هەرێمی کوردستان - عێراق دا هەن (251 ئوتێل لە هەولێر، 154 لە سلێمانی و 209 لە دهۆک).

کاتێک ئەژمارکردنی ئوتێلەکان دەکرێت، پێویستە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر چالاکیدا بکرێت. یەکەم، ئوتێلەکان خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە (بەکرێگرتنی ژووری کورتخایەن و خزمەتگوزاریە گەشتیاریە پەیوەندیدارەکان) دەستەبەر دەکەن، کە هەموو داهاتەکانی پەیوەندیدار بە چالاکیەوە وەک دەرەنجام رەچاو دەکرێت. دووەم، هەروەها ئوتێلەکان خواردەمەنی یان ساردەمەنی پێشتر کڕراو بۆ فرۆشتنەوەیان هەیە. چالاکی پاشتر وەک بازرگانیەکی دابەشکردن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، و دەرەنجام لەم حاڵەتەدا یەکسانە تەنها بە پەراوێزی بازرگانیەکە، کە بریتیە لە جیاوازی نێوان فرۆشتنەکان (داهاتەکان) و تێچووی کاڵای کڕراو. لەم حاڵەتەدا، دەرەنجام هەروەها گۆڕانکاریەکانی کەلوپەل لەخۆ دەگرێت، هەروەک لە کەرتی بازرگانی کۆفرۆشیدا هەیە.

ئێمە بەکاربردنی ناوەندیمان بە کۆکردنەوەی خەرجیەکانی دابینکردنەکانی شمەک خەملاند (بۆ نمونە سوتەمەنی، گاز، پارچەی یەدەک) و خزمەتگوزاریەکان (بۆ نمونە، رێکلامکردن، خزمەتگوزاری یاسایی). پاشان ئێمە بەهای زیادکراومان خەملاند بە بەکارهێنانی میتۆدی پیشەسازی.

### چێشتخانەکان

ئێمە داتای روپێومان لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) وەرگرت بۆ روپێوکردنێکی 2014 ی چێشتخانە و قاوەخانەکان، کە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەنجامدران. روپێوی چێشتخانە نمونەیەکی نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانی لەخۆ گرتبوو. داتاکە لێکدراوی سامپڵینی لەخۆ گرتبوو، کە بەکارمان هێنا بۆ گەیشتن بە خەملاندنێکی بەهای زیادکراو بۆ دانیشتووانی چێشتخانەکان. پەیڕەوکردنی لێکدراوی سامپڵین دەریدەخات کە دانیشتووانی چێشتخانەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق بریتی بوون لە 5,814 (4,735 چێشتخانە لە سلێمانی، 429 لە هەولێر، و 650 لە دهۆک).[1]

ئێمە دەرەنجامی چێشتخانەمان بە کۆکردنەوەی هەموو داهاتەکانی چالاکی-پەیوەندیدار خەملاند. بەکاربردنی ناوەندی وەک کۆکراوەی خەرجیەکانی سەر خواردەمەنی و ساردەمەنی و کاڵا و خزمەتگوزاریە کڕراوەکانی تر (بۆ

1 مایەی سەرسوڕمانە کە گەورەترین ژمارەی چێشتخانەکان لە سلێمانیە، بە بەراوردی رێژەیی بە دوو پارێزگاکەی تر، بەڵام ئەمە بە ژماردنی چوارچێوەکانی سامپڵین بۆ هەریەک لە پارێزگاکان جەختی لەسەر کراوە. هەروەک لە بەشی پانزەیەمدا سەرنجدرا، دەبێت ئاماری دامەزراوەیی پێشنیارکراو یارمەتیدەر بێت لە نوێکردنەوە و ساغکردنەوەی ژمارەی راستی چێشتخانەکان لە خەملاندنەکانی ئایندەدا.

نمونە کارەبا، گاز، ئاو، کرێ) خەملێنرا. پاشان ئێمە بەهای زیادکراومان خەملاند بە بەکارهێنانی میتۆدی پیشەسازی. ئێمە پێوانەکانی سامپڵینمان کە لە داتاکەدا هاتبوو پەیڕەو کرد بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراو بۆ دانیشتووان.

## ئەنجامەکان

خشتەکانی 1.9 و 2.9 خەملاندنەکانی بەهای گشتی زیادکراو بۆ ئوتێلەکان و خزمەتگوزاریەکانی خواردەمەنی دەردەخات (یەکسانە بە کۆی بەرهەم بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی). سەبارەت بە ئوتێلەکان، بەهای زیادکراو دەکاتە 193,1 ملیار دیناری عێراقی (165,9 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی). سەبارەت بە چێشتخانەکان، بەهای زیادکراو دەکاتە 661,4 ملیار دیناری عێراقی (568,2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی).[2] کۆی بەهای زیادکراو بەپێی ئوتێل و چێشتخانەکان بە 854,5 ملیار دیناری عێراقی لە ساڵی 2012 (0,73 ملیار دۆلاری ئەمریکی) مەزندە دەکرێت.

**خشتەی 1.9**
**بەهای زیادکراو بەپێی ئوتێلەکان**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 198,4 | 33,5 | 16,7 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 40,3 | 11,0 | 4,2 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 158,1 | 22,5 | 12,5 |
| کۆی گشتی | 193,1 | | |

**خشتەی 2.9**
**بەهای زیادکراو بەپێی چێشتخانەکان**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 194,9 | 935,8 | 267,5 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 100,5 | 509,7 | 126,6 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 94,4 | 426,1 | 140,9 |
| کۆی گشتی | 661,4 | | |

## گفتوگۆ

لەبەرئەوەی ڕووپێوی ئوتێل بریتی بوو لە ئامارێکی هەموو ئوتێلەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، مەسەلەکانی سامپڵین بۆ ئەم کەرتە لاوەکیە سەری هەڵنەدا. دەشێت ڕووپێوەکە هەندێک ئوتێلی لەبیرکردبێت، کە لەم حاڵەتەدا ڕەنگە بەهای زیادکراو تا رادەیەک کەم نرخێنراو بێت.

دەبێت ئەگەری دوو بەرەنگاری ڕەچاوبکرێت سەبارەت بە ڕووپێوی چێشتخانەکە. یەکەم، ڕووپێوەکە لە 2014 دا ئەنجامدراوە. ئێمە بە شێوەیەکی نمونەیی پێشبینی ئەوە دەکەین بەهای زیادکراو لە ساڵانی دواتردا بەرزتر بێت؛ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پچڕپچڕییەی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ساڵی 2014 ڕوویدا، ئەگەری ئەوە هەیە بەهای زیادکراوی چێشتخانە لەم ساڵەدا کەمتر بووبێت بە بەراورد بە 2012. دووەم، ڕوون نییە کەی چوارچێوەی سامپڵین نوێکراوەتەوە، کە ڕەنگە کەم نرخاندنی بەهای زیادکراوی لێ بکەوێتەوە ئەگەر چێشتخانەی نوێ زیاد نەکرابێت.

---

[2] خەملاندنەکانی بەهای زیادکراومان بۆ چێشتخانەکان بە ڕاپۆرتی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ی بەهای زیادکراو بەراورد کرد. بەهای زیادکراوی ڕاپۆرتکراو لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بریتی بوو لە 99,5 ملیار دیناری عێراقی بۆ هەولێر، 468,8 ملیاری دیناری عێراقی بۆ سلێمانی و 148,6 ملیار دیناری عێراقی بۆ دهۆک. هۆکاری کەمێک بەرزبوونی ژمارەکانی لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی نێوەندیی ئامار (CSO) دا ڕوون نییە، بەڵام ئەگەر ژمارە ڕاپۆرتکراوەکانمان بەکاربهێنایە، کۆی بەهای زیادکراو لە چێشتخانەکاندا دەیکردە 716,9 ملیاری دیناری عێراقی (نزیکەی لەسەدا 8 بەرزتر لە خەملاندنەکانی ئێمە).

## زانیاری و گەیاندن (کۆمپانیا گەورەکان)

ئەم بەشە خەملاندنەکان بۆ بەهای زیادکراوی کۆمپانیا گەورەکان لەبواری زانیاری و گەیاندن دا دەخاتە روو لەسەر بنەمای کۆکراوەیەکی داتا لە چاوپێکەوتنەکان و راپۆرتە دەستەبەرکراوە گشتیەکان. کۆمپانیا بچووکترەکانی ئەم کەرتە وەک بەشێک لە روپێوی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان خراونەتەروو (بڕوانە بەشی دوانزەیەم).

### میتۆدەکان

کەرتی زانیاری و گەیاندن لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیا گەورەکانەوە کۆنترۆڵکراوە، کە پشکێکی گەورەی دەرەنجامی کەرتیی پێک دێنن. بۆ بەدووربوون لە لەدەستدانی ئەم دامەزراوانە بەهۆی پرۆسەی سامپڵینی بەکارهێنراو لە روپێوکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکاندا، ئەو روپێوەمان بە زانیاری دەستەبەرکراوی گشتی دەربارەی کۆمپانیا گەورەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا پاڵپشتی کرد.

لەپێشدا، زانیاریمان دەربارەی کۆمپانیا گەورەکانی تەلەکۆم بەدەستهێنا. سێ کۆمپانیا سەرەکیەکەی تەلەکۆم لە عێراقدا بریتین لە ئاسیاسێڵ، کۆرەک تیلیکۆم و زەین عێراق (وەبەرهێنان لە گرووپدا، 2013). زەین عێراق بنکەی سەرەکی لە بەغدایە و بەزۆری لە باشور و ناوەڕاستی عێراق کاردەکات، بەم پێیە لە خەملاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق دا تەرکیزمان کردە سەر بەشدارییەکان لە ئاسیاسێڵ و کۆڕەکەوە. سەبارەت بە ئاسیاسێڵ، زانیاریمان دەربارەی داهات و خەرجیەکان لە راپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیاکە بۆ ساڵی 2012 و خەملاندنی بەهای زیادکراو بە بەکارهێنانی میتۆدی پیشەسازی بەدەستهێنا (ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندیەکان PJSC- سلێمانی 2013). بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراوی ئاسیاسێڵ کە وابەستەیە بە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئێمە کۆی بەهای زیادکراوی کۆمپانیاکەمان بەسەر کەرتی ئەو کارمەندانەی راپۆرتکراو بەوەی لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا دەژین چەندجارە کرد.[1]

سەبارەت بە کۆرەک، ئێمە بۆی گەڕاین، بەڵام نەمانتوانی زانیاری بەردەستی گشتی دەربارەی داهات و خەرجیەکان بەدەست بێنین. لەبەرئەوە ئێمە بەهای زیادکراوی کۆرەکمان بە چەندجارەکردنی بەهای زیادکراوی خەمڵێنراو بۆ هەر بەشداربوویەکی ئاسیاسێڵ (154,812 دیناری عێراقی بۆ هەر بەشداربوویەک یان 133 دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر بەشداربوویەک) بەگوێرەی ژمارەی بەشداربووانی کۆرەک خەملاند.[2] لەبەرئەوەی بنکەی سەرەکی کۆرەک لە هەرێمی کوردستان - عێراقە، مەزندەی ئەوەمانکرد کە هەموو بەهای زیادکراوەکان بۆ هەرێمەکە دەگەڕێنەوە.

دوووەم، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چوار کۆمپانیای راگەیاندندا (رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، رادیۆ) ئەنجامدا. ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە بەربەستی ئەم چاوپێکەوتنانە ئەوەیە کە لەساڵی 2014 دا ئەنجامدراون، بۆیە رەنگە رەنگدانەوەی ژمارەیەکی گەورەتری کارمەندان بێت زیاتر

[1] رەنگە پشکی کارمەندان نیشاندەرێکی باش نەبێت بۆ پشکی بەهای زیادکراو ئەگەر تەرکیزی دامەزراندن لە یەک شوێن بێت بەڵام چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی قازانج لە شوێنەکانی تر بێت، کە رەنگە لە حاڵەتی ئەم پیشەسازیە کارپێکراو بێت. بەداخەوە، لە نەبوونی زانیاری لەسەر پشکی داهاتی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان - عێراق، هیچ سەرچاوەیەکمان لەبەردەستدا نەبوو جگە لە بەکارهێنانی پشکی دامەزراندن.

[2] ئێمە زانیاریمان دەربارەی ژمارەی بەشداربووان لە "وەبەرهێنان لە گرووپدا" (2013) بەدەستهێنا. ئاسیاسێل راپۆرتی کردووە کە نزیکەی 10 ملیۆن بەشداربووی لە هەموو عێراقدا هەیە، لەکاتێکدا کۆرەک راپۆرتی کردووە بەوەی 4,8 بەشداربووی هەیە. نەمانتوانی زانیاری بەدەست بێنین داخۆ چەند ژمارە لەو بەشداربووانە لەناو هەرێمی کوردستان - عێراقدان.

لەوەی لە 2012 دا هەبوون، ئەگەر کۆمپانیاکانی راگەیاندن بەتێپەربوونی کات گەورە بووبن لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان - عێراق لە گەشەکردندایە. ئێمە بەشێوەیەکی بەرایی هەوڵماندا بەهای زیادکراو بە بەکارهێنانی میتۆدی پیشەسازی بخەمڵێنین. بەڵام، ئەو زانیاریەی داهات کە وەرمانگرت تەواو دیار نەبوو، بۆیە لەبری ئەمە میتۆدی دەرامەتمان بەکارهێنا. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، ئێمە ژمارەی کارمەندانی راپۆرتکراومان چەندجارەی تێکڕای کرێی ساڵانەی کارمەندان (8,1 ملیۆن دیناری عێراقی) کرد بۆ کەرتی راگەیاندن (لە روپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 وەرگیراوە، کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەنجامدرا).[3] هەروەها خەمڵاندنمان بۆ بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر بە نزیکەی لەسەدا 5 بەهای زیادکراو کرد، ئەمەش لەسەر بنەمای پێداچوونەوەیەکی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغێکی پەرەپێدانی ئابوری هاوشێوەی هەرێمی کوردستان - عێراقدان.

## ئەنجامەکان

بەهای زیادکراوی هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا بە 1,844 تریلیۆن دیناری عێراقی (1,58 ملیار دۆلاری ئەمریکی) خەمڵێنرا (خشتەی 1.10).

**خشتەی 1.10**
**بەهای زیادکراوی کۆمپانیا گەورەکان لە کەرتی زانیاری و گەیاندن دا**

| قەوارە | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| (1) ئاسیاسێڵ | 1102,7 |
| (2) کۆرەک | 740,5 |
| (3) کۆمپانیا گەورەکانی تر | 1,1 |
| کۆی گشتی | 1844,3 |

## گفتوگۆ

بەهای زیادکراو لە کەرتی زانیاری و گەیاندن بەشێوەیەکی بەرزتر بەلای کۆمپانیا گەورەترەکاندا لایداوە. لەبەرئەوەی توانیمان راپۆرتی ساڵانەی ئاسیاسێڵ بەدەست بێنین، متمانەمان هەیە بە بەهای زیادکراوی خەمڵێنراوی ئەم کۆمپانیایە. کۆرەک بەرەنگاریەکی گەورەتری پیشاندا، لەبەرئەوەی خەمڵاندنەکانی ئێمە مەزندەی ئەوەی دەکرد کە بەهای زیادکراو بۆ هەر بەشداربوویەک هەمان ئەوەی ئاسیاسێڵ بێت، و هەروەها ئەوەی کە خەمڵاندنی ژمارەی بەشداربووان بۆ ساڵی 2012 گونجاو بێت. دەکرێت خەمڵاندنی ئاییندە بۆ بەهای زیادکراو ئەم کەرتە باشتر بکرێت بە بەدەستهێنانی زانیاری راستەوخۆ لەم دوو کۆمپانیاوە.

[3] ئێمە کرێکانمان بە بەکارهێنانی روپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2013 ئەژمارکرد، لەبەرئەوەی ئەمە ساڵی ئەو روپێوەیە کە زۆرترین داتای تەواوی تێدا بەردەست بێت.

# بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو

ئەم بەشە خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراو بۆ بانکەکان، کۆمپانیاکانی بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو دەخاتە روو. کۆمپانیاکانی تری خزمەتگوزاری دارایی وەک بەشێک لە روپێوی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان خراونەتەروو (بڕوانە بەشی دوانزەیەم).

## میتۆدەکان

### بانکەکان

ئێمە پەیڕەوی میتۆدی دەرامەتمان کرد بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراوی بانکەکان، ئەمەش بە بەردەوامبوون لەسەر پڕاکتیزەی هاوبەشی وڵاتانی پێشکەوتوو. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، هەڵساین بەکۆکردنەوەی کۆی مووچەکان، زیاد لەپێویستی کارپێکردن (سافی قازانجەکان)، و دابەزینی بەها یان بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر. کەرتی بانک لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە چوار جۆر قەوارە پێکدێت:بانکە "بازرگانیە" حکومیەکان، بانکە خۆجێکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، ئەو بانکانەی لقیان لە باقی ناوچەکانی تری عێراق هەیە (بارەگای سەرەکیان لە بەغدایە) و لقیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق هەیە، و بانکە بیانیەکان. لای خوارەوە، وردەکاری زیاتر لەسەر ئەژمارکردنەکانی بەهای زیادکراو بۆ هەر جۆرێکی بانک دەستەبەر دەکەین.

#### *بانکە بازرگانیە حکومیەکان*

زانیاریمان دەربارەی بانکە بازرگانیە حکومیەکان لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) وەرگرت. ئێمە بەهای زیادکراومان لەرێگەی کۆکردنەوەی کۆی خەرجیەکانی مووچە (لەوانە باجی دەرامەت و بەشداریکردنەکانی خانەنشینی) ئەژمارکرد، کە لەرێگەی 79 لقی بانکە بازرگانیە حکومیەکانەوە دەدرێت. قازانجەکان بە سفر راپۆرتکران، بە حوکمی ئەوەی ئەمانە دامەزراوەی حکومین. ئێمە نەمانتوانی داتا لەسەر بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر بەدەست بێنین، بۆیە ئەم رەگەزە لە ئەژمارکردنەکانی ئێمەدا نەهاتووە.

#### *بانکە تایبەتە خۆجێکان*

تەنها سێ بانکی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان - عێراق دا کاردەکەن: بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان (KIBID)، بانکی جیهان، و بانکی هەولێر. سەبارەت بە هەردوو بانکی کوردستان و بانکی جیهان، ئێمە راپۆرتی دارایی 2012 مان بەکارهێنا بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراو لەرێگەی کۆکردنەوەی مووچە و کرێکان، زیاد لەپێویستی کارپێکردن (قازانجەکان)، و دابەزینی بەها.[1] سەبارەت بە بانکی هەولێر، ئێمە نەمانتوانی راپۆرتێکی دارایی بەدەست بێنین، بۆ بەدەستهێنانی داتا بۆ ساڵی 2011 راپۆرتێکمان بەکارهێنا کە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) دەستەبەر کرابوو. پاشان هەڵساین بە هەڵئاوسانی زانیاری بۆ 2012، بە مەزندەکردنی گەشەسەندنی یەکسان بە تێکڕای گەشەسەندنی تۆمارکراو بۆ بانکەکانی KIBID و جیهان (لەسەدا 83).

لە هەڵسەنگاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق، گرنگە تەنها بەهای زیادکراو کە لەراستیدا لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەرهەمهاتووە لەبەرچاو بگیرێت، لەوەی لە بەشەکانی تری عێراق یان دەرەوەی وڵات. راپۆرتی دارایی بانکی

[1] وەک پشکنینێکیش، هەروەها بەهای زیادکراوی 2011 مان بە بەکارهێنانی داتا لە راپۆرتە داراییەکانی 2012 ەوە خەملاند. ژمارەکانی 2011 هاوتا بوون لەگەڵ ئەو ژمارانەی لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بەجیا دەستەبەر کران.

کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان (KIBID) ئاماژە دەکات بەوەی کە یەک لقی هەیە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان - عێراق، لە بەغداد، و ئەوەی ئەم لقە بەرپرسیارە لە لەسەدا 8,55 ی کۆی قازانجی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان (KIBID). بەهەمان شێوە، راپۆرتی دارایی بانکی جیهان ئاماژە دەکات بەوەی لەسەدا 23,59 ی قازانجەکەی لەلایەن لقی بەغدایەوە بەرهەم دێت. بەم جۆرە، ئێمە تەنها لەسەدا 91,45 و لەسەدا 76,41، یەک لەدوای یەکی بەهای زیادکراوی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان (KIBID) و بانکی جیهان بۆ کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق تەرخان دەکەین. سەبارەت بە بانکی هەولێر، ئێمە مەزندەی ئەوە دەکەین کە پشکی هەرێمی کوردستان - عێراق بریتیە لە تێکڕای پشکە راپۆرتکراوەکان لەلایەن بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان KIBID و بانکی جیهان (لەسەدا 84).

***بانکە عێراقیە تایبەتەکان***

لەباقی ناوچەکانی عێراقدا 24 بانک هەن کە لە هەرێمی کوردستان - عێراق دا کاردەکەن. دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراوی 2011 بۆ 21 لەم بانکانە دەستەبەر کرد، کە بۆ خەمڵاندنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بەکاری دێنین.[2] بەهای زیادکراوی ئەم بانکانە لە 2011 دا یەکسان بوو بە 413,9 ملیار دیناری عێراقی (356 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی). بۆ هەڵئاوسانی ئەم ژمارانە بۆ 2012، ئێمە گەشەکردنی رووکەشی راپۆرتکراوی کەرتی بانک و بیمە بۆ هەموو عێراقمان بەکارهێنا، کە دەکاتە لەسەدا 30,43[3] ئەمە بەهای زیادکراوی بانکە عێراقیەکانی کەرتی تایبەت کە لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا کاردەکەن گەیاندە کۆی 540 ملیار دیناری عێراقی (463 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) (بڕوانە خشتەی E.2).

نەمانتوانی زانیاری لەسەر پشکی بەهای زیادکراو یان دامەزراندنی تایبەت بە بە لقەکانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەدەست بێنین. بۆ چارسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، خەمڵاندنێکمان ئەنجامدا بۆ ئەم پشکە پەرە پێداوە لەسەر بنەمای خەمڵاندنەکانی پێشووی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق (van Tongeren and Bartlema, 2010). خەمڵاندنەکانی پێشوو دەریدەخات کە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) نا-نەوتی هەرێمی کوردستان - عێراق بریتی بوو لە 20,954 ملیار دیناری عێراقی لە 2008، و ئەوەی کە کەرتی بانک و بیمە نزیکەی لەسەدا 1,3 ی بەهای زیادکراوی دەکەوێت. بە رەچاوکردنی ئەوەی بانک و بیمە لەسەدا 15,1 ی کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) ی عێراقی پێکهێنا لە ساڵی 2009[4] و ئەوەی کە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی نا-نەوتی هەرێمی کوردستان - عێراق بەشێوەیەکی نزیکەیی لەسەدا 25 ی کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) ی نا-نەوتی عێراق پێک دێنێت، ئێمە مەزندەی ئەوەمان کرد کە پشکی بانک و بیمە هەرێمی کوردستان - عێراق بەنزیکەیی دەکاتە لەسەدا 21,5 (لەسەدا 25 × [1,51/1,3]). بە بەکارهێنانی ئەم مەزندە زانراوە، ئێمە بڕی 116 ملیار دیناری عێراقیمان دانا (100 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) وەک بەهای زیادکراوی بانکە عێراقیەکانی بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق.

***بانکە بیانیەکان***

بەگوێرەی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان - عێراق، 10 بانکی بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا کاردەکەن. ئێمە خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراوی سیان لەو بانکانەمان—بانکی بەیروت، بانکی ڤەکفلەر، و بانکی کشتوکاڵی تورکی—لە ساڵی 2011 دا، لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بەدەستهێنا.[5] مەزندەی ئەوەمان کرد کە بەهای زیادکراوی باقی حەوت بانکەکە بریتی بوو لە سفر، لەبەرئەوەی دەرکەوت کە ئەمانە بانکی تازە دامەزراون بەبێ ئەوەی بەهای زیادکراوی بەرچاویان هەبێت لەم کاتەدا.

بۆ زانینی پشکی بەهای زیادکراوی پاڵدراو بە هەرێمی کوردستان - عێراق، ئێمە شوێنەکانی لقی هەریەک لە بانکەکانمان تاقیکردەوە. ئۆپەراسیۆنەکانی بانکی ڤەکفلەر لە عێراق تەنها یەک لقی لە هەولێر هەیە، بۆیە ئێمە مەزندەی ئەوەمانکرد کە هەموو بەها زیادکراوەکانی لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان - عێراقدان. هەردوو بانکی بەیروت و بانکی کشتوکاڵی تورکی یەک لقیان لە هەولێر و یەک لقیان لە بەغداد هەیە—بەم جۆرە مەزندەی ئەوەمانکرد کە لەسەدا 50 ی بەهاکانیان پاڵدراوە بە هەرێمی کوردستان - عێراقەوە. ئێمە پاشان بەهاکانی 2011 مان هەڵئاوساند بۆ 2012، بە مەزندەکردنی هەمان رێژەی گەشەی بانک هەروەک بانکە تایبەتە خۆجێکان (لەسەدا 83).

---

[2] دەردەکەوێت دوو بانکی ئیزافی کارکردنێکی کەم بەهایان لەهەرێمی کوردستان - عێراق هەیە؛ ئێمە نەمانتوانی زانیاری زیاتر دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق بزانین. بانکێکی سێهەم لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) وەک بیانی پۆلێنکراوە و بەهای زیادکراوی نەرێنی راپۆرتکردووە. ئێمە ئەم سێ بانکەمان لە ئەژمارکردنەکانی خۆمان بەدەرکرد.

[3] بەگوێرەی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO)، بڕی رووکەشی کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) ی کەرتی بانک و بیمە لە عێراقدا گەشەی کردووە لە 2779312,2 ملیۆن دیناری عێراقی بۆ 3625093,8 ملیۆن دیناری عێراقی (2,4 بۆ 3,1 ملیاری دۆلاری ئەمریکی) لەنێوان ساڵانی 2011 و 2012 دا. بڕوانە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO)، بێ بەروار.

[4] کۆی GDP عێراق، بە بەدەرکردنی نەوتی خاو، بە 74,6 تریلیۆن دیناری عێراقی (64 ملیار دۆلاری ئەمریکی) بوو لەساڵی 2009 دا. بڕوانە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO)، بێ بەروار.

[5] ئێمە داتاکانی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) کە ژمارەی نەرێنیان تێدابوو بەدەرمان کرد، لەبەرئەوەی ئەمانە ژمارەی ناجێگیرن و ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ساڵانی دواتر هەڵگیرابن.

### کۆمپانیاکانی بیمە

کەرتی بیمە لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەوە دەناسرێتەوە کە کەرتێکی تایبەتی بچووکە و سێ دامەزراوەی گەورەی هەیە کە سەر بە کەرتی گشتیە و بارەگای سەرەکی دامەزراوەکانیان لە بەغدایە. ئێمە بەهای زیادکراو بۆ دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتمان لەسەر بنەمای زانیاری لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ سێ کۆمپانیای سەرەکی بیمە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق—ئور، ستار، و ئاسیا خەمڵاند. سەبارەت بە ئاسیا و ئور، ئێمە بەهای زیادکراومان لەسەر بنەمای میتۆدی دەرامەت ئەژمار کرد، بە کۆکردنەوەی قازانجەکان و مووچەکان. کۆمپانیای ستار تەنها داتای داهاتی دابینکرد، بۆیە ئێمە مەزندەی ئەوەمان کرد کە رێژەیەکی "بەهای-زیادکراو-بۆ-داهات"ی هەبووە یەکسان بێت بە تێکڕای ڕێژەی ئەژمارکراو بۆ دوو کۆمپانیاکەی تر و ئەمە بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بەکارهێنرا.

سەبارەت بە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی، ئێمە زانیاری سێ کۆمپانیامان وەرگرت—کۆمپانیای بیمە نیشتیمانی، کۆمپانیای بیمە عێراقی، و کۆمپانیای ئیراکی رێنیسانس Iraqi Reinsurance—بۆ ساڵی 2011. ئێمە میتۆدی سەروو-خواروومان بەکارهێنا، بە خستنە پاڵی پشکێکی بەهای زیادکراوی هەموو عێراق بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق. ئێمە لەسەدا 21,5 ی بەهای زیادکراوی هەموو عێراقمان خستەپاڵ هەرێمی کوردستان - عێراق، لەسەر بنەمای ڕێژەی سەدی بەکارهێنراو بۆ بانکە عێراقیە تایبەتەکان. ئێمە ئەگەری ئەوەمان دانا کە بەهای زیادکراو لەنێوان 2011 و 2012 دا نەگۆڕاوە.

### ئاڵوگۆڕی دراو

هەردوو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) رووپێوێکی ئاڵوگۆڕی دراو و دامەزراوەکانی ئاڵوگۆڕی دراوی نێردە کرد کە لە 2012 دا لە هەموو عێراقدا لەکاردابوون، لەوانە هەرێمی کوردستان - عێراق. ئێمە پوختەیەکی ئەنجامەکانمان بەدەست هێنا، لەوانە ئەژمارکردنێکی بەهای زیادکراو بەپێی پارێزگا. ئەژمارکردنەکە لەرێگەی رێبازێکی بەرهەم و رێبازێکی دەرامەتەوە پشتگیری دەکرێت، لەبەر هەبوونی زانیاریمان لەسەر دەرەنجام، بەکاربردنی ناوەندی، باج و کرێکانی بەرهەم، هەروەها زانیاری لەسەر قەرەبووی کارمەندان و ئۆپەراسیۆنەکانی کارکردنی زیادە.

## ئەنجامەکان

بەهای زیادکراوی هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا بە 269,5 ملیار دیناری عێراقی لە بانکەکانەوە، 16,2 ملیار دیناری عێراقی لە کۆمپانیاکانی بیمە، و 19,5 ملیار دیناری عێراقی لە ئاڵوگۆڕەکانی دراو، بۆ کۆی 305,3 ملیار دیناری عێراقی (262,3 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) خەمڵاند (خشتەی 1.11). خشتەی E وردەکاری زیاتر لەسەر ئەژمارکردنەکان بۆ بانکەکان و ئاڵوگۆڕی پارە پیشان دەدات.

**خشتەی 1.11**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی دارایی**

| چەشن | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| بانکەکان | 269,6 |
| بانکە بازرگانیە حکومیەکان | 48,5 |
| بانکە تایبەتە خۆجێکان | 102,5 |
| بانکە تایبەتە عێراقیەکان | 116,1 |
| بانکە بیانیەکان | 2,5 |
| کۆمپانیاکانی بیمە | 16,2 |
| ئاڵوگۆڕی دراو | 19,5 |
| کۆی گشتی | 305,3 |

## خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM)

بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان بەهایەک بۆ خزمەتگوزاریەکانیان دەبڕن کە ڕێژەکانی سوودی لەناواخندایە کە ڕووبەرووی قەرزاران و قەرزدەران دەبێتەوە. ئەم خزمەتگوزاریانە کە بە خزمەتگوزاریەکانی نێوەندکاری دارایی پێوانەکراوی ناراستەوخۆ ناسراون، پێویستە لە بەهای زیادکراوی گشتی بپاڵێورێن. بەشێوەیەکی پراکتیکی، دەکرێت خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) وەک جیاوازی نێوان سوودی وەرگیراو لە قەرزەکانەوە و سوودی دراو لەسەر پاشەکەوتەکان بخەمڵێنرێت. پێشنیاری ئەوە دەکرێت (*سیستمی ژمێریاری نیشتیمانی 2008*، 2009) کە خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) وەک تێهات بۆ پیشەسازیەکان تەرخان بکرێت (لەوانە کارگێڕی گشتی) و خێزانەکان، و تەنها ئەو بەشەی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) کە وەک تێهات بۆ پیشەسازیەکان تەرخان دەکرێت بپاڵێورێت. بەڵام، لەکاتێکدا ئێمە داتامان هەیە لەسەر کۆی سوودە وەرگیراوەکان و دراوەکان، زانیاری زیاترمان نییە لەسەر قەرز و پاشەکەوتەکان کە پێویستن بۆ تەرخانکردنی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) لەڕێی پیشەسازی و خێزانەکانەوە، نە ئێمەش چاودێری کرێ ئاشکراکانی خزمەتگوزاری دەکەین. بەم جۆرە ئێمە پەیڕەوی *سیستمی ئەژمێری نیشتیمانی 1993* ڕێنمایی و مامەڵەکردن دەکەین لەگەڵ هەموو خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) هەروەک بۆ پیشەسازیەکان تەرخان کرابن. وردەکاریەکان لەسەر خەمڵاندنەکانی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) لە پاشکۆی E دا هاتوون. بە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە، ئێمە خەمڵاندنمان بۆ خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) کرد کە 58,4 ملیار دیناری عێراقی (50,2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) بێت.

## گفتوگۆ

بەهای زیادکراومان بۆ کەرتی بانکەکان، بیمە، و ئاڵوگۆڕی پارە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە خەمڵێنراوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر بنەمای میتۆدی دەرامەت ئەنجام دراوە. دوو مەزندە گرنگەکەی لەنێو چەندین مەزندەماندا هەبوو بریتی بوون لە (1) وردەکاری کەرتیی بەهای زیادکراوی پاڵدراو بە هەرێمی کوردستان - عێراق، و (2) ڕێژەی گەشەکردن لە بەهای زیادکراو لەنێوان ساڵانی 2011 و 2012 دا. لەهەر کوێیەک داتا بەردەست بووبێت، ئێمە خەمڵاندنەکانمان بۆ ئەم دوو فاکتەرە لەسەر بنەمای کۆمپانیا هاوشێوەکان بووە. سەرەڕای هەموو ئەو خەمڵاندنانەی ئەنجامیان دەدەین، لەسەدا 1,1 ی بەهای زیادکراو بەپێی ئەم کەرتە بۆ تێکڕای ئابوری زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ڕێژەی لەسەدا 1,3 ی خەمڵاندن بۆ ساڵی 2008 کە لای سەروو باسکراوە. دەکرێت خەمڵاندنەکانی ئایندەی بەهای زیادکراو باشتر بکرێن بە کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆی داتای وردەکاری زیاتر و نوێکراوە.

## خزمەتگوزاریە هەمەجۆرەکان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) (هەندێک جار بەهاوکاری دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ڕووپێوی بۆ چەندین چالاکی سەرەکی لە کەرتی خزمەتگوزاریەکاندا ئەنجامداوە. ئەم رووپێوانە زانیاری پێویست بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو دەستەبەر دەکەن. ئەم چالاکیانە بازرگانی، چێشتخانە و قاوەخانەکان، ئوتێلەکان، و ئاڵوگۆڕی دراو دەگرنەوە. بەڵام ژمارەیەک لە چالاکیەکانی خزمەتگوزاری تر ئەم روپێوانە نەیگرتوونەتەوە، وەک خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن (لە بەشی هەشتەمدا باسکرا) و ئەم چالاکیانەی خزمەتگوزاری لای خوارەوە:

1. زانیاری و گەیاندن (بەتایبەتی بڵاوکردنەوەی کتێب، رۆژنامەکان، بەرنامەسازی کۆمپیوتەر، راوێژکاری، و چالاکیە خزمەتگوزاریەکان؛ و خزمەتگوزاریەکانی زانیاری). لەکاتێکدا ئەم پۆلە کۆمپانیا گەورەکانی تەلەکۆم، تەلەفزیۆن، رادیۆ، و کۆمپانیاکانی تۆمارکردن هەروەها وەشێنەرە گەورەکان لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵەیەکی لاوەکی لەم کۆمپانیا گەورانە بەجیا لەرێگەی چاوپێکەوتن و کۆکردنەوەی داتا گشتیە بەردەستەکانەوە رووماڵکراون).[1]
2. دارایی و بیمە
3. موڵک
4. چالاکیە پیشەگەری، زانستی و تەکنیکیەکان
5. چالاکیەکانی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی
6. چالاکیەکانی کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی
7. هونەر، کەیفخۆشی و رابواردن
8. چالاکیە خزمەتگوزاریەکانی تر.

زۆربەی ئەم چالاکیانە بەشێوەیەکی تاکانە تەنها بڕێکی بچووکی هەموو خزمەتگوزاریەکان و، تەنانەت زیاتر لەوەش، لەوەی تێکڕای کۆبەرهەمی هەرێمی (GPR) پێک دێنن. بەڵام بەیەکەوە، ئەمانە گرنگی خۆیان دەبێت. جیاواز لەو کەرتانەی لە روپێوەکانی ئەم دواییەدا هاتوون و روپێوی پڕۆژەکانی بیناسازی نوێ کە لە بەشی شەشەمدا باسکرا، بەشێوەیەکی گشتی هیچ لیستێکی نوێی پڕۆژەکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە بۆ ئەم چالاکیە جۆراجۆرانە نییە کە بتوانرێت وەک چوارچێوەیەکی سامپڵین بۆ روپێوە نوێکان بەکاربێنرێت. بەشێوەیەکی بەشەکی، ئەمە رەنگدانەوەی ئەو راستیەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەم کەرتە لاوەکیانە، بەشێوەیەکی رێژەیی بڵێین، بە ژمارە کەمن. بەرەچاوکردنی نەبوونی لیستە نوێکراوەکانی پڕۆژەکان لە سەرچاوەکانی ترەوە، ئێمە پشت بە ئامارەکانی 2009 دەبەستین وەک چوارچێوەیەک بۆ سامپڵینی روپێوی ئەو چالاکیانەی لای سەرەوە هاتوون هەروەها روپێوی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و کۆگاکردن. ئێمە گفتوگۆ دەربارەی میتۆدی سامپڵین لە پاشکۆی F دا دەکەین.

[1] بەشێوەیەکی تایبەتی، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دوو دەزگای رۆژنامەگەری، یەک بڵاوکەری گۆڤار، و یەک کۆمپانیای پەخشی رادیۆ ئەنجامدا. وێڕای ئەمە، ئێمە بەهای زیادکراوی دوو کۆمپانیای گەورەی تەلەکۆممان لەسەر بنەمای زانیاری گشتی دەستەبەرکراو خەمڵاند. بەهای زیادکراوی ئەم کۆمپانیانە لە بەشی دەیەمدا راپۆرتکراوە.

## میتۆدەکان

### ڕووپێوی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان

هەروەک لە بەشی هەشتەمدا سەرنجدرا، روپێوی خزمەتگوزاریەکان چالاکیەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن هەروەها چالاکیەکانی خزمەتگوزاریەکانی تریش لەخۆ دەگرێت. ئەنجامەکان بۆ گواستنەوە و کۆگاکردن لە بەشی هەشتەمدا پێشکەشکرا؛ لێرەدا ئەنجامەکان بۆ چالاکیەکانی خزمەتگوزاریەکانی تر دەخەینە روو.

هەروەک روپێوەکەی گواستنەوە/کۆگاکردن، روپێوی خزمەتگوزاریەکان لە بەهاری 2014 دا ئەنجامدرا. هەروەک کەرتی گواستنەوە/کۆگاکردن، کەرتی خزمەتگوزاریەکان لەلایەن کۆمپانیا بچووکەکانەوە زاڵبوونی پێوە دیارە، ژمارەیەکی زۆر لەوان تۆماری فەرمی ئەژمێرەکانیان راناگرن و بەم پێیەش ناتوانن زانیاری وردبینانەی داهات و خەرجیەکان بۆ ماوەی سەرچاوەی ساڵانە دەستەبەر بکەن. لەبەرئەوە داوا لە وەڵامدەرەوەکان کرا زانیاری داهات و تێچووی مانگی رابردوو راپۆرت بکەن، بەڵام ئەوان دەیانتوانی ماوەیەکی جیاواز بە سەرچاوە بگرن ئەگەر بە پەسەند بزانرێت. زۆربەی وەڵامدەرەوەکان زانیاری کانونی یەکەمی 2013 یان راپۆرتکرد.

لەکۆی 1628 کۆمپانیای لیستکراو لە سامپڵی جێمەبەستی کۆمپانیاکان کە ئەدای چالاکیەکانی تر (غەیری گواستنەوە، غەیری کۆگاکردن) دەکەن، زانیاریمان بۆ 1598 کۆمپانیا وەرگرت، لەوانە 1572 کۆمپانیا چاوپێکەوتنی تەواوی سەرکەوتووانەیان هەبوو. لەمانە لەکۆی 1572 کۆمپانیا، 585 لە هەولێر، 676 لە سلێمانی و 311 لە دهۆک بوون. خشتەی 12,1 ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە چاوپێکەوتنەکانیان تەواو کردووە بەپێی کەرت و پارێزگا.

ئێمە ئەژماری بەهای زیادکراومان کرد وەک کۆی بەرهەم بە لێدەرکردنی بەکاربردنی ناوەندی، وەک لای خوارەوە:

کۆی بەرهەم =
فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکان
+ فرۆشتنی کاڵا
+ کرێی خانووبەرە
+ کرێی سەرمایە و کاڵاکانی تر
+ داهاتەکانی تر
+ گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواوکراوەکان

**خشتەی 1.12**
**ژمارەی خەمڵێنراوی ئەو کۆمپانیانەی چالاکیە خزمەتگوزاریەکانی تر کە بە سەرکەوتوویی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، 2014**

| کەرت | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| زانیاری و گەیاندن | 12 | 36 | 31 | 79 |
| دارایی و بیمە | | 21 | 17 | 50 |
| موڵکداریێتی | 39 | 58 | 63 | 160 |
| پیشەگەری، تەکنیکی و زانستی | 98 | 87 | 70 | 255 |
| کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی | 36 | 110 | 103 | 249 |
| تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 7 | 24 | 16 | 47 |
| هونەر، کەیفخۆشی و رابواردن | 28 | 43 | 32 | 103 |
| خزمەتگوزاریەکانی تر | 79 | 297 | 253 | 629 |
| کۆ | 311 | 676 | 585 | 1572 |

سەرچاوە: روپێوی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان.

بەکاربردنی ناوەندی =
تێچووی ئەو کاڵا و مەوادانەی کە بۆ فرۆشتنەوە یان بۆ پیشەسازی کڕراون
+ تێچووی ئاو، کارەبا، خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیکردن، و گواستنەوە
+ کرێی باڵەخانە و ئۆفیسەکان
+ کرێی مەکینە، ئامێرەکان و کاڵاکان
+ کرێی سەخپێری و چاکردنەوەکان
+ تێچووی خزمەتگوزاریە یاساییەکان، ڕێکلامکردن، بیمە، و خزمەتگوزاریەکانی تر
+ تێچوونەکانی تر
– گۆڕانکاری لە کەلوپەلی مەوادی خاو و کاڵا کڕراوەکان بۆ فرۆشتنەوە.

بەهۆی هەبوونی جیاوازی لەنێوان سامپڵی جێمەبەست و ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی سەرکەتووانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدرا، ئێمە پێوانەی بێ وەڵامەکانمان بەپێی چالاکی و پاریزگا ئەژمار کرد. پێوانە هەموارکراوەکانی دەرەنجام بە چەندبارەیەک بۆ گەیشتن بە کۆی ژمارەی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا (20065) دەرهێنرا.

بە هەمان شێوەی بیناسازی و گواستنەوە/کۆگاکردن، ئێمە چەندین بەهای دەرەکیمان لە کۆکراوەی داتاکەدا دۆزیەوە. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان، هەمان شێوازناسیمان پەیڕەو کرد، بە بەکارهێنانی تێکڕای دوو شێواز هەروەک لە بەشی شەشەمدا هاتووە.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا خزمەتگوزاریە گەورەترەکاندا**

سەرباری هەبوونی هەزاران کۆمپانیای بچووک و قەبارە مامناوەندی، کەرتی خزمەتگوزاریەکان ژمارەیەکی بچووکتر لە پرۆژە گەورەترەکان لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی لەبوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا (بەتایبەتی خوێندنگاکان و نەخۆشخانەکان). هەرچەندە بە ژمارە کەمن، ئەم پرۆژانە بەهۆی قەبارەکەیانەوە بەشێوەیەکی نارێژەیی بەشدارن لە بەهای زیادکراو. لەبەرئەوەی پرۆسەی سامپڵینی هەڕەمەکی لە روپێوی خزمەتگوزاریە جیاجیاکاندا بەکارهێنرا، ئەم پرۆژە گەورە تا رادەیەک تاکانە بەشێوەیەکی گشتی لە روپێوەکەدا نەهاتوون، ئەمەش بەم پێیە لەدەستدانی بەشێکی گرنگە لە بەهای زیادکراو لەو کەرتانەدا کە پەیوەندیدارن. لەبەرئەوە هەڵساین بە تەواوکاری روپێوەکە بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نەخۆشخانە و خوێندنگاکان. ئەم چاوپێکەوتنانە تەنها نەخۆشخانە و خوێندنگا تایبەتەکانی گرتەوە، لەبەرئەوەی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی لەژێر کەرتی کارگێڕی گشتیدان (بەشی سیانزەهەم).

ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دوو نەخۆشخانەی گەورەدا ئەنجامدا. هەورەها توانیمان لیستێک بە ژمارەی قەرەوێڵەکان لە هەریەک لە گەورەترین نەخۆشخانە تایبەتەکان بەدەست بهێنین. لیستەکە 43 دامەزراوەی تەندروستی کەرتی تایبەتی لەخۆ گرتبوو بە کۆی 646 قەرەوێڵە. ئێمە بەهای زیادکراوی بەرهەمهاتوومان بۆ هەر قەرەوێڵەیەک لە دوو نەخۆشخانەکە ئەژمارکرد کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام دابوون؛ ئەم بەهایانە تەواو هاوشێوە بوون (نزیکەی 28 ملیۆن دیناری عێراقی یان 24000 دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر قەرەوێڵەیەک). پاشان ئێمە ئەم بەهایەمان بۆ کۆی قەرەوێڵەکان لە لیستەکەدا هەڵێنجا، بە بەکارهێنانی بەهای زیادکراو لە هەریەک لە دوو نەخۆشخانەکەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدرا، و تێکڕایەکی دوو خەملاندنەکانمان وەرگرت.

هەروەها دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ یەک خوێندنگای تایبەتدا ئەنجامدا. هەروەها توانیمان لیستێک بە ژمارەی خوێندکاران لە هەریەک لە گەورەترین خوێندنگا تایبەتەکان بەدەستهێنا. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندنگاکە، زانیاری پێویستمان بەدەست نەهێنا بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بە بەکارهێنانی میتۆدی بەرهەم. بەم جۆرە، هەروەک کەرتی راگەیاندن، لەبری ئەمە میتۆدی دەرامەتمان بەکارهێنا. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، هەڵساین بە لێکدانی ژمارەی راپۆرتکراوی مامۆستایان لە تێکڕای مووچەی ساڵانە (8,6 ملیۆن دیناری عێراقی یان 7400 دۆلاری ئەمریکی) بۆ کارمەندان لە کەرتی پەروەردە لە ساڵی 2013 (لە روپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان وەرگیراوە). هەروەها خەملاندنمان بۆ بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر بە نزیکەی لەسەدا 5 بەهای زیادکراو کرد، ئەمەش لەسەر بنەمای پێداچوونەوەیەکی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغێکی پەرەپێدانی ئابوری هاوشێوەی هەرێمی کوردستان - عێراقدان. پاشان ئێمە ئەم بەهایەمان بۆ کۆی ژمارەی خوێندکاران لە لیستی خوێندنگا تایبەتەکاندا لێکدا.

## ئەنجامەکان

**ڕووپێوی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان**

خشتەی 12,2 خەملاندنی بەهای زیادکراوی گشتی دەردەخات بە پەیڕەوکردنی دوو ئاراستەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان لە پەناڵەکانی أ و ب. هەروەک لای سەرەوە سەرنجدرا، ئێمە تێکڕایەکی هەردوو میتۆدەکە بەکاردێنین بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراوی کۆتا، کە لە پەناڵی ج دا پیشاندراوە. بەهای زیادکراو بە 1966 تریلیۆن دیناری عێراقی (1,69ملیار دۆلار) دەخەملێنرێت. خشتەی 12,3 تێکڕای بەهای زیادکراوی گشتی بەپێی چالاکی پیشان دەدات.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان**

خشتەی 12,4 بەهای زیادکراوی گشتی بۆ نەخۆشخانە تایبەتە گەورەکان، لەسەر بنەمای مێتۆدی باسکراو لای سەروو پیشان دەدات. هەروەک لای سەروو سەرنجدرا، ئێمە بەهای زیادکراومان لەسەر بنەمای بەهای زیادکراوی بەرهەمهاتوو بۆ هەر قەرەوێڵەیەکی دوو نەخۆشخانەکە خەملاند و تێکڕایەکی دوو خەملاندنەکەمان وەرگرت. بەهای زیادکراو بە 18,0 ملیار دیناری عێراقی (0,016 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) خەملێنراوە.

سەبارەت بە خوێندنگا گەورەکان، بەهای زیادکراو بۆ هەر خوێندکارێک بۆ خوێندنگا تایبەتە گەورەکانمان لێکدا، لەسەر بنەمای مێتۆدی باسکراو لای سەروو. بەهای زیادکراو بە 15,3 ملیار دیناری عێراقی (0,013 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) خەملێنراوە.

خشتەی 5.12 کۆی بەهای زیادکراوی کەرتی خزمەتگوزاریەکان پیشان دەدات، کە بە 1,99 تریلیۆن دیناری عێراقی (1,72 ملیار دۆلاری ئەمریکی) دەخەملێنرێت.

**خشتەی 2.12**
**بەهای زیادکراوی کەرتی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای روپێو**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| أ: بەهای زیادکراوی خەملێنراو وەک کۆی بەرهەم × بەهای زیادکراوی مامناوەندی بۆ ڕێژەی دەرەنجام | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 234,6 | 1035,1 | 1929,3 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 72,3 | 330,9 | 643,1 |
| ڕێژەی مامناوەندی (بەهای زیادکراو. دەرەنجام) لە هەموو پۆلەکاندا | 0,6916 | 0,6803 | 0,6666 |
| (3) تێکڕای بەهای زیادکراو | 162,3 | 704,2 | 1286,2 |
| کۆی گشتی | 2152,7 | | |
| ب: بەهای زیادکراوی هەموارکراو بۆ ئەو کۆمپانیانەی بە ڕێژەی سەدی 1 سەروو و خواروون سەبارەت بە ڕێژەی دەرەنجام بۆ خەرجی | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 234,6 | 1035,1 | 1929,3 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 74,8 | 609,4 | 735,0 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 159,8 | 425,7 | 1194,3 |
| کۆی گشتی | 1779,8 | | |
| ج: تێکڕای دوو میتۆدەکە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەکیەکان | | | |
| (1) کۆی بەرهەم | 234,6 | 1035,1 | 1929,3 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 73,6 | 470,1 | 689,0 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 161,1 | 565,0 | 1240,2 |
| کۆی گشتی | 1966,3 | | |

**خشتەی 3.12**
**بەهای زیادکراوی کەرتی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای روپێو، بەپێی چالاکی**

| چالاکی | دهۆک | | سلێمانی | | هەولێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرهەم | بەهای زیادکراو | بەرهەم | بەهای زیادکراو | بەرهەم | بەهای زیادکراو |
| زانیاری و گەیاندن | 14,9 | 10,6 | 66,5 | 38,5 | 13,3 | 7,9 |
| دارایی و بیمە | 10,5 | 7,7 | 291,3 | 134,2 | 68,5 | 28,5 |
| موڵک | 21,8 | 15,9 | 83,3 | 38,6 | 78,4 | 58,4 |
| پیشەگەری، تەکنیکی و زانستی | 20,6 | 13,1 | 70,0 | 40,7 | 68,9 | 36,9 |
| تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 7,7 | 5,8 | 50,5 | 36,5 | 105,6 | 77,6 |
| کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی | 40,3 | 30,0 | 114,7 | 79,6 | 1406,5 | 908,0 |
| هونەر، کەیفخۆشی و رابواردن | 35,5 | 21,8 | 51,9 | 36,0 | 86,9 | 60,1 |
| چالاکیە خزمەتگوزاریەکانی تر | 83,3 | 56,2 | 306,9 | 160,9 | 101,2 | 62,8 |
| کۆ | | 161,1 | 1035,1 | 565,0 | 1929,3 | 1240,2 |

**خشتەی 4.12**
**بەهای زیادکراو بەپێی نەخۆشخانە تایبەتەکان، میتۆدە جیاوازەکان**

| میتۆد | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| بەکارهێنانی بەهای زیادکراو بۆ هەر قەرەوێڵەیەک لە نەخۆشخانەی 1# | 18,3 |
| بەکارهێنانی بەهای زیادکراو بۆ هەر قەرەوێڵەیەک لە نەخۆشخانەی 2# | 17,8 |
| تێکڕا | 18,0 |

**خشتەی 5.12**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرتی خزمەتگوزاریە جیاجیاکان**

| چەشن | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| روپێوی خزمەتگوزاریەکان | 1966,3 |
| نەخۆشخانە تایبەتە گەورەکان | 18,0 |
| خوێندنگا تایبەتە گەورەکان | 15,3 |
| کۆ | 1999,6 |

## گفتوگۆ

لەحاڵەتی روپێوی خزمەتگوزاریەکاندا، لیستی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای چوارچێوەی سامپڵینێکی 2009 بووە. وادەردەکەوێت ژمارەی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری لەساڵی 2009 و بەدواوە زیادی کردووە، ئەمەش گەشەکردنێکی تێکڕای بە هەرێمی کوردستان - عێراق بەخشیوە. بۆیە خەمڵاندنەکانمان پێدەچێت کەم نرخاندنی بەهای زیادکراوی ئەم کەرتە بێت لە ساڵی 2012 دا. لەهەمان کاتدا، زۆربەی وەڵامدەرەوەکانی روپێوەکە زانیاریان لەسەر تێچوو و داهاتەکان لە کانونی یەکەمی 2013 دا دەستەبەرکرد، و ئەگەر بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک بەتێپەڕینی کات زیادی کردبێت، رەنگە خەمڵاندنەکانمان زێدە نرخاندنی بەهای زیادکراو بێت بۆ 2012. سەبارەت بە هاوسەنگی، ئێمە گومانی ئەوەمان هەیە پێدەچێت کاریگەریی پێشوو زاڵ بێت، و خەمڵاندنەکانمان ئاستێکی نزمتری بەهای زیادکراو بۆ ئەم کەرتە لەساڵی 2012 دا بنوێنێت.

سەبارەت بە نەخۆشخانە و خوێندنگا تایبەتە گەورەکان، مەزندەی سەرەکی ئەوە بوو کە دەکرێت بەهای زیادکراو بۆ هەر قەرەوێڵە یان خوێندکارێک لەو کۆمپانیانەوە بە لێکدانی ئەو کۆمپانیانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە بە کۆمپانیاکانی تر. وێڕای ئەمە، لەحاڵەتی خوێندنگاکاندا، ئێمە مەزندەی ئەوەمانکرد کە مووچەکانی کەرتی پەروەردە، کە لە ڕوپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستاندا ڕاپۆرتکراوە، نزیکەییەکی گونجاو بن بۆ مووچەکانی مامۆستایان. لە ئایندەدا، دەکرێت خەملاندنەکانی بەهای زیادکراو باشتر بکرێن بە کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆی وردەکاری زیاتر و نوێکراوە.

# کارگێڕی گشتی

ئەم بەشە خەملاندنی بەهای زیادکراوی کارگێڕی گشتی پێشکەش دەکات.

## میتۆدەکان

بە پەیڕەوکردنی پراکتیزەی ستانداردی ژمێریاری کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP)، میتۆدی دەرامەتمان بەکارهێنا بۆ خەملاندنی بەهای زیادکراو بۆ کارگێڕی گشتی. ئێمە بەهاکەمان بۆ قەرەبووی کارمەندان و بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر زیادکرد، لەبەرئەوەی سافی زێدەی کارکردن بە سفر مەزندە دەکرا.

### قەرەبووی کارمەندان

ئەو ئەژمێرانەمان وەرگرت کە کۆی خەرجیەکانی حکومەت دەنوێنن، هەروەها وردەکاری بۆ پۆلە لاوەکیەکانی لای خوارەوە بۆ ساڵی 2012:مووچەی کارمەندان و خانەنشینان، ئامێر و سەخپێری و خزمەتگوزاریەکان، کۆمەکە داراییەکان، بەخشینەکان، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، خەرجیەکانی تر، و سەرمایە ناداراییەکان.

ئێمە پۆلی لاوەکی "مووچەی کارمەندان و خانەنشینان" مان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی قەرەبووی کارمەندان. هەرچۆنێک بێت، ئەم پۆلە لاوەکیە نەک تەنها مووچەکان بەڵام گوژمەکانی کارمەندانی خانەنشینیش دەگرێتەخۆ. هەروەها ئێمە خشتەیەکمان وەرگرت کە بەهای گوژمەکانی خانەنشینی و بەشداریکردنەکانی خانەنشینی بۆ کارمەندانی ئێستای تۆمارکردووە. بۆیە ئێمە بەهای گوژمەی خانەنشینیمان (نەک بەهای بەشداریکردنەکانی خانەنشینی) دەرکرد لە "مووچەی کارمەندان و خانەنشینی" بۆ گەیشتن بە قەرەبووی خەملێنراو بۆ کارمەندان.

### بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر

سێ جێگرەوە هەن بۆ خەملاندنی بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر لە کەرتی گشتیدا. دووانەکەی یەکەم پێکدێن لە پێوانەکردنی کۆی سەرمایەی جێگیر و خەملاندنی ڕێژەی دابەزینی بەها بۆ زانینی بەهای بەکاربردنی. لە میتۆدی یەکەمدا، کۆی سەرمایەی جێگیر و ڕێژەی داخوران پێوانە دەکرێن، ڕاستەوخۆ بە ئەنجامدانی ڕوپێوی سەرمایەی جێگیری بەرهەمهێنراو بە نرخی بازاڕ لە دوو ماوەی یەک لەدوای یەک و پاشان ئەژمارکردنی دابەزین لە بەهای بازاڕی پشکی سەرمایە جێگیرەکان. دەکرێت ئەمە پرۆسەیەکی زۆر گران بێت، و لانیکەم پێویستی بە دوو ساڵ دەبێت بۆ جێبەجێکردن؛ لەبەرئەوە، ئێمە ئەم میتۆدەمان بەکارنەهێنا.

میتۆدی دووەم ناسراوە بە میتۆدی جەردی بەردەوام، و ئەمەش میتۆدێکی ناڕاستەوخۆی پێشنیارکراوە لە *سیستمی ژمێریاری نیشتیمانی 2008* دا. ئەم میتۆدە نرخاندنی بازاڕی نزیکەیی دەگرێتەوە و جێبەجێکردنی کەمتری تێدەچێت. ئەمە لە خەملاندنی ئەو وەبەرهێنانانە پێکهاتووە کە بە تێپەڕینی ماوەیەکی درێژ دروست بوون و ئەم وەبەرهێنانانە کۆدەکاتەوە بۆ خەملاندنی کۆی بەهای سەرمایەی جێگیری کەرتی گشتی. بەڵام ئەمە پێویستی بە زنجیرە داتایەکی مێژوویی درێژی وەبەرهێنانی گشتیە، کە بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق بەردەست نییە.

میتۆدی سێهەم و ساکارتر بریتیە لەو مەزندەی کە بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر یەکسانە بە ڕێژەیەکی جێگیری قەرەبووی کارمەندان. ئەمە لە ئێستادا تەنها هەڵبژاردەی کردارییە بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق بە هەبوونی داتای بەردەست. بۆ ئەوەی خەملاندنێکی واقیعی ئەنجام بدەین، ئێمە شیکردنەوەمان بۆ ڕێژەی بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر ئەنجامدا بۆ زیادکردنی بەهای زیادکراو بۆ وڵاتانی جیاجیا. مەودای ئەم ڕێژەیە لە نزیک سفرەوە هەتا لەسەدا 36 دایە.

لەسەر بنەمای ئەو وڵاتانەی کە لەقۆناغێکی پەرەپێدانی ئابوری هاوشێوەی هەرێمی کوردستان - عێراقدان، خەملاندنی سەرمایەی جێگیرمان بەوە مەزندە کرد کە یەکسانە بە سەدا 5 ی بەهای زیادکراو لەلایەن دەزگا حکومیەکانەوە.

**تێکهەڵکێش لەگەڵ خزمەتگوزاریە حکومیە مەزندەکراوەکانی کەرتەکانی تر**

ئێمە بەهای زیادکراوی کەرتە جیاجیاکانمان لە هەرێمی کوردستان - عێراق خەملاند، شێوەکان هەروەها چەند خزمەتگوزاریەکی حکومی دیاریکراوی لەخۆگرت. ئەمە ڕاستە بەتایبەتی سەبارەت بە کەرتەکانی بانک، فرۆکەخانەکان، و کارەبا. بۆ بەدوور بوون لە دووبارەکردنەوە، ئێمە مووچەی دراو بە کارمەندانی حکومی لە بانکە حکومیەکان و مووچەی دراو بە کرێکارانی فرۆکەخانەکان لە خەملاندنی ئێمەوە بۆ کارمەندانی کەرتی گشتیمان لێدەرکرد. بەڵام، ژمارە ڕاپۆرتکراوەکانی مووچەکانی کەرتی کارەبا زۆر ناواقیعی دیار بوو (200 ملیار دیناری عێراقی یان 127 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)؛ لەبەرئەوەی ئەم بڕەمان لێدەرنەکرد.

## ئەنجامەکان

بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا بە 7,577 تریلیۆن دیناری عێراقی (6,5 ملیار دۆلاری ئەمریکی) خەملێنرا (خشتەی 1.13).

**خشتەی 1.13**
**بەهای زیادکراو لەلایەن کارگێڕی گشتی**

| پێکهاتە | بەهای زیادکراو |
|---|---|
| مووچەی کارمەند و خانەنشینان | 7,965 |
| لێدەرکردنی:خانەنشینی | 731 |
| لێدەرکردنی:مووچەکانی بانک[أ] | 18,1 |
| لێدەرکردنی:مووچەکانی فرۆکەخانە | 17,5 |
| قەرەبووی کارمەندان | 7,198,4 |
| قەرەبووی خەملاندنی سەرمایەی جێگیر | 378,9 |
| کۆی گشتی (قەرەبووی کارمەندان کۆ لەگەڵ قەرەبووی سەرمایەی جێگیر) | 7,577,3 |

[أ] سەبارەت بە مووچەکانی بانک، ئێمە مووچە ڕاپۆرتکراوەکانمان دەرکرد لە داتای سەر خەرجیەکانی حکومەت کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، کە کەمترە لە خەملاندن لەسەر بنەمای داتای مووچە لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) لەسەر بانکە بازرگانیە حکومیەکان (48,5 ملیار دیناری عێراقی، بڕوانە بەشی یانزەهەم). بەهەمان شێوە، سەبارەت بە مووچەکانی فرۆکەخانە، بڕی ڕاپۆرتکراو لە داتاکەدا لەسەر خەرجیەکانی حکومەت کەمترە لە خەملاندن لەسەر بنەمای تەوژمی سەرنشینان (47,2 ملیار دیناری عێراقی، بڕوانە بەشی هەشتەم). ئێمە بۆ مەبەستی تەبابوون، بەها ڕاپۆرتکراوەکانمان لە داتای سەر خەرجیە حکومیەکان کە لێرەدا هاتوون بەکارهێنا؛ بەڵام، لێدەرکردنی خەملاندنەکان لەسەر بنەمای داتای مووچەی بانک و تەوژمی سەرنشینان کاریگەری دەبێت بۆسەر کۆی گشتی خەملاندنی بەهای زیادکراو لە خشتەی 1.13 بە کەمتر لە لەسەدا 1.

## گفتوگۆ

مەزندەی گرنگی بەکارهێنراو لە خەملاندنی ئێمە بۆ بەهای زیادکراو لە کەرتی گشتیەوە بریتیە لە خەملاندنی بەکاربردنی سەرمایەی جێگیر. هەروەک لای سەروو باسکرا، ئەم ڕێژەی سەدیەمان لەسەر بنەمای بەڵگە لە وڵاتانی ترەوە خەملاند. هەتا زنجیرە کاتێکی درێژتری داتا بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق بەردەست بێت، دەکرێت خەملاندنێکی وردبینانەتر لەسەر بنەمای میتۆدی کەلوپەلی بەردەوام یان بە پێوانەسازی ناراستەوخۆی ڕێژەی داخوران ئەنجام بدرێت.

ئێمە هەروەها سەرنجی ئەوەماندا کە مووچەکانی کەرتی کارەبامان لە خەملاندنەکانمان دەرنەکرد، لەبەرئەوەی بەها راپۆرتکراوەکانی کەرتی کارەبا زۆر بە ناواقیعی دەرکەوت. لە ئایندەدا، خەملاندنی ئەم پێکهاتەیەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق باشتر دەکرێت بە دیاریکردنی مووچەی وردبینانەتری وابەستە لەگەڵ کەرتی کارەبا.

# موڵکدارێتی و بەکرێدان

ئەم بەشە خەملاندنێک پێشکەش دەکات سەبارەت بە بەهای زیادکراو بۆ خێزانەکان کە ساڵانە لە ژیان بەسەربردنیان لە خانووەکانیاندا بە قازانج بۆیان دەگەڕێتەوە. بەشێوەیەکی نمونەیی، خەملاندنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GPR) بەهای "خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە" دەگرێتەوە کە بە قازانجی خاوەن خانووەکان دەگەڕێتەوە وێڕای داهاتی بەکرێدانی ئەوانەی کە موڵکەکانیان بەکرێ دەدەن. ئەمەی دواتر پارەدانی روون و ئاشکرایە و لە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) دا هاتووە، لەبەرئەوە ئەمە داهاتە بۆ خاوەن موڵکەکان بەرانبەر ئەو خزمەتگوزاری خانووبەرەی کە پێشکەشی دەکەن. خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە کە لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە خاوەنین پێویستە بە شێوەیەکی هاوتا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بە واتایەکی تر، ئەو خزمەتگوزاریانەی لەساڵی رەچاوکراودا لە حەوانەوە سەرچاوە دەگرن پێویستە بەشێک بن لە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی داخۆ خانووەکە موڵکی کەسی نیشتەجێیە یان نا. ئەگەر وانییە، دەکرێت کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) زۆر جیاواز بێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لە هەمان وڵاتدا بە تێپەڕینی کات، بەکورتی لەبەرئەوەی وڵاتێک بەشێوەیەکی رێژەیی بەکرێدانی زیاتری تێدایە (ئەژمار دەکرێت) لە خاوەندارێتی خانووبەرە (ئەژمار ناکرێت).

## میتۆدەکان

### خاوەندارێتی ماڵ

ئاراستە بۆ خەملاندنی بەهای خزمەتگوزاریەکانی خاوەندارێتی ماڵ ئەوەیە کە ئەم خزمەتگوزاریانە وەک هاوتای کرێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، و خەملاندنی ئەوەی داخۆ کرێکە چەند دەبێت ئەگەر موڵکەکە بەکرێ بوو لەوەی خاوەندارێتی بێت.

ئێمە خەملاندنمان بۆ بەهای خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە کرد کە بەسوودی خاوەن موڵکەکان تەواو دەبێت لەسەر بنەمای داتای روپێوی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ ساڵی 2012[1] بەشێوەیەکی تایبەتیش، ئێمە داتایەکمان بۆ خێزانەکان نەخشاند کە وەڵامی پرسیاری "دۆخی خاوەندارێتی ئەم جێگەی حەوانەوەیە چییە؟" بەوەی "موڵکی خێزانەکەیە." ئێمە ئەو بەهایانەی کرێمان بەکارهێنا کە لەلایەن خاوەندارەکان خۆیان راپۆرتکرابوو، بە وەرگرتنی وەڵامەکانیان بۆ پرسیاری "ئەگەر تۆ لە جێگەیەکی حەوانەوەی هاوشێوەدا نیشتەجێ بیت، بەهای کرێی مانگانەی خەمڵێنراو چەند دەبێت؟" بەو پێوەرەی لەلایەن داتای روپێوی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ ساڵی 2012 دەستەبەر کراوە، وەڵامەکانی خاوەن ماڵەکانمان هەڵسەنگاند. پاشان ئەم بەها مانگانەیەمان

[1] بەکارهێنانی گشتی داتای روپێوی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ ساڵی 2012 لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) 2012d بەردەستە.

بەسەر 12 دا چەندبارە کرد بۆ بەدەستهێنانی کۆی بەرهەم سالآنە.[2] بەکاربردنی ناوەندی بە لەسەدا 20 خەملێنرا.[3]

وەک هەولێک بۆ لێکچوواندنی بەهای خشتەکراوی خانووبەرە لە خشتە فەرمیەکانی رووپێوی باری ئابوری و کۆمەلآیەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ سالی 2012 دا بۆئەوەی هەتا بکرێت لێوە نزیک بێت، ئەو رێسایەمان بەدەستهێنا کە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بۆ دروستکردنی خشتەکان بەکاردەهێنرێت. دەردەکەوێت ئەو خێزانانەی بە تەواوی رووپێوەکەیان تەواو نەکردووە، بەدەرکراون، و چەند شوێنێکی دیاریکراوی خێزانەکانیش دووبارە پۆلێنکرایەوە؛ ئێمە پەیرەوی ئەم نمونانەمان کرد. هەروەها پەیرەوی کۆدی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) مان کرد و رێژەی کرێی تایبەت بە بەرێوەبردنی بزنسی خانووبەرەمان لێ لابرد.

**بەکرێدانی خانوو**

هەروەک لای سەروو باسکرا، لە ژمارەیەکی زۆر لە ولآتان، کرێ بە بزنس دەدرێت، وەک خاوەن ئەپارتمانەکان و بەم شێوەیەش وەک بەشێک لە بەهای زیاد کراو بە خودکار ئەژمار دەکرێت. بەلآم، گفتوگۆکانی ئێمە لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئاماژە دەدات بەوەی کە زۆربەی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق خانووەکانیان لە کەسەکانی تر بەکرێ دەگرن. بەم جۆرە، بەهای زیادکراو لە کرێکان لەوە ناچێت لە هەرشوێنێکی تر بەدەست بێت.

بۆ ئەژمارکردنی بەهای کرێ، ئێمە داتامان لە IHSES 2012 بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی ئەو خێزانانەی وەلآمی پرسیاری، "رەوشی خاوەنداری ئەم مالە چییە؟" داوەتەوە لەگەڵ هەموو وەلآمەکانی جگە *لە* "خاوەنداریتی لەلایەن خاوەن مالْ." ئێمە کرێی یەکەی خانووبەرەی راگەیەنراوی هەریەک لە مالەکانمان بەکارهێنا، لەسەر بنەمایەکی ئەژمارکراوی سالآنە، بەگوێرەی داتای هاتوو لە رووپێوی باری ئابوری و کۆمەلآیەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ سالی 2012 پێوانە دەکرێت.

زیاتر لە نیوەی خێزانە رووپێوکراوەکان کە خاوەندار نەبوون هیچ بەهایەکیان بۆ کرێی دراو دەستەبەر نەکرد، لەبەرئەوەی پێشبینی ئەوەیان لێکراوە پێکهاتەی رووپێوەکەیان پێدرابێت. بەلآم، نزیکەی هەموو ئەم خێزانانە وەلآمی پرسیاری "ئەگەر تۆ لە خانوویەکی هاوشێوەدا نیشتەجێ بیت، بەهای مانگانەی کرێی خەملێنراو چەند دەبێت؟" نەدایەوە. روون نەبوو داخۆ ئەم خێزانانە کرێی خۆڕایی یان داشکێنراویان هەبێت، یاخود داخۆ پرسیارەکانی رووپێوەکە بە هەلە لێکدرابێتەوە. بە رەچاوکردنی تێگەیشتنی ئێمە لە کۆمەلگای خۆجێ، بە بۆچوونی ئێمە دووەمیانە. لەبەرئەوەی ئامانجی ئێمە بەدەستهێنانی کۆی بەهای خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە بوو، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کێ پارەیان بۆ دەدات، ئێمە بەهای کرێی ئەژمارکراومان بەکاردەهێنا کاتێک کرێکە نادیار بووایە. بە هەمان شێوەی خانووبەرەی بەکارهێنراو لەلایەن خاوەنەوە، بەکاربردنی ناوەندی بە لە سەدا 20 خەملێنرا.

---

[2] هەروەها ئێمە میتۆدێکی جێگرەوەمان پەیرەو کرد کە ناسراوە بە "پاشۆچوونی دووانە" وەک پشکنینێکی بەهێزی خەملآندنی ئێمە بۆ بەهای زیادکراو لە خاوەنداریتی خانووەوە. هەروەها بەکارهێنانی داتا لە رووپێوی باری ئابوری و کۆمەلآیەتی خێزان لە عێراق (IHSES) بۆ سالی 2012. ئەم میتۆدە ئەدای شیکردنەوەی پاشۆچوون دەگرێتە خۆ، کە پیشانی دەدات چۆن کرێی سالآنەی راپۆرتکراو لەلایەن بەکرێدەرانەوە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی خانووبەرە، بەتایبەتی جۆری خانووبەرە (خانوو، شوققە، خانووی قوڕ، هیتر.)، کۆی رووبەری نیشتەجێبوون، ژمارەی ژوورەکان، دووری لە رێگاوە بە کیلۆمەتر، و بەربەستی دەستەبەربوونی ئاو. دەکرێت پاشان مامەلەکانی پاشۆچوونی دەرەنجام بۆ پێشبینی (وابەستەبوون)ی کۆی کرێی خانووبەرە بۆ هەردوو بەکرێدەران و خاوەن مولکەکان. ئێمە بەهای هەردوو گرووپمان لەگەڵ بەهای راپۆرتکراو لە رووپێوەکەدا بەراورد کرد. لە حالەتی بەکرێدەران، بەهای پێشبینیکراو لە مۆدێلی پاشۆچوون بە شێوەیەکی نمونەیی زۆر بەرزتر بوو (لەسەر ئۆردەرێکی ٪100 بەرزتر) لەوەی بەهاکانی خانووبەرە کە راپۆرتیان کرد. لە حالەتی خاوەن مولکەکاندا، بەهاکانی پێشبینیکراوی خانووبەرە بەشێوەیەکی باش هاوشێوە بوو لەگەڵ بەها راپۆرتکراوەکان (بە تێکڕا لەسەدا 7 نزمتر لەو بڕەی کە خاوەن مولکەکان راپۆرتیانکرد بەوەی ئەو پارەیە دەدەن ئەگەر بەکرێ بگرن). جیاوازیە گەورەکانی نێوان بەها پێشبینیکراو و راپۆرتکراوەکان سەبارە بە بەکرێدان ئەوە دەگەیەنێت کە پاشۆچوونی دووانەی دەقاودەق بۆ داتاکە زۆر نەگونجا. بەتایبەتیش کە نرخەکانی خانووبەرە بەشێوەیەکی سەرەکی بەپێی شوێن دەگۆڕێت، و ئێمەش داتای شوێنی زۆر وردبینانەمان نەبوو. لەبەرئەوە، ئێمە ئەنجامەکانی پاشۆچوونی دووانە بۆ خەملآندنەکانی بەهای زیادکراومان بەکارناهێنین و لەبری ئەمە پشت بە راپۆرتەکانی کرێ شاراوەکان دەبەستین.

[3] لەسەدا 20 ی بەهاکە لەسەر بنەمای خەملآندنەکانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروەک لە مایەرهاوسەر و رەینسدۆرف، 2007 راپۆرتکرا.

## ئەنجامەکان

بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ خاوەندارێی ماڵ بە 1,793 تریلیۆن دیناری عێراقی (خشتەی 1.14)، و 563 ملیار دیناری عێراقی بۆ خانووی کرێ (خشتەی 2.14)، بۆ کۆی 2,356 تریلیۆن دیناری عێراقی (2,02 ملیاری دۆلاری ئەمریکی) خەمڵێنرا.

## گفتوگۆ

خەملاندنەکانی ئێمە بۆ بەهای زیادکراو لە خزمەتگوزاریەکانی خانووبەرەوە پشت دەبەستێت بە خەملاندنەکانی خاوەن موڵکەکان سەبارەت بەوەی کرێکە چەند دەبێت ئەگەر خانووەکانیان کرێ بووایە. لەکاتێکدا ئەم میتۆدە پشت بە مەزندەکانی خاوەن موڵکەکان دەبەستێت و بەم پێیە ئەگەری ناروونی هەیە (بەزۆری بەرزترە)، بەڵام ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ پراکتیزە نێودەوڵەتیەکانی ئەژمارکردنی داهاتی نیشتیمانی.

**خشتەی 1.14**
**بەهای زیادکراو بەپێی موڵکدارێتی خانوو**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 1019 | 860 | 362 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 204 | 172 | 72 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 815 | 688 | 290 |
| کۆی گشتی | 1793 | | |

**خشتەی 2.14**
**بەهای زیادکراو بەپێی بەکرێگرتنی خانوو**

| پێکهاتە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
|---|---|---|---|
| (1) کۆی بەرهەم | 271 | 302 | 131 |
| (2) بەکاربردنی ناوەندی | 54 | 60 | 26 |
| (3) بەهای زیادکراوی گشتی (1-2) | 217 | 241 | 105 |
| کۆی گشتی | 563 | | |

## دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

ئەم راپۆرتە ئەنجامەکانی یەکەم ئەژمارکردنی گشتگیرانەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ی هەرێمی کوردستان - عێراق تۆماردەکات، جگە لە کەرتی سامانە سروشتیەکان. سوودێکی سەرەکی میتۆدی خواروو-بۆ-سەروو کە لەم راپۆرتەدا رەچاوکراوە ئەوەیە کە خەملاندنی بەهای زیادکراو نەک تەنها لەسەر ئاستی هەرێمیە، بەڵکو بۆ هەریەک لە کەرتە سەرەکیەکانە. ئەم جۆرە ئامارانە دیاریکردنی گرنگی کەرتە جۆراوجۆرەکان لە ئابوری خۆجێدا و بەواتایەکی تر، *پێکهاتەی* ئابوری بەرجەستە دەکات، کاتێک خەملاندنەکان بۆ ساڵانی ئاییندە ئەنجام دەدرێن، بۆ دیاریکردنی ئاراستەکان لە گەشەکردنی کەرتییدا.

خشتەی 1.15 و شێوەی 1.15 پوختەی بەهای زیادکراوی هەریەک لە کەرتە سەرەکیەکان لە 2012 دا دەخاتە روو. گەورەترینی کەرتە ناحکومیەکان، لەرووی بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2012 دا، بریتی بوون لە بیناسازی (لەسەدا 18,7)، بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی (لەسەدا 9,1)، موڵکداریێتی و بە کرێدان (لەسەدا 8,6)، و خزمەتگوزاریە جیاجیاکان (لەسەدا 7,3). بەشداریکردنی گەورەی بیناسازی بۆ بەهای زیادکراو لەگەڵ گەشەی خێرای ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراق تەبایە. هاوشێوەی هەر شوێنێکی تر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کارگێری گشتی رۆڵێکی زۆر گەورە دەگێرێت لە ئابوریدا، و بە لەسەدا 27,6 ی بەهای زیادکراو ئەژمار دەکرێت. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە میتۆدی دەرامەت کە لە ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ ئەم کەرتە بەکارهێنراوە هەردوو بەهای زیادکراوی بەرهەمهاتوو لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێستا و بەهای زیادکراوی بەرهەمهاتوو بەهۆی خەرجیەکانی وەبەرهێنانی ئەنجامدراو لەناوخۆدا لەخۆ دەگرێت. هەروەها تەبا لەگەڵ کۆی ناوچەکە، پشکی هەرێمی کوردستان - عێراق لە بەهای زیادکراوی کشتوکاڵ نزمە (لەسەدا 3,1). ئەمە هەمان رێژەیە کە بۆ ئەردەن لەساڵی 2012 دا راپۆرتکراوە (لەسەدا 3,1) و هەتا رادەیەک نزمترە لە لوبنان (لەسەدا 6,1) و تورکیا (لەسەدا 8,8). کەرتی پیشەسازی لەسەدا 6,1 ی بەهای زیادکراو پێک دێنێت. ئەم پشکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەوەی لەوڵاتانی تری ناوچەکە راپۆرتکراوە (لەسەدا 19 بۆ ئەردەن، لەسەدا 9 بۆ لوبنان، لەسەدا 17 بۆ تورکیا)، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بوار هەیە بۆ فراوانکردنی ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستان - عێراق وەک سەرچاوەیەک بۆ گەشەکردنی ئابوری ئایندە.[1]

هەروەک لە بەشی یەکەمدا سەرنجدرا، بۆ گەیشتن بە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، دەبێت سافی باجەکان (باجەکان بەلێدەرکردنی کۆمەکە داراییەکان) بۆ بەهای زیادکراو زیاد بکەین. گفتوگۆکانمان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و وەزارەتی دارایی دەریدەخات کە هەرێمی کوردستان - عێراق باجەکانی بەرهەم ناسەپێنێت. ئێمە سەرنجی ئەوەماندا کە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) وەرگیرا، رەنگە باجەکانی بەرهەم لەسەر ئاڵوگۆری دراو هەبێت (بڕوانە خشتەی E.3). ئێمە ئەوەشمان زیادکرد؛ کەچی کۆی برەکە هێشتا زۆر نزمە (0,2 ملیار دیناری عێراقیە). هەروەک لە بەشی یانزەهەم سەرنجدرا، پێویستە خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) پاڵاوتە بکرێت بۆ ئەوەی کۆی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بخەمڵێنرێت. لەبەرئەوەی زانیاری پێویستمان نییە بۆ تەرخانکردنی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) لە هەموو پیشەسازی و خێزانەکاندا، پەیرەوی رێنماییەکانی *سیستمی ژمێریاری نیشتیمانی 1993* دەکەین و مامەڵەمان بۆ هەموو خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) بەجۆرێکە هەروەک هەموویان بۆ پیشەسازی تەرخانکرابن. هەروەک لە خشتەی 15,1 پیشاندراوە، ئێمە خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) بە 58,4 ملیار دیناری عێراقی دەخەمڵێنین، کە بەنزیکەیی لەسەدا 0,2 ی بەهای زیادکراوە. پاش زیادکردنی سافی باجەکان و لێدەرکردنی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) لە بەهای زیادکراو، دەگەینە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) کۆتا، کە بە 27,381 ملیار دیناری عێراقی (23,52 ملیار دۆلار) دەخەمڵێنرێت.

---

[1] داتاکانی ئەردەن، لوبنان، و تورکیا لە بانکی جیهانی 2015 وەرگیراوە.

**خشتەی 1.15**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق**


| کەرت | کۆدی پێداچوونەوەی 4 ی ISIC | بەهای زیادکراو(ملیار دیناری عێراقی) | بەهای زیادکراو (ملیار دۆلاری ئەمریکی) | ڕێژەی سەدی کۆی بەهای زیادکراو |
|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | A 01–03 | 840,1 | 0,72 | 3,1 |
| کانزاکردن | B 05–09 | 42,5 | 0,037 | 0,2 |
| پیشەسازی | C 10–33 | 1681,5 | 1,44 | 6,1 |
| کارەبا | D 35 | 555,9 | 0,48 | 2,0 |
| ئاو | E 36–39 | لە کارگێڕی گشتیدا هاتووە | | |
| بیناسازی | F 41–43 | 5130,8 | 4,41 | 18,7 |
| بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی | G 45–47 | 2499 | 2,15 | 9,1 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | H 49–53 | 1752,9 | 1,51 | 6,4 |
| خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە و خواردەمەنی | I 55–56 | 854,5 | 0,73 | 3,1 |
| زانیاری و گەیاندن (کۆمپانیا گەورەکان) | J 58–63 | 1844,3 | 1,58 | 6,7 |
| کاروباری بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو | K 64–66 | 305,3 | 0,26 | 1,1 |
| خزمەتگوزاریە جیاجیاکان | L, M, N, P, Q, R, S | 1999,6 | 1,72 | 7,3 |
| کارگێڕی گشتی | O 84 | 7577,3 | 6,51 | 27,6 |
| موڵکداریتی و بەکرێدان | | 2355 | 2,02 | 8,6 |
| کۆی بەهای زیادکراو | | 27439 | 23,57 | 100,0 |
| کۆ لەگەڵ:باجەکانی بەرهەم | | 0,223 | 0,0002 | |
| بە لێدەرکردنی: خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) | | 58,4 | 0,0502 | |
| تێکڕای بەرهەمی هەرێمی | | 27381 | 23,52 | |

## گفتوگۆ و پێشنیارەکان

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە ئەمە یەکەم هەوڵی گشتگیرانەیە بۆ ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق و لەسایەی سنورداریی کات، سەرچاوەکان، و بارودۆخە دەرەکیەکانی لە دەسەڵات بەدەردا ئەنجامدراوە. ئامانجی ئێمە ئەوەبوو هەتا بتوانین ئەو داتایانە بەکاربێنین کە بەردەستن، و کۆکردنەوەی داتای نوێ لە کەمترین ئاستدا ڕابگرین، و مەزندەی گونجاو بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە سوود لە داتاکان ببینین بۆ ئەوەی بگەینە باشترین خەمڵاندنی گونجاو. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەگەرەکانمان زۆر بوون بۆ خەمڵاندنی بەهای زیادکراو لە داتای هەبووەوە، کە مەرج نییە بۆ ئەو مەبەستە کۆکرابنەوە. لە حاڵەتەکانی تردا، نەبوونی داتای هەنووکەیی پێویستی کردووە بە کۆکردنەوەی داتای ڕوپێوی نوێ بۆ یارمەتیدان لە بەدەستهێنانی ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو. بەرەنگاریە دیاریکراوەکان و سنورداریەکانی پەیوەست بە ئەژمارکردنەکانی بەهای زیادکراوی هەریەک لە کەرتەکان بە دوور و درێژی لە بەشەکانی دووەم تا چواردەهەمدا باسکراون.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە دوو بەرەنگاری سەرەکی پەیوەست بە ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) ئەمانەی لای خوارەوە بوون. یەکەم، هەندێک جار کۆکراوەی داتا یان چوارچێوەکانی سامپڵینی بەکارهێنراو هی کاتە جیاوازەکان بوون. ئەو ڕوپێوە نوێیانەی بۆ کەرتەکانی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان و گواستنەوە/کۆگاکردن بەکارهێنران لەسەر بنەمای ئاماری کۆمپانیا بوو بۆ ساڵی 2009. بەرەچاوکردنی ڕەوتی گەشەکردن لە هەرێمدا، ئەگەری ئەوە زیاترە کە ژمارەی کۆمپانیاکان لەڕووی دانیشتووانەوە لەنێوان ساڵانی 2009 و 2012 دا زیادی کردبێت، بۆیە خەمڵاندنەکانمان تا ڕادەیەک بەکەم نرخاندنی بەهای زیادکراوی لێ ڕەچاو دەکرێت. بەهەمان شێوە، هەندێک لە

**شێوەی 1.15**
**بەهای زیادکراو بەپێی کەرت، لە هەرێمی کوردستان—عێراق**




**RAND** *RR1405-15.1*

کۆکراوەکانی داتا هەبووەکان، وەک پیشەسازی و کانزاکردن، هی ساڵانی پێش 2012 بوون، بۆیە—ئەگەر وای دابنێین بەهای زیادکراو بۆ کۆمپانیا بەتێپەڕینی کات گەشەی کردووە—دیسان ئەگەری ئەوە زۆرە کە خەمڵاندنەکانمان کەم نرخاندنی بەهای زیادکراو بێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە، روپێوەکانی بیناسازی، گواستنەوە و کۆگاکردن، و خزمەتگوزاریەکان لە بەهاری 2014 دا ئەنجامدران و ڕەنگدانەوەی بەهای زیادکراوی ئەو ساڵەن. لەم کەرتانەدا، ڕەنگە بەکەم نرخاندنی ژمارەی کۆمپانیاکان بە زێدە نرخاندنی پەیوەست بە بەهای زیادکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک هەموار بکرێتەوە.

دووەم، چەندین کەرت هەن کە ژمارەیەکی کەم کۆمپانیایان هەیە بەڵام پشکێکی گەورەی بەهای زیادکراو پێک دێنن. بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم کۆمپانیانە لەکاتی سامپڵیندا نادیار نابن، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) روپێویان بۆ چەندین نەخۆشخانە، خوێندنگە و کۆمپانیاکانی راگەیاندن ئەنجامدا، و خەمڵاندنەکانی بەهای زیادکراویان لەو کۆمپانیانەوە وەرگرتووە بۆ خەمڵاندنی بەهای زیادکراو بەپێی هەموو کۆمپانیا گەورەکان لەو کەرتانەدا. هەروەها زانیاری دەستەبەرکراوی گشتیمان کۆکردەوە دەربارەی کۆمپانیا گەورەکانی تەلەکۆم، و زنیاریمان لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) وەرگرت لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی دارایی. لەگەڵ ئەوەشدا، نەمانتوانی زانیاری لەسەر هەموو کۆمپانیا گەورەکان بەدەست بێنین، بۆیە خەمڵاندنەکانمان لەسەر بنەمای وەرگرتنی داتای زیادکراوە بۆ ئەو کۆمپانیانەی توانیمان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەین یان ئەوانەی توانیمان زانیاری لەبارەیانەوە کۆبکەینەوە.

لەکۆتایشدا، ئەژمارکردنەکانمان کەرتی سامانە سروشتیەکانی بەدەر کردووە، ئەمەش لەبەر نەبوونی داتا. بێگومان زۆر گرنگە خەمڵاندنەکانی ئایندە بەهای زیادکراوی ئەم کەرتە گرنگەش لەخۆ بگرێت. ئەمە پێویستی بە داتا دەبێت لەسەر داهاتەکان و خەرجیەکان لەو کۆمپانیانەوە کە لەم بوارەدا کاردەکەن. دەکرێت ئەم داتایانە لەسەر ئاستی کۆمپانیا کۆبکرێنەوە، بە بەکارهێنانی روپێوێکی هاوشێوەی روپێوی کۆمپانیای بەرهەمهێنان. بە ئەگەری بەردەستبوونی جێگرەوەکان لە ئایندەدا، ئەوا داتای کارگێڕی لەسەر داهاتەکان و تێچووەکانی ئەم کەرتە، هەروەها راپۆرتەکانی ساڵانە کە بۆگشتی بەردەستن لە کۆمپانیا گەورەکان کە لەم کەرتەدا کاردەکەن، لەخۆ دەگرن. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە نەک تەنها پیشەسازی، بەڵکو پێویستە چالاکیە هاوپەیمانەکانی وەک بەدواداگەڕان و چارەسەرکردنیش بگرێتە خۆ بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهای زیادکراوی تەواوی ئەم کەرتە وەربگیرێت.

لەئایندەدا، خەملاندنەکانی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بە دانانی کۆمەڵێک رێکاری هاوتا و ستانداردکراو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر بەهای زیادکراو لە هەموو کەرتەکانەوە باشتر دەکرێن. بڕبڕەی پشتی ئەم رێکارانە بریتیە لە جێبەجێکردنی ئاماری دامەزراوەکان. باشترین رێگە هەر چەند ساڵ جارێک ئەنجامدانی ئاماری دامەزراوەکانە (ساڵی بنەڕەتیی). بە باش دەزانرێت لەماوەی ساڵانی نێواندا، زانیاری سنوردار لەسەر داهاتەکان و دامەزراندن لە کۆمپانیا قەبارە گەورە و مامناوەندیەکانەوە بژمێررێت و کۆبکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو کۆمپانیانەی کە گەورەترین پشکی بەهای زیادکراو پێک دێنن بە تەواوی دەرخراون. هەروەها شتێکی بەسوودە ئەگەر زانیاری تەواوی زیاتر لە ژمارەیەک لە کۆمپانیا بچووکەکانەوە کۆبکرێتەوە، کە ئەگەری زۆر ئەوەیە گەورەترین پشکیان هەبێت لە بەهای زیادکراو لەسەر بنەمای ساڵانەدا. هەروەها رەنگە کۆمەڵێکی لاوەکی لە کۆمپانیاکان لەماوەی ساڵانی نێواندا بەتەواوی روپێو کرابن. پەیڕەوکردنی سیستمێکی لەو جۆرە هەروەها کاری نوێکردنەوەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق لەسەر بنەمایەکی ساڵانە و سیستماتیکی ئاسانتر دەکات.

# کشتوکاڵ

ئەم پاشکۆیە وردەکاری زیاتری تێدایە دەربارەی ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو بۆ کەرتی کشتوکاڵی.

## خاوێنکردنەوە و هەموارکردنەکانی داتا

ئێمە داتای روپێوەکەمان خاوێنکردەوە و لەگەڵ لیستەکانی ئامار دا ئاوێتەمان کرد. لەبەرئەوەی ناسەرەوەکانی ناو ئاماری دانیشتوان لەگەڵ ئەوانەی ناو روپێوەکەدا تەبا نەبوون، هەڵساین بە ئاوێتەکردنی کۆمەڵەی داتاکان بە بەکارهێنانی ناوی جوتیار، گوند، ناحیە، قەزا، و پارێزگا. داتابەیسی دەرەنجام هەموو گۆڕاوەکانی تێدایە کە بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو پێویستن: خەرجیەکان، بڕشت، و رووبەر بەگوێرەی بەروبووم لەسەر ئاستی جوتیار لە چوارچێوەی یەکەیەکی جوگرافیدا.

دەبوایە ئێمە چەندین هەموارکاریمان لە داتای بەراییدا ئەنجام بدایە، لەبەرئەوەی هەندێک ناتەبایی هەبوون، لەوانە پەیوەندی نێوان ناوی قەزاکان و کۆدەکان لەو یەکانەدا کە نرخەکانیان راپۆرتکراون، هەروەها خەرجیە هەنووکەییە خراپ وەرگیراوەکان، بەروبوومەکان، بەروبوومەکان و رووبەرە چێنراوەکان. بۆ نمونە، بەروبوومی جوتیارێک لە دەربەندیخان، سلێمانی، بە 6000000 کیلۆگرام بۆ دۆنمێک راپۆرتکرابوو؛ ئێمە هەڵساین بە دابەشکردنی ئەم بەهایە بەسەر 1000 دا بۆ ئەوەی تەبا بێت لەگەڵ بەرهەمە چاودێریکراوەکانی هەمان بەروبووم لەو قەزایەدا.

## چارەسەری داتا (شێوازناسی)

بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو، ئێمە یەکەمجار پێویستمان بە هەڵئاوسانی داتاکە دەبێت لە روپێوی ئاستی-جوتیار بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان لەسەر ئاستەکانی قەزا و پارێزگا. ئێمە دوو میتۆدمان بەکارهێنا بۆ هەڵئاوسانی داتای روپێوی کشتوکاڵی. یەکەمیان هاوتایە بە ستراتیژی سامپڵین کە بۆ کۆکردنەوەی داتاکە بەکارهێنرابوو: سامپڵی لەسەدا 10 ی گوندەکان لە ناحیەیەکدا و دوو جوتیار لە هەمان گوندا.

بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسانی سامپڵین، ئێمە بەرهەمی هەریەک لە پارێزگاکانمان بەدەستهێنا بە جێبەجێکردنی ئەم هاوکێشەی لای خوارەوە:

$$Y_g = \sum_{d \in g} \left[ \sum_{s \in d} \left\{ \sum_{v \in s} Y_{fv} * \left( \frac{F_v}{f_v} \right) \right\} * 10 \right]$$

لەکاتێکدا $Y_{fV}$ بریتیە لە بەروبوومی جوتیارە روپێوکراوەکان $f$ لە گوندی $V$, $F_V$ بریتیە لە کۆی ژمارەی جوتیارەکان لە گوندەکەدا $v$ بەگوێرەی ئامارەکان؛ $f_V$ بریتیە لە ژمارەی جوتیارە روپێوکراوەکان لە گوندی $V$؛ کۆکراوەی

**خشتەی أ.1**
**ناتەبایی داتا بەپێی وەرز و پارێزگا (2012/2011)**

| وەرز | پارێزگا | هەڵە دۆزراوەکان |
|---|---|---|
| زستان | دهۆک | • خەرجیەکان بە دیناری عێراقی تۆمارکراون لەبری هەزار دیناری عێراقی.<br>• رووبەری چێنراو لە روپێوەکەوە دوورە لەوەی لە ئامارەکەدا هاتووە. ئێمە رووبەری راپۆرتکراو لە ناو ئامارەکەماندا بەکارهێنا. |
| | هەولێر | • رووبەری چێنراو لە روپێوەکەوە دوورە لەوەی لە ئامارەکەدا هاتووە. ئێمە رووبەری راپۆرتکراو لە ناو ئامارەکەماندا بەکارهێنا. |
| | سلێمانی | • رووبەری چێنراو لە روپێوەکەوە دوورە لەوەی لە ئامارەکەدا هاتووە. ئێمە رووبەری راپۆرتکراو لە ناو ئامارەکەماندا بەکارهێنا. |
| هاوین | دهۆک | • رووبەری چێنراو لە روپێوەکەوە دوورە لەوەی لە ئامارەکەدا هاتووە. ئێمە رووبەری راپۆرتکراو لە ناو ئامارەکەماندا بەکارهێنا. |
| | هەولێر | • بە بەراورد لەگەڵ ئامارەکەدا، رووبەری چێنراوی روپێوکراوی ژمارەیەکی کەم لە جوتیاران لە سۆران و مێرگەسور سفری زێدەیان تێدابوو (بۆ نمونە، 100 لەبری 1).<br>• خەرجی و نرخەکانی ژمارەیەکی کەم لە جوتیاران لە سێ قەزادا بەشێوەیەکی سیستماتیکی بە دیناری عێراقی راپۆرتکرابوو لەبری هەزار دیناری عێراقی.<br>• ژمارەیەکی کەم لە ڕشتەکان لە شەش قەزادا بە هەڵە وەرگیرابوون، لەوانە هەبوونی سفری ئێجگار زۆر یان ئێجگار کەم. ئێمە بەراوردمان کردن بە دابەشبوونی ڕشتەکانی هەمان بەروبووم لە هەر قەزایەکدا و هەموارکردنی بەو گوێرەیە. |
| | سلێمانی | • خەرجیەکانی ژمارەیەکی کەم لە جوتیاران لە سێ قەزادا بە دیناری عێراقی راپۆرتکرابوو لەبری هەزار دیناری عێراقی.<br>• جوتیارێک لە قەزای دەربەندیخان بڕشتێکی 6000000 کیلۆگرام بۆ هەر دۆنمێکی راپۆرتکردبوو. ئێمە ئەم بەهایەمان بەسەر 1000 دابەشکرد.<br>• کاتێک لەگەڵ ئامارەکەدا بەراوردمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە رووبەری چێنراوی روپێوکراوی ژمارەیەکی کەم لە جوتیاران سفری زێدەی تێدابوو. ئێمە رووبەری چێنراو لە ناو ئامارەکەماندا بەکارهێنا.<br>• لە راپۆرتەکەدا، داتای قەزای ماوەت لە قەزای ناوەندی سلێمانیدا هاتبوو. |

سەرچاوە: تێبینیەکانی نووسەران لەسەر بنەمای روپێوکردنی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی کێڵگە و لیستەکانی ئاماری کشتوکاڵی ساڵانی 2012/2011، ئەنجام دراوە.

نزیکترین لە سەرووی هەموو گوندەکانەوەیە لە ناحیەی $s$؛ کۆکراوەی نزیکترین لە سەرووی هەموو ناحیەکانەوەیە لە قەزای $d$؛ و کۆکراوەی دوورترین لە سەرووی هەموو قەزاکانەوەیە لە پاریزگای $g$، بۆ پێدانی کۆی بەرهەمی پارێزگای $Y_g$.

پاشان فاکتەرەکانی هەڵئاوسانمان بەکارهێنا بۆ پشکنینی ئەوەی داخۆ بەرهەمی خەملێنراو گونجاوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، هەڵساین بە هەڵئاوسانی زەوی چێنراو و بەراوردمان کرد بەو بەهایانەی لە ئامارەکەدا راپۆرتکرابوون. ئەوەی پێشوو کەمێک بەرزتر بوو (بە تێکڕا، دە هێندە بەرزتر بوو). لەبەرئەوە، هەڵساین بە پەیڕەوکردنی میتۆدی دووەم بۆ هەڵئاوسانی داتای روپێوکردن. ئەم میتۆدە زەوی چێنراوی راپۆرتکراو لە روپێوەکەدا و زەوی چێنراوی ناو قەزاکەی راپۆرتکراو لە ئامارەکەدا بەکارهێنا بۆ ئەژمارکردنی فاکتەرەکانی هەڵئاوسان. بە حوکمی داڕشتن، ئەمە بەو مانایە دێت کە بڕی زەوی (هەڵئاوسێنراو) ی خەملێنراو لە روپێوەکەوە هاوتایە لەگەڵ بڕی زەوی راپۆرتکراو لە ئامارەکەدا.

بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسان، بەرهەمی هەریەک لە پارێزگاکانمان بەدەست هێنا بە جێبەجێکردنی هاوکێشەی لای خوارەوە:

$$Y_g = \sum_{d \in g} Y_{fd} * \left( \frac{L_d}{l_d} \right)$$

بەجۆرێک $Y_{fd}$ بریتیە لە کۆی بەروبوومی جوتیارە روپێوکراوەکان $f$ لە قەزای $d$; $L_d$ بریتیە لە کۆی رووبەری چێنراو لە قەزاکەدا بەگوێرەی ئامارەکە؛ $l_d$ بریتیە لە کۆی زەوی چێنراو لە روپێوکردنەکانەوە لە قەزای $d$؛ و $Y_g$ بریتیە لە کۆی بەرهەمی پارێزگاکە $g$. دەکرێت ئەمە بە لەبری دانان، هەڵئاوسان بەپێی زەوی هەروەک جوتیارە

ڕووپێوکراوەکان لە گوندەکەدا نوێنەرایەتی دەکەن، زەوی نوێنەرکراو لەلایەن گوندەکانی سەر بە ناحیەکان یەک لەدوای یەک ئەنجام بدات، و ئیتر بەم جۆرە؛ بەڵام ئەمە هاوکێشەی لای سەروو کەمدەکاتەوە لەبەرئەوەی ئێمە پلانی سامپڵین لەم میتۆدەدا پشتگوێ دەخەین.

لەبەرئەوەی فاکتەرەکانی هەڵئاوسان بۆ ئەم میتۆدانە زۆر جیاوازن، ئەژماری کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) جیاوازی زۆریان لێدەکەوێتەوە. خشتەکانی أ.2 و أ.3 بەهای خەمڵێنراوی زیادکراو بۆ دهۆک پیشان دەدەن بە بەکارهێنانی دوو میتۆدە جیاوازەکە.

میتۆدی یەکەم دەبێتە مایەی بەرهەمێکی بەرفراوانتر بەڵام زێدە نرخاندنی زەوی پەیوەندیدار بە ئامارەکەوە؛ دووەمیان دەبێتە مایەی بەرهەمی کەمتر بەڵام هەمان ئەژماری زەوی. ئێمە ئەنجامەکانمان بە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ (هەرێمی کوردستان—عێراق وەزارەتی کشتوکاڵ، 2012) بەراوردکرد. توانیمان بیسەلمێنین کە ژمارە ڕاپۆرتکراوەکان نزیک بوون لەوانەی ئێمە ئەژمارمان کرد لەسەر بنەمای میتۆدی دووەم، ئێمەش پەیڕەوکردنی ئەم میتۆدەمان هەڵبژارد.

**خشتەی أ.2**

**بەهای زیادکراو بەپێی کشتوکاڵ لە دهۆک بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسانی 1 (شێوازناسی سامپڵین)**

| ناوی قەزا | تێکڕای فاکتەری هەڵئاوسان، بەپێی جوتیار | زەوی لە ڕووپێوەوە | کۆی بەها (ب) | کۆی خەرجیەکانی چاندن(ج) | بەهای زیادکراو (ب – ج) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی دهۆک | 6,4 | 34575 | 17627492 | 2351500 | 15275992 |
| سومێل | 5,3 | 253550 | 91011235 | 28002174 | 63009061 |
| زاخۆ | 2,4 | 110060 | 72115646 | 14506796 | 57608850 |
| ئامێدی | 7,1 | 22150 | 22380701 | 3877596 | 18503105 |
| شێخان | 15 | 141450 | 29156596 | 17174141 | 11982455 |
| ئاکرێ | 18,5 | 144490 | 74931733 | 12993788 | 61937945 |
| بەردە ڕەش | 21,9 | 283375 | 63644035 | 27610349 | 36033686 |
| کۆ | 12 | 989650 | 370867439 | 106516346 | 264351093 |

**خشتەی أ.3**

**بەهای زیادکراو بەپێی کشتوکاڵ لە دهۆک بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڵئاوسانی 2 (هەڵئاوسانی لەسەر بنەمای زەوی ڕاپۆرتکراو)**

| ناوی قەزا | تێکڕای فاکتەری هەڵئاوسان، بەپێی زەوی | زەوی لە ئامارەوە | کۆی بەها (ب) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (ج) | بەهای زیادکراو (ب – ج) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی دهۆک | 23,3 | 19,997 | 12,423,704 | 1,487,330 | 10,936,374 |
| سومێل | 25,4 | 174,001 | 57,438,595 | 17,785,610 | 39,652,985 |
| زاخۆ | 16,8 | 76,066 | 47,501,656 | 9,556,044 | 37,945,612 |
| ئامێدی | 13,1 | 6,998 | 8,243,820 | 1,436,885 | 6,806,935 |
| شێخان | 103,5 | 176,998 | 33,478,312 | 20,534,677 | 12,943,635 |
| ئاکرێ | 93,1 | 91,393 | 52,392,487 | 8,466,521 | 43,925,966 |
| بەردە ڕەش | 86 | 165,696 | 36,842,047 | 16,124,019 | 20,718,028 |
| کۆ | 59,8 | 711,148 | 248,320,620 | 75,391,085 | 172,929,535 |

چارەسەری داتا هەروەها خەمڵاندنی داتای نادیاریشی لەخۆ گرتووە. هەندێک لە قەزا و پارێزگاکان رووبەری چێنراویان لە لیستی ئامارەکەدا راپۆرتکردبوو بەڵام بڕشتیان بەگوێرەی روپێوکردنی کشتوکاڵی دیارنەبوو. بۆ نمونە، بەگوێرەی لیستی ئامارەکە، پێنج جۆرەکەی بەروبوومی زستانە (لە خشتەی 2,1 دا هاتووە) لە هەرسێ پارێزگاکە چینرابوو؛ بەڵام، بەپێی ئەو داتایەی لە روپێوەکاندا هاتبوو، هیچ زانیاریەک نەبوو بۆ هەولێر و دهۆک سەبارەت بە نیسک یان سەوزەوات، و تەنها زانیاری دەربارەی نۆک هەبوو لە هەندێک قەزادا. حاڵەتی هاوشێوە لە داتای روپێوی هاوینەشدا بینرابوو.

ئێمە بڕیارماندا لەو شوێنانەی کە ئامارەکە راپۆرتی کردبوو بەوەی ئەو جۆرە بەروبوومانە چێنرابوون حسابی بەروبووم بەگوێرەی دۆنم بخەمڵێنین. ئێمە بەروبوممان لەسەر بنەمای تێکڕای بڕشتی هەمان جۆری بەروبووم لە نزمترین ئاستی هەبووی بەردەستدا خەمڵاند. بۆ نمونە، ئەگەر یەکێک لە جوتیارەکان لە گوندێکدا داتای بەروبوومی دیار نەبوو، ئێمە بەروبوومی جوتیارەکەی ترمان بەکارهێنا؛ ئەگەر ناحیەیەک داتای دیار نەبوو، ئێمە تێکڕای زانیاری بەروبوومی ناحیەکانی تری هەمان قەزامان بەکارهێنا؛ و ئیتر بەم جۆرە. ئەگەر داتای روپێوکردن بۆ پارێزگایەک بە تەواوی دیار نەبوو، ئێمە داتای پارێزگاکانی ترمان بۆ خەمڵاند. سەبارەت بە داتای نادیار لەسەر نیسک و سەوزەوات لە دهۆک و هەولێر، ئێمە تێکڕای بەروبووم بۆ دۆنمێک لە سلێمانیمان بۆ هەریەک لەو بەروبوومانە بۆ تێکڕای پارێزگا بەکارهێنا و پاشان دووهێندەمان کرد بەگوێرەی رووبەری چێنراوی ئەو پارێزگایە هەروەک لە ئامارەکەدا راپۆرتکراوە. ئێمە هەموارکردنمان بەهۆی جیاوازیەکانی بەپیتی زەوی لەنێوان پارێزگا یان قەزاکاندا ئەنجام نەدا.

لەکۆتایشدا، ئێمە نرخەکانی بەروبوومی زستانەمان لە جوتیارانەوە وەرنەگرتووە. ئێمە کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) زستانەمان بە بەکارهێنانی داتای ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر (CPI) دەستەبەرکراو لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەژمار کرد. نرخەکان هی ناوەندی هەولێرن بۆ کانونی دووەمی 2012. نرخەکانی بەروبوومی هاوینە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دەستەبەر کراوە. خشتەی أ.4 نرخە کۆتاییە بەکارهێنراوەکان راپۆرت دەکات.

**خشتەی أ.4**
**نرخ (دیناری عێراقی) بۆ هەر کیلۆگرامێک بەرهەم، بەپێی بەروبووم و وەرز**

| بەرهەم | سلێمانی | دهۆک | هەولێر | بەرهەم | هەموو پارێزگاکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | هاوین | | | زستان | |
| برنج | 2,600 | 3,000 | 1,500 | گەنم | 1,500 |
| گوڵەبەڕۆژە | 1,250 | 1,900 | 1,100 | جۆ | 1,500 |
| کونجی | 2,000 | 3,750 | 2,250 | نۆک | 2,875 |
| پاقلەمەنی | 1,250 | 2,750 | 1,450 | نیسک | 2,375 |
| پەتاتە | 550 | 550 | 300 | سەوزەوات | 1,481 |
| گەنمەشامی | 450 | 450 | | | |
| توتن | 5,000 | 12,000 | | | |
| فستق (عەلی بابا) | 1,813 | 1,813 | | | |
| تەماتە | 750 | 600 | 550 | | |
| بامێ | 1,350 | 2,000 | 2,100 | | |
| باینجان | 750 | 600 | 600 | | |
| خەیار | 600 | 560 | 700 | | |
| فاسۆلیای سەوز | 1,250 | 1,350 | 1,600 | | |
| پۆڵکە | 1,700 | 1,200 | 1,800 | | |
| کولەکەشامی | 500 | 600 | 570 | | |
| شووتی | 450 | 400 | 400 | | |
| ترۆزی | 600 | 700 | 600 | | |
| کاڵەک | 450 | 450 | 400 | | |
| بیبەری سەوز | 800 | 800 | 750 | | |
| پیاز | 700 | 800 | 800 | | |
| لۆکە | 1,800 | 1,800 | 1,800 | | |

سەرچاوە: نرخە هاوینەکان لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). نرخە زستانەکان بەپێی نووسەران لەسەربنەمای داتای ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر (CPI) لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان KRSO وە ئەژمار کراوە.

خشتەکانی أ.5 هەتا أ.10 وردەکاری روونکراوەی بەهای زیادکراو بە پێی پارێزگا و وەرز دەستەبەر دەکەن.

**خشتەی أ.5**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە دهۆک**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (ج – ب) | بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی دهۆک | 12,423,704 | 1,487,330 | 10,936,374 | 7,897 | 25,330 |
| سوممێل | 57,438,595 | 17,785,610 | 39,652,985 | 38,208 | 182,280 |
| زاخۆ | 47,501,656 | 9,556,044 | 37,945,612 | 31,403 | 78,426 |
| ئامێدی | 8,243,820 | 1,436,885 | 6,806,935 | 5,290 | 11,638 |
| شێخان | 33,478,312 | 20,534,677 | 12,943,635 | 21,312 | 186,962 |
| ئاکرێ | 52,392,487 | 8,466,521 | 43,925,966 | 33,363 | 104,899 |
| بەردە ڕەش | 36,842,047 | 16,124,019 | 20,718,027 | 23,932 | 192,677 |
| کۆ | 248,320,620 | 75,391,085 | 172,929,535 | 161,406 | 782,219 |

**خشتەی أ.6**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە سلێمانی**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (ج – ب) | بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| پشدەر | 19,540,563 | 6,865,474 | 12,675,090 | 12,546 | 58,523 |
| پێنجوێن | 6,215,270 | 2,900,502 | 3,314,767 | 4,057 | 17,794 |
| خانەقین | 37,603,453 | 8,804,181 | 28,799,272 | 25,034 | 109,482 |
| دەربەندیخان | 8,643,714 | 2,096,106 | 6,547,608 | 5,710 | 23,548 |
| دوکان | 60,542,012 | 14,543,532 | 45,998,480 | 39,011 | 126,982 |
| رانیە | 20,421,771 | 5,434,472 | 14,987,299 | 13,540 | 52,548 |
| سەیدسادق | 41,324,353 | 14794975 | 26,529,378 | 27,498 | 73,683 |
| شارباژێڕ | 5,178,010 | 947,080 | 4,230,930 | 3,229 | 7,816 |
| شارەزوور | 31,545,624 | 9,173,314 | 22,372,310 | 21,010 | 49,480 |
| چەمچەماڵ | 27,072,953 | 13,059,659 | 14,013,294 | 17,963 | 192,356 |
| قەرەداغ | 13,606,577 | 2,672,699 | 10,933,878 | 9,029 | 19,834 |
| کەلار | 23,811,668 | 3,805,468 | 20,006,200 | 15,807 | 68,824 |
| کفری | 21,054,191 | 4,604,958 | 16,449,233 | 14,036 | 84,834 |
| ماوەت | 2,469,061 | 423,928 | 2,045,133 | 1,501 | 3,928 |
| ناوەندی سلێمانی | 52,208,588 | 13,762,308 | 38,446,280 | 34,629 | 113,061 |
| هەڵەبجە | | 12,738,749 | 16,445,575 | 19,340 | 73,596 |
| کۆ | 400,422,132 | 116,627,403 | 283,794,729 | 263,942 | 1,080,012 |

**خشتەی أ.7**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی زستانە لە هەولێر**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (أ – ب) | بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 46155719 | 16518695 | 29637024 | 30767 | 172404 |
| دەشتی هەولێر | 47468575 | 14255224 | 33213351 | 31556 | 179830 |
| سۆران | 8853760 | 3305108 | 5548652 | 5819 | 16170 |
| شەقڵاوە | 32796730 | 12063925 | 20732805 | 20915 | 143857 |
| چۆمان | 2188616 | 780962 | 1407653 | 1453 | 4282 |
| کۆیە | 34183577 | 12873297 | 21310279 | 22684 | 115437 |
| مێرگەسور | 3694728 | 1934245 | 1760483 | 2458 | 7150 |
| خەبات | 30348663 | 7719075 | 22629588 | 20189 | 107536 |
| رەواندوز | 2194571 | 847791 | 1346779 | 1434 | 4603 |
| کۆ | 207884938 | 70298324 | 137586614 | 137275 | 751268 |

**خشتەی أ.8**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە دهۆک**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن(هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (أ – ب) | کۆی بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی دهۆک | 5591092 | 2098904 | 3492188 | 9742 | 4428 |
| سوممێل | 9781200 | 2039669 | 7741531 | 16268 | 2242 |
| زاخۆ | | 711455 | 601995 | 2760 | 3269 |
| ئامێدی | 17665720 | 1759399 | 15906321 | 29557 | 2978 |
| شێخان | 30356346 | 9519640 | 20836706 | 54471 | 22254 |
| ئاکرێ | 24312080 | 5815997 | 18496083 | 36607 | 20415 |
| بەردە رەش | 27555570 | 9855908 | 17699662 | 38677 | 23726 |
| کۆ | 116575458 | 31800971 | 84774487 | 188083 | 79312 |

**خشتەی 9.أ**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە سلێمانی**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (أ – ب) | کۆی بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| شاربازێڕ | 6,310,750 | 2,229,737 | 4,081,013 | 9,908 | 3,536 |
| خانەقین | 2,304,550 | 529,927 | 1,774,623 | 2,484 | 791 |
| دەربەندیخان | 2,598,350 | 296,655 | 2,301,695 | 4,085 | 1,859 |
| دوکان | 6,445,370 | 2,022,764 | 4,422,606 | 10,913 | 8,093 |
| رانیە | 534,318 | 140,463 | 393,855 | 682 | 587 |
| سەیدسادق | 4,783,292 | 845,579 | 3,937,713 | 9,008 | 3,226 |
| چەمچەماڵ | 1,681,950 | 739,941 | 942,009 | 2,531 | 1,646 |
| ماوەت | 2,675,400 | 1,999,741 | 675,659 | 3,194 | 1,970 |
| شارەزوور | 3,395,100 | 150,486 | 3,244,614 | 6,036 | 2,170 |
| قەرەداغ | 395,645 | 135,921 | 259,724 | 448 | 135 |
| پشدەر | 3,975,400 | 1,061,457 | 2,913,943 | 5,039 | 2,900 |
| پێنجوێن | 26,269,650 | 8,174,590 | 18,095,060 | 40,090 | 7,730 |
| کەلار | 695,931 | 309,090 | 386,841 | 1,068 | 437 |
| کفری | 200,300 | 158,567 | 41,733 | 159 | 127 |
| ناوەندی سلێمانی | 11,713,533 | 2,622,233 | 9,091,300 | 21,876 | 14,541 |
| هەڵەبجە | 1,817,354 | 706,638 | 1,110,716 | 3,461 | 3,226 |
| کۆ | 75,796,893 | 22,123,789 | 53,673,104 | 120,982 | 52,970 |

**خشتەی 10.أ**
**بەهای زیادکراوی کشتوکاڵی هاوینە لە هەولێر**

| ناوی قەزا | کۆی بەها (هەزار دیناری عێراقی) (أ) | کۆی خەرجیەکانی چاندن (هەزار دیناری عێراقی) (ب) | بەهای زیادکراو (هەزار دیناری عێراقی) (أ – ب) | کۆی بەرهەم (تۆن) | زەوی چێنراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| خەبات | 28,641,330 | 7,046,588 | 21,594,742 | 51,710 | 7,349 |
| دەشتی هەولێر | 7,647,610 | 3,939,381 | 3,708,229 | 15,104 | 6,429 |
| رەواندوز | 3,305,091 | 881,435 | 2,423,656 | 4,256 | 854 |
| سۆران | 12,600,500 | 2,810,372 | 9,790,128 | 22,243 | 3,920 |
| شەقڵاوە | 4,392,890 | 1,881,029 | 2,511,861 | 8,759 | 6,540 |
| چۆمان | 48,557,360 | 37,720,113 | 10,837,247 | 78,319 | 10,717 |
| کۆیە | 7,560,055 | 2,236,361 | 5,323,694 | 11,393 | 6,049 |
| مێرگەسور | 3,660,540 | 2,243,036 | 1,417,504 | 7,226 | 1,492 |
| ناوەندی هەولێر | 66,111,010 | 16,401,762 | 49,709,248 | 114,758 | 17,431 |
| کۆ | 182,476,386 | 75,160,077 | 107,316,309 | 313,767 | 60,782 |

# پیشەسازی

ئەم پاشکۆیە وردەکاریەکان دەربارەی ئەو پێکهاتە دیاریکراوانە دەستەبەر دەکات کە بۆ خەملاندنی کۆی بەرهەم و بەکاربردنی ناوەندی کۆمپانیا قەبارە گەورە و مامناوەندیەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها خەملاندن بۆ بەهای زیادکراو دەکات، لەرێگەی کۆدی دوو-رەنووسی پێداچوونەوەی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC).

**دەرەنجامی گشتی کۆمپانیاکانی پیشەسازی قەبارە گەورە و مامناوەندی**

خشتەی ب.1 بابەتەکانی روپێوکردن پیشان دەدات کە بۆ پێوانەکردنی هەریەک لە پێکهاتەکانی کۆی بەرهەم بەکارمانهێنان. ئێمە لای خوارەوە، وردەکاری زیاترمان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەک لە بابەتەکانی روپێوکردن دەستەبەر کردووە.

*بەهای بارەکان/دەرکەوتن/فرۆشتنەکانی کاڵا یان خزمەتگوزاریە بەرهەمهاتووەکان.* ئێمە بە زیادکردنی بەهای سافی فرۆشتن هەروەک لە روپێوەکەدا هاتووە دەستمان پێکرد. هەشتاوسێ لەکۆی 89 کۆمپانیای گەورە و 223 لەکۆی 236 کۆمپانیای مامناوەندی سافی فرۆشتنی خۆجێی یان هەناردەیان راپۆرتکرد. بە مەزەندەی ئێمە "سافی فرۆشتن" ئاماژە

**خشتەی ب.1**
**میتۆدەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی کۆی بەرهەم**

| پێکهاتەی کۆی بەرهەم | کۆمپانیا گەورە و مامناوەندیەکان |
|---|---|
| بەهای بارکردن/دەرکەوتن/فرۆشتنی کاڵا یان خزمەتگوزاریە بەرهەمهاتووەکان | سافی فرۆشتن لە خشتەی بەرهەمدا هاتووە |
| بەهای فرۆشتن/دەرکەوتن/بارکردنەکانی هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریە کڕراوەکان بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراوە. | سافی فرۆشتنی کاڵای کڕراو بەمەبەستی فرۆشتن<br>+ کۆمیشنی وەرگیراو<br>+ داهاتی جۆراوجۆر (فرۆشتنی حاویە و فۆرمەکان) |
| کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراون | کاڵای کڕاو بە مەبەستی فرۆشتن (ناوخۆ کۆ لەگەڵ هاوردەکراو) |
| پسووڵەکانی کاری پیشەسازی ئەنجامدراو یان خزمەتگوزاریە پیشەسازیە پێشکەشکراوەکان بە لایەنانی تر | داهاتەکانی چالاکیەکانی خزمەتگوزاری<br>+ داهاتەکانی ئۆپەراسیۆنەکان لە بەرژەوەندی لایەنانی تر |
| داهاتەکانی تر | کرێی سەرمایە جێگیرەکان (جگە لە زەوی) |
| بەهای سەرمایەی جێگیری ئەژماری خود | گۆڕانکاری لە کەلوپەلی "تێچووی سەرمایە دەستکردەکانی ناوخۆ" (بەهۆی جیاوازی داتاوە لەخۆ نەگیراوە) |
| گۆڕانکاری لە کاری-پەرەسەندوودا | گۆڕانکاری لە بەهای کەلوپەلی کاڵای تەواونەکراو (لەبەرئەوەی بڕە بەرجەستەکان بەردەست نەبوون، ئەمە وەک گۆڕانکاری لە بەهادا ئەژمارکرا) |
| گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواونەکراوەکان | گۆڕانکاری لە بەهای کەلوپەلی کاڵای تەواونەکراو (لەبەرئەوەی بڕە بەرجەستەکان بەردەست نەبوون، ئەمە وەک گۆڕانکاری لە بڕی بەرجەستە بە لێکدان لە تێکڕای نرخ) |
| گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕراو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو رەوشەی پێی وەرگیراوە | گۆڕانکاری لە بەهای کاڵا بۆ مەبەستی کەلوپەلی فرۆشتن (لەبەرئەوەی بڕە بەرجەستەکان بەردەست نەبوون، ئەمە وەک گۆڕانکاری لە بەهادا ئەژمارکرا) |

بەو نرخانە دەکات کە لەراستیدا لەلایەن بەرهەمهێنەوە وەرگیراون، و هەر بۆیەشە هەر باجێکی بەرهەمی لێدەرکراوە و کۆمەکی دارایی بەرهەمی لەخۆگرتووە (هەرچەندە گفتوگۆکانمان لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و وەزارەتی دارایی ئەوە دەگەیەنێت کە باجەکانی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان - عێراق شتێکی نائاساییە).

*بەهای فرۆشتن/دەرکەوتن/بارکردنەکانی هەموو ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی کڕراون بۆ فرۆشتنەوە لە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراون.* ئێمە بەهای هەموو "خەرجیەکانی چالاکی بازرگانی" مان بۆ زیادکرد، لەوانە سافی فرۆشتنی کاڵا بۆ مەبەستی فرۆشتن، کۆمیشنە وەرگیراوەکان، و داهاتە جیاجیاکان لە فرۆشتنی حاویە و فۆڕمەکانەوە. تەنها چوار کۆمپانیای گەورە و چوار کۆمپانیای مامناوەندی بەهای ئەرێنیان ڕاپۆرتکرد.

*کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراون.* دوو کۆمپانیای گەورە و شەش کۆمپانیای مامناوەندی ئەم بابەتەیان ڕاپۆرتکرد. ئەمانە لە داهاتی فرۆشتنەکانی لای سەروو دەرکران.

*پسووڵەکانی کاری پیشەسازی ئەنجامدراو یان خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان کە پێشکەش بە لایەنانی تر کراوە.* ئێمە هەموو داهاتەکان لە چالاکیەکانی خزمەتگوزاری کۆ لەگەڵ "داهاتەکان لە کارپێکردنەوەکانەوە لە بەرژەوەندی لایەنانی تر" مان بۆ زیادکرد. تەنها هەشت کۆمپانیا ڕاپۆرتی کرد و 13 کۆمپانیای مامناوەندی خزمەتگوزاریەکانی لەژێر ئەم چەشنەدا دەستەبەر کرد.

*داهاتەکانی تر.* هیچ کۆمپانیایەکی گەورە یان مامناوەندی وەرگرتنی کرێی لە سەرمایە جێگیرەکان (بەدەر لە زەوی) ڕاپۆرت نەکردووە.

*بەهای سەرمایەی جێگیری ئەژماری* خود. چوار کۆمپانیای گەورە تێچوونێکی سەرمایە بەرهەمهێنراوەکانی ناوخۆیان ڕاپۆرتکرد، بەڵام وادیارە داتاکە ناتەواوە. سێ لەکۆی چوار حاڵەت، تەنها کەلوپەلی دەستپێکیان ڕاپۆرتکرد؛ لە حاڵەتی چوارەمدا، کەلوپەلی دەستپێک و کۆتا هەر هەمان شت بوون. سەبارەت بە کۆمپانیا مامناوەندیەکان، چواریان بەهایەکی دەستپێکیان ڕاپۆرتکرد، بەڵام تەنها دووانیان بەهایەکی کۆتای ڕاپۆرتکرد. هەروەها، ئەم بابەتە دەرناکەوێت هەتا بە سەربەخۆ لە دوو خشتەدا کە وردەکاریەکانی سەرمایەیان تێدایە بناسرێتەوە؛ لەبەرئەوە ئێمە ئەم بابەتەمان لە ئەژمارکردنەکانی کۆی بەرهەم بەدەرکرد.

*گۆڕانکاری لە کاری-پەرەسەندوودا.* ئێمە گۆڕنکاریمان لە سەرمایەی کەلوپەلی تەواونەکراودا بەکارهێنا. کردنەوە و داخستنی بەهاکانی ئەم کەلوپەلانە تەنها لەڕووی بەهاوە (نەک بڕ) ڕاپۆرتکراون، بۆیە ئێمە گۆڕانکاری لە بەهای کەلوپەلمان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی بەهای زیادکراو. دوو کۆمپانیای گەورە و یەک کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی کەلوپەلی دەستپێک و کۆتای لەم چەشنەدا ڕاپۆرتکرد.

*گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵا تەواونەکراوەکان.* بۆ زانینی بەهای گۆڕانکاریەکان لە کەلوپەلی کاڵا تەواوکراوەکان، ئێمە گۆڕانکاری لە پشک مان چەندبارە کرد (لێدەرکردنی داخستن لە کردنەوە) بەسەر تێکڕای نرخدا. ئەم میتۆدە بەکارنەهێنرا، لەوانە هەر دەستهاتێکی هۆڵدین یان دووبارە نرخاندنی کەلوپەل لە بەهای زیادکراودا. سیانزە کۆمپانیای گەورە و 82 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی گۆڕانکاریەکانیان لە کەلوپەلی کاڵا تەواونەکراوەکاندا ڕاپۆرتکرد.

*گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕراو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراوە.* کردنەوە و داخستنی بەهاکانی ئەم کەلوپەلانە تەنها لەڕووی بەهاوە (نەک بڕ) ڕاپۆرتکراون، بۆیە ئێمە گۆڕانکاری لە بەهای کەلوپەلمان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی بەهای زیادکراو. سفر کۆمپانیای گەورە و تەنها یەک کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی کەلوپەلی دەستپێک و کۆتای ئەم بابەتەی ڕاپۆرتکرد.

**بەکاربردنی نێوەندکاری کۆمپانیا قەبارە گەورە و مامناوەندیەکانی پیشەسازی.**

خشتەی ب.2 بابەتەکانی ڕووپێوکردن پیشان دەدات کە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتەکانی بەکاربردنی نێوەندکار بەکارمانهێنان. ئێمە لای خوارەوە، وردەکاری زیاترمان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەک لە بابەتەکانی ڕووپێوکردن دەستەبەر کردووە.

*تێچووی مەوادی خاو و دابینکردنەکان.* ئێمە بە زیادکردنی تێچووی مەوادی خاوی ناوخۆ و هەناردەکراو و مەوادەکانی پێچانەوە دەستمان پێکرد هەروەک لە ڕووپێوەکەدا هاتووە، بە لێدەرکردنی بەهای مەوادە فرۆشراوەکان بەبێ چارەسەرکردن. حەفتاونۆ لە کۆی 83 کۆمپانیای گەورە و 220 لەکۆی 236 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی کڕینەکانی مەوادی خاویان ڕاپۆرتکرد. چل لە کۆی 83 کۆمپانیای گەورە و 68 لەکۆی 236 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی کڕینەکانی مەوادی پێچانەوەیان ڕاپۆرتکرد. هەروەها ئێمە تێچووی ئامرازە کاتیەکان، دابینکراوەکان و ئامێرەکان، پەڕنووسگە، و ئامێرەکانی کرێکارانمان زیادکرد بە لێدەرکردنی بەهای فرۆشراوی پێش چارەسەرکردن. حەفتاوهەشت لە کۆی 83 کۆمپانیای گەورە و 220 لەکۆی 236 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی کڕینەکانی کەرەستە یان ئامێرەکانی تریان ڕاپۆرتکرد. سفر کۆمپانیای گەورە و یەک کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی مەوادی خاو، مەوادی پێچانەوە، یان ئامێرەکانی تر بەبێ چارەسەرکردنیان ڕاپۆرتکرد.

**خشتەی ب.2**
**میتۆدەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی بەکاربردنی نێوەندکار**

| پێکهاتەی بەکاربردنی نێوەندکار | کۆمپانیا گەورە و مامناوەندیەکان |
| --- | --- |
| تێچووی مەوادی خاو و دابینکراوەکان جگە لە گاز، سوتەمەنی، و کارەبا | بەهای مەوادی خاوی کڕراو لەماوەی ساڵەکەدا<br>– مەوادی خاوی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای مەوادی پێچانەوەی کڕراو لەماوەی ساڵەکەدا<br>– بەهای مەوادی پێچانەوەی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای ئامرازەکان، دابینکراوەکان، هتد، کڕراو لەماوەی ساڵەکەدا<br>– بەهای ئامرازەکان، دابینکراوەکان، هتد.، کڕراو بەبێ چارەسەکردن |
| تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو | بەهای بەرهەمە نەوتیە پاڵێوراوە کڕراوەکان<br>– بەهای بەرهەمە نەوتیە پاڵێوراوە فرۆشراوەکان بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای گازی شلی کڕراو<br>– بەهای گازی شلی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای رۆنی چەورکردن و گریسی کڕراو<br>– بەهای رۆنی چەورکردنی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای گازی سروشتی کڕراو<br>– بەهای گازی سروشتی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن<br>+ بەهای کارەبای کڕراو<br>– بەهای کارەبای فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن |
| تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ | بەهای ئاوی کڕراو<br>– بەهای ئاوی فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن |
| کڕینەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن | پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری (سەخپێری و هەمەجۆر) |
| پارەدانەکانی بەکرێگرتن | کرێکانی سەرمایە جێگیرەکان (جگە لە زەوی) |
| گۆڕانکاریەکان لە کەلوپەلی مەوادەکان، سوتەمەنی، و دابینکراوەکان | گۆڕانکاری لە کەلوپەلی مەوادی خاو، سوتەمەنی و نەوت، کارەبا، ئاو، مەوادی پێچانەوە، ئامرازەکان، دابینکراوەکان، و ئامێرەکانی کرێکار |

*تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو.* ئێمە بەهای راپۆرتکراوی بەرهەمە نەوتیە پاڵێوراوەکان، گازی شل، رۆنی چەورکرن و گریس، گازی سروشتی، و کارەبای کڕراو (ناوخۆ و هاوردەکراو) مان بۆ زیادکرد، بە لێدەرکردنی بەهای فرۆشراوی بەبێ چارەسەرکردن. لە هەموویان تەنها یەک کۆمپانیای گەورە و یەک کۆمپانیای مامناوەندی هەمان جۆری تێچووی سوتەمەنی یان کارەبای راپۆرتکرد. هیچ کۆمپانیایەکی گەورە یان قەبارە مامناوەندی سوتەمەنی یان کارەبای فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردنی راپۆرت نەکرد.

*تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.* ئێمە بەها راپۆرتکراوەکانی ئاوی کڕراو، بە لێدەرکردنی بەهای فرۆشراو بەبێ چارەسەرکردن بۆ زیادکرد، کە لەلایەن 29 کۆمپانیای گەورە و 59 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی راپۆرتکران.

*کڕینەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن.* ئێمە هەموو خزمەتگوزاریە کڕراوەکانمان بۆ زیادکرد کە لە روپێوەکەدا راپۆرتکرا لەوانە سەخپێری، گەشتوگوزار، و خزمەتگوزاریەکانی تر. هەموو تەنها دوو کۆمپانیای گەورە و سێ کۆمپانیای قەبارە مامناوەند نەبێت، پارەدانەکانی خزمەتگوزاریان بۆ هەندێک جۆر راپۆرتکرد.

*پارەدانەکانی بەکرێگرتن.* ئێمە پارەدانەکانی بەکرێگرتنمان بۆ سەرمایە نەگوازراوەکان زیادکرد (لەوانە بیناکان و دامەزراوەکان، ئامرازەکان و ئامێرەکان، گواستنەوە، کەرەستە و قاڵبەکان، و کەلوپەلی ئۆفیس، بەڵام بە بەدەرکردنی زەوی). چل و پێنج کۆمپانیای گەورە و 81 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی پێدانی کرێی سەرمایە نەگوازراوەکانیان راپۆرتکرد.

*گۆڕانکاریەکان لە کەلوپەلی مەوادەکان، سوتەمەنی، و دابینکراوەکان.* ئێمە ئەژماری گۆڕانکاریەکانمان کرد لە کەلوپەلی مەوادی خاو (لەلایەن 35 کۆمپانیای گەورە و 106 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی راپۆرتکراون)، مەوادی پێچانەوە (لەلایەن 18 کۆمپانیای گەورە و 16 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی راپۆرتکران)، سوتەمەنی (لەلایەن 20 کۆمپانیای گەورە و 68 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی راپۆرتکران)، و دابینکردنەکان (لەلایەن 24 کۆمپانیای گەورە و 71 کۆمپانیای قەبارە مامناوەندی راپۆرتکران). هەموو کەلوپەلەکان بە چەندبارە کردنی گۆڕانکایەکان لە پشکدا بەسەر تێکڕای نرخدا نرخێنران.

خشتەی ب.3 خەمڵاندنەکانی کۆی بەرهەم و بەکاربردنی نێوەندکار بۆ کۆمپانیای گەورە، قەبارە مامناوەندی و کۆمپانیا بچووکەکان پێشکەش کرد، بە دوو-رەنووسی کۆدی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC) - پێداچوونەوەی 3.

**خشتەی ب.3**
**کۆی بەرهەم و بەکاربردنی نێوەندکار بەپێی کۆمپانیاکانی پیشەسازی، بەپیی پیشەسازی و قەبارەی کۆمپانیا**

| ISIC | | گەورە | | مامناوەندی | | بچووک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆدی Revision 3 | ناوی پیشەسازی | کۆی بەرهەم | بەکاربردنی ناوەندی | کۆی بەرهەم | بەکاربردنی ناوەندی | کۆی بەرهەم | بەکاربردنی ناوەندی |
| 15 | خواردەمەنی | 230 | 139 | 81 | 43 | 261 | 146 |
| 17 | رستن و چنین | 45 | 25 | 0,2 | 0,05 | 3 | 2 |
| 18 | پۆشاک | – | – | – | – | 102 | 30 |
| 19 | چەرم | – | – | 9 | 2 | – | – |
| 20 | تەختە | – | – | 1 | 1 | 146 | 60 |
| 21 | کاغەز | 4 | 1 | 58 | 23 | – | – |
| 22 | چاپەمەنی | 8 | 2 | 1 | 1 | 20 | 7 |
| 23 | خەڵوز، سوتەمەنی نەوتی و ناوکی | 38 | 29 | 2 | 1 | – | – |
| 24 | لاستیک | 31 | 25 | 2 | 2 | – | – |
| 25 | بەرهەمە دروستکراوەکان لە نەوت و خەڵوز | 19 | 15 | 7 | 5 | 75 | 48 |
| 26 | بەرهەمە کانگا ناکانزاییەکان | 935 | 395 | 197 | 100 | 262 | 182 |
| 27 | کانزا بنەڕەتیەکان | 182 | 74 | 3 | 2 | – | – |
| 28 | بەرهەمی کانزایی دروستکراو | 24 | 14 | 20 | 10 | 340 | 153 |
| 29 | ئامێرسازی | 12 | 9 | 10 | 5 | – | – |
| 31 | ئامێرسازی کارەبایی | 34 | 24 | 1 | 0,3 | – | – |
| 36 | جۆراوجۆر | 17 | 9 | 6 | 2 | 131 | 50 |
| | کۆ | 1,580 | 762 | 397 | 196 | 1,341 | 678 |

# کارەبا

ئەم پاشکۆیە درێژەی ئەژمارەکانی بەهای زیادکراو لە وەزارەتی کارەباوە پێشکەش دەکات (خشتەی ج.1) و مۆلیدەی گەورە (خشتەی ج.2).

**خشتەی ج.1**
**بەهای زیادکراو لەلایەن وەزارەتی کارەبا**

| بەش | (1) خەرجیەکانی کارمەندان | (2) کاڵا و خزمەتگوزاریەکان | (3) کۆمەکی دارایی | (4) بیمەی کۆمەڵایەتی | (5) خەرجیەکانی تر | (6) سەرمایە نادارایییەکان | (7) کۆ | بەهای زیادکراو = (7) – (2) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیوان | 5,70 | 731,47 | 1,85 | 0,18 | 0,01 | 0,13 | 739,33 | 7,86 |
| هەولێر | 44,49 | 13,61 | – | 0,22 | 0,35 | 17,37 | 76,04 | 62,43 |
| سلێمانی | 94,26 | 10,10 | – | 0,13 | 10,93 | 15,69 | 131,11 | 121,02 |
| دهۆک | 18,24 | 21,26 | – | 0,06 | 8,02 | 1,03 | 48,61 | 27,35 |
| پۆلیس | 37,12 | 0,80 | – | 0,02 | – | 0,36 | 38,30 | 37,51 |
| کۆ | 199,81 | 777,24 | 1,85 | 0,61 | 19,32 | 34,59 | 1033,40 | 256,16 |

**خشتەی ج.2**
**بەهای زیادکراو لەلایەن مۆلیدە گەورەکانی کارەبا**

| ناوی مۆلیدە | بەرهەم | بەهای زیادکراو (خەمڵێنراوە بە 40٪ ی بەرهەم) |
|---|---|---|
| 1000 مێگاواتی هەولێر | 205,6 | 82,2 |
| 1000 مێگاواتی چەمچەماڵ | 203,5 | 81,4 |
| 500 مێگاواتی دهۆک | 114,2 | 45,7 |
| 150 مێگاواتی باعەدرێ | 38,2 | 15,3 |
| 29 مێگاواتی کۆمپانیای پاوەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | 4,4 | 1,7 |
| 29 مێگاواتی کۆمپانیای پاوەری بەندەر | 0,7 | 0,3 |
| 29 مێگاواتی کۆمپانیای پاوەری میدیاڵ وێستی دهۆک | 0,2 | 0,1 |
| کۆ | 566,82 | 226,73 |

# بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی

خشتەی د.1 بابەتەکانی ڕووپێوکردن پیشان دەدات کە بۆ پێوانەکردنی هەریەک لە پێکهاتەکانی کۆی بەرهەم بەکارمانهێنان. ئێمە لای خوارەوە، وردەکاری زیاترمان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەک لە بابەتەکانی ڕووپێوکردن دەستەبەر کردووە.

*بەهای فرۆشتن/دەرکەوتن/بارکردنەکانی هەموو ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی کڕاون بۆ فرۆشتنەوە لە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراون.* ئێمە بە زیادکردنی بەهای فرۆشتن هەروەک لە ڕووپێوەکەدا هاتووە دەستمان پێکرد. سافی فرۆشتن لەلایەن 789 لەکۆی 968 کۆمپانیای هەولێر، 934 لەکۆی 1071 کۆمپانیای سلێمانی، و 499 لە کۆی 564 کۆمپانیای دهۆکەوە ڕاپۆرتکران. ئێمە مەزندەی ئەوەمان کرد کە "فرۆشتن" ئاماژە بێت بەو نرخانەی لەلایەن بەرهەمهێنەوە لە ڕاستیدا وەرگیراون (بۆ نموونە، سافی فرۆشتن)، و بەم پێیە هەر باجێکی بەرهەمی هەر پێشتر لێدەرکراوە بەڵام هەر کۆمەکیەکی دارایی هەبێت لەخۆی گرتووە.

*کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراون.* ئێمە بەهای کڕینەکانی ئەو کاڵایانەمان ئەژمارکرد کە بۆ فرۆشتنەوە کڕاون. بەهاکان لەلایەن 774 کۆمپانیای هەولێر، 932 کۆمپانیای سلێمانی، و 489 کۆمپانیای دهۆکەوە ڕاپۆرتکران.

*داهاتەکانی تر.* ئەم چەشنە ئەو داهاتانە لەخۆ دەگرێت کە لە فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە لە بەرهەمی دامەزراو، داهاتەکان لە خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە و ڕەوانەکردنەوە کە بۆ لایەنانی تر دەستەبەر کراون، داهاتەکانی کرێکانی مەکینە و ئامێرەکان و گواستنەوە، داهاتەکانی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی سەخێری، کۆمیشنەکانی فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان بە کەسانی تر، و داهاتەکانی کرێی باڵەخانەکان کۆکراونەتەوە. داهاتەکانی تر لەلایەن 186 لەکۆی 968 کۆمپانیای هەولێر، 260 لەکۆی 1,071 کۆمپانیای سلێمانی، و 136 لە کۆی 564 کۆمپانیای دهۆکەوە ڕاپۆرتکران.

**خشتەی د.1**
**میتۆدەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی کۆی بەرهەم**

| پێکهاتەی کۆی بەرهەم | دامەزراوە بازرگانیەکان |
|---|---|
| بەهای فرۆشتن/دەرکەوتن/بارکردنەکانی هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریە کڕاوەکان بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراوە | فرۆشتن |
| کڕینەکانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ فرۆشتنەوە لەهەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراون | بەهای کڕینەکانی کاڵای کڕاو بۆ فرۆشتنەوە |
| داهاتەکانی تر | داهاتەکان لە فرۆشتنی بەرهەمەکان و بەرهەمی دامەزراو<br>+ داهاتەکان لە خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە و ڕەوانەکردن کە بۆ لایەنانی تر دەستەبەر دەکرێن<br>+ داهاتەکان لە بەکرێدانی مەکینە و ئامێرەکان و گواستنەوە<br>+ داهاتەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی سەخێری<br>+ کۆمیشنەکانی فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان بە لایەنانی تر<br>+ داهاتەکانی بەکرێدانی تەلارەکان |
| گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕاو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراوە | داخستنی پشکی کەلوپەلی کڕاو بۆ فرۆشتنەوە<br>– کردنەوەی پشکی کەلوپەلی کڕاو بۆ فرۆشتنەوە |

*گۆڕانکاری لە کەلوپەلی کاڵای کڕراو بۆ فرۆشتنەوە بە هەمان ئەو ڕەوشەی پێی وەرگیراوە.* ئێمە هەڵساین بە لێدەرکردنی بەهای کردنەوە لە بەهای داخستنی ئەو کاڵایانەی بۆ فرۆشتنەوە کڕراون بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانێک لە بەهای کەلوپەلدا.

خشتەی د.2 بابەتەکانی ڕوپێوکردن پیشان دەدات کە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتەی بەکاربردنی نێوەندکار بەکارمانهێنان. ئێمە لای خوارەوە، وردەکاری زیاترمان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەک لە بابەتەکانی ڕوپێوکردن دەستەبەر کردووە.

*تێچووی مەوادی خاو و دابینکردنەکان.* ئێمە هەڵساین بە کۆکردنەوەی بەها ڕاپۆرتکراوەکانی مەوادی خاو، کەلوپەلی ئامرازەکان، مەوادی پێچانەوە، و کاڵاکانی تر (بەرهەمەکانی پاکژکردنەوە، هتد) کە لە ڕوپێوەکەدا ڕاپۆرتکران. لەهەموو پارێزگاکاندا، 66 لەکۆی 2603 کۆمپانیا مەوادی خاو، 63 کۆمپانیا کەلوپەلی ئامراز، 1850 کۆمپانیا مەوادی پێچانەوە، و 1521 کۆمپانیا کاڵاکانی تری ڕاپۆرتکرد.

*تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو.* ئێمە بەها ڕاپۆرتکراوەکانی سوتەمەنی و ڕۆنەکانی سوتەمەنی و بەهای کارەبای کڕراومان بۆ زیادکرد. 438 لەکۆی 968 کۆمپانیای هەولێر، 352 لەکۆی 1071 کۆمپانیای سلێمانی و 136 لەکۆی 564 کۆمپانیای دهۆک سوتەمەنی و ڕۆنەکانی سوتەمەنیان ڕاپۆرتکرد، لەکاتێکدا 837 لەکۆی 968 کۆمپانیای هەولێر، 1017 لەکۆی 1071 کۆمپانیای سلێمانی و 532 لەکۆی 564 کۆمپانیای دهۆک کرێنەکانی کارەبایان ڕاپۆرتکرد.

*تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.* ئێمە بەهای ڕاپۆرتکراوی ئاوی کڕراومان بۆ زیادکرد، کە لەلایەن 362 کۆمپانیای هەولێر، 344 کۆمپانیای سلێمانی و 229 کۆمپانیای دهۆکەوە ڕاپۆرتکرا.

*کرێنەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن.* ئێمە هەموو خزمەتگوزاریەکانی کرێنمان بۆ زیادکرد کە لە ڕوپێوەکەدا ڕاپۆرتکرا لەوانە سەخپێری، بارکردن، و خزمەتگوزاریەکانی تر. لەکۆی هەموو تەنها 111 کۆمپانیا پارەدانەکانی خزمەتگوزاری هەندێک جۆری دیاریکراویان ڕاپۆرتکرد.

*پارەدانەکانی بەکرێگرتن.* ئێمە پارەدانەکانی بەکرێگرتنی تەلارەکانمان ئەژمار کرد. 643 کۆمپانیای هەولێر، 823 کۆمپانیای سلێمانی، و 437 کۆمپانیای دهۆک پارەدانی کرێیان ڕاپۆرتکرد.

خشتەی د.3 خەمڵاندنەکانی کۆی بەرهەم، بەکاربردنی ناوەندی، و بەهای زیادکراو بۆ کۆمپانیا بازرگانیەکان لەلایەن پارێزگاوە، بە سێ ڕەنووسی کۆدی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC) - پێداچوونەوەی 4 پیشان دەدات.

**خشتەی د.2**
**میتۆدەکانی ئەژمارکردنی پێکهاتەکانی بەکاربردنی نێوەندکار**

| پێکهاتەی بەکاربردنی ناوەندی | دامەزراوە بازرگانیەکان |
|---|---|
| تێچووی مەوادی خاو و دابینکراوەکان جگە لە گاز، سوتەمەنی و کارەبا | تێچووی مەوادی خاو<br>+ تێچووی پارچەی یەدەک<br>+ تێچووی مەوادی پێچانەوە<br>+ تێچووی مەوادەکانی تر (مەوادی پاکژکردنەوە، هتد.) |
| تێچووی گاز، سوتەمەنی، و کارەبای کڕراو | تێچووی سوتەمەنی و ڕۆنەکانی سوتەمەنی<br>+ تێچووی کارەبا |
| تێچووی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ | تێچووی ئاو |
| کرێنەکانی خزمەتگوزاریەکان جگە لە بەکرێگرتن | تێچووی پۆستە، تەلەگراف و گەیاندن<br>+ تێچووی سەخپێری و چاکردنەوە (سەرمایەی جێگیر)<br>+ خەرجیەکانی بار<br>+ خەرجیەکانی بارکردن، داگرتن، گواستنەوەی کەلوپەل<br>+ کرێکانی ژمێریاران و پارێزەران<br>+ خەرجیەکانی ڕێکلام و بانگەشە<br>+ تێچووی خزمەتگوزاریەکانی تر (مەوادی پاکژکردنەوە، هتد.) |
| پارەدانەکانی بەکرێدان | بەکرێدانەکانی تەلارەکان |

**خشتەی د.3**
**کۆی بەرهەم و بەکاربردنی ناوەندی لەلایەن کۆمپانیا بازرگانیەکان، بەپێی پیشەسازی و پارێزگا**

| کۆدی ISIC پێداچوونەوەی 4 | ناوی پیشەسازی | هەولێر: کۆی بەرهەم | هەولێر: بەکاربردنی ناوەندی | سلێمانی: کۆی بەرهەم | سلێمانی: بەکاربردنی ناوەندی | دهۆک: کۆی بەرهەم | دهۆک: بەکاربردنی ناوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 451 | فرۆشتنی ئۆتومبێل | 232 | 169 | 281 | 267 | 7 | 3 |
| 452 | سەخپێری و چاکردنەوەی ئۆتومبێل | 152 | 81 | 99 | 15 | 160 | 127 |
| 453 | فرۆشتنی ئۆتومبێل و پارچەی جوانکاری | 252 | 212 | 219 | 185 | 86 | 71 |
| 454 | فرۆشتن، سەخپێری و چاکردنەوەی ماتۆڕسکیل و پارچە پەیوەندیدارەکان و جوانکاری | 2 | 1 | 7 | 6 | 0 | 0 |
| 461 | کۆفرۆشی لەسەر بنەمای کرێ یان گرێبەست | 26 | 9 | 255 | 225 | 61 | 35 |
| 462 | کۆفرۆشی مەوادی خاوی کشتوکاڵی و ئاژەڵی زیندوو | 40 | 35 | 173 | 161 | 40 | 33 |
| 463 | کۆفرۆشی خواردەمەنی، خواردنەوەکان و تووتن | 360 | 338 | 219 | 202 | 696 | 629 |
| 464 | کۆفرۆشی کەلوپەلی ناوماڵ | 206 | 172 | 251 | 222 | 696 | 678 |
| 465 | کۆفرۆشی مەکینە، ئامێرەکان و دابینکردنەکان | 23 | 20 | 57 | 51 | 15 | 11 |
| 466 | کۆفرۆشیە تایبەتمەندەکانی تر | 2,015 | 1,941 | 530 | 472 | 444 | 409 |
| 469 | بازرگانی کۆفرۆشی ناتایبەتمەند | 46 | 45 | 15 | 13 | 3 | 2 |
| 471 | تاکفرۆشی لە فرۆشگا ناتایبەتمەندەکاندا | 725 | 565 | 561 | 475 | 496 | 424 |
| 472 | تاکفرۆشی خواردەمەنی، خواردنەوەکان و تووتن لە فرۆشگە تایبەتمەندەکان. | 747 | 650 | 854 | 727 | 474 | 403 |
| 473 | تاکفرۆشی سوتەمەنی ئۆتومبێل لە فرۆشگا تایبەتمەندەکان. | 267 | 215 | 392 | 361 | 360 | 347 |
| 474 | تاکفرۆشی ئامێرەکانی زانیاری و گەیاندن لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 192 | 169 | 326 | 297 | 105 | 93 |
| 475 | تاکفرۆشی ئامێرەکانی تری ناوماڵ لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 3162 | 2953 | 836 | 719 | 488 | 425 |
| 476 | تاکفرۆشی کەلوپەلی کولتوری و ڕابواردن لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 53 | 43 | 104 | 86 | 24 | 19 |
| 477 | تاکفرۆشی کەلوپەلی تر لە فرۆشگا تایبەتمەندەکاندا | 1,747 | 1,468 | 738 | 609 | 576 | 525 |
| 478 | تاکفرۆشی لەڕێگەی کوشک و بازاڕەکانەوە | 20 | 15 | 13 | 11 | 38 | 31 |
| 479 | بازرگانی تاکفرۆشی بەڵام لە فرۆشگاکان، کوشک و بازاڕەکان نا | 1 | 0 | 1 | 1 | 26 | 26 |
| | کۆ | 10,269 | 9,104 | 5,932 | 5,104 | 4,798 | 4,291 |

# بانک، بیمە، و ئاڵوگۆڕی دراو

خشتەکانی هـ.1 و هـ.2 وردەکاریەکانی خەملاندنی بەهای زیادکراو بەپێی بانکە تایبەتە ناوخۆ و عێراقیەکان، یەک لەدوای یەک، دەستەبەر دەکات. خشتەی هـ.3 وردەکاریەکانی خەملاندنی بەهای زیادکراو بەپێی ئاڵوگۆڕی دراو دەستەبەر دەکات، و خشتەی هـ.4 ئەژمارکردنەکانی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) پیشان دەدات.

**خشتەی هـ.1**
**بەهای زیادکراو بەپێی بانکە تایبەتە خۆجێکان**

| بانک | خەملاندنی کۆی بەهای زیادکراوی 2012 | بەهای زیادکراوی تایبەخۆی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ 2012 | سەرچاوە و میتۆد |
|---|---|---|---|
| بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی | 48,1 | 44,0 | سەرچاوە: راپۆرتەکانی ساڵانەی 2012، میتۆدەکان: میتۆدی دەرامەت، پشکی لقەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق لە قازانجەکان |
| بانکی جیهان | 42,5 | 32,5 | سەرچاوە: راپۆرتەکانی ساڵانەی 2012، میتۆدەکان: میتۆدی دەرامەت، پشکی لقەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق لە قازانجەکان |
| بانکی هەولێر | 31,0 | 26,0 | خەملاندنی دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) بۆ 2011. گەشەکردن و تەرخانکردنی چالاکی 2012 بۆ هەرێمی کوردستان وەک تێکراپەکی دوو بانکە خۆجێکەی تر |
| کۆ | 121,6 | 102,5 | |

**خشتەی هـ.2**
**بەهای زیادکراو بەپێی بانکە عێراقیە تایبەتەکان کە لە هەرێمی کوردستان—عێراق کاردەکەن**

| میتۆدی خەملاندن | بەها |
|---|---|
| کۆی بەهای 2011 زیادکرا بۆ 21 بانک، بە بەکارهێنانی فایلی CSO | 413,9 |
| بەهای خەملێنراوی 2012 زیادکرا بە بەکارهێنانی رێژەی (لەسەدا 30,4) گەشەکردنی نمونەیی ساڵانەی کۆبەرهەمی ناوخۆی (GDP) بانک و بیمەی عێراقی | 539,8 |
| **تایبەخۆی لەسەدا 21,5 بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق** | **116,1** |

**خشتەی هـ.3**
**بەهای زیادکراو بەپێی بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕی دراو کە لە هەرێمی کوردستان—عێراق کاردەکەن (هەزار دیناری عێراقی)**

| پارێزگا | دەرەنجامی[أ] | بەکاربردنی ناوەندی[ب] | باج و رسومات[ج] | قەرەبووی کارمەندان | کۆی کارکردنی سەرڕێژ | کۆی بەهای زیادکراو لەسەر بنەمای نرخەکانی بەرهەمهێن | کۆی بەهای زیادکراو لەسەر بنەمای نرخە بنەڕەتیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 6,837,494 | 934,672 | 94,589 | 995,810 | 4,812,423 | 5,902,822 | 5,808,233 |
| سلێمانی | 10,941,998 | 1,398,817 | 75,986 | 2,707,010 | 6,760,185 | 9,543,181 | 9,467,195 |
| هەولێر | 4,975,347 | 664,709 | 52,290 | 819,850 | 3,438,498 | 4,310,638 | 4,258,348 |
| کۆ | 22,754,839 | 29,98,198 | 222,865 | 4,522,670 | 15,011,106 | 19,756,641 | 19,533,776 |

سەرچاوە: خشتەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە ناونیشانی "خشتەی (13):بەهای دەرەنجام و کۆی بەهای زیادکراو بەپێی پارێزگاکان (بەها بە هەزار دیناری عێراقی)."

[أ] وەرگێڕانی پیتانەی بریتیە لە "کۆی بەهای بەرهەم."

[ب] وەرگێڕانی پیتانەی بریتیە لە "کۆی بەهای کالا و خزمەتگوزاریەکان."

[ج] بە مەزەندەی ئێمە ئەمانە باجی سەر بەرهەمەکانن، لەبەرئەوەی یەکسانن بە جیاوازی نێوان بەهای زیادکراوی گشتی لە نرخەکانی بەرهەمهێن و بەهای زیادکراوی گشتی لە نرخە بنەڕەتیەکاندا.

هەروەک لە بەشی یانزەدا سەرنجدرا، ئێمە خەمڵاندنمان بۆ خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) ئەنجامدا بە لێدەرکردنی کۆی سوودی دراو لە کۆی سوودی وەرگیراو لەلایەن دامەزراوە بانکیەکانەوە. بەداخەوە، نەمانتوانی چاودێری کرێ ئاشکراکانی خزمەتگوزاری، یان وردەکاریەکانی قەرز و پاشەکەوت بەپێی پیشەسازی بەراورد بە خێزانەکان بکەین. بەم جۆرە ئێمە پەیڕەوی *سیستمی ئەژمێری نیشتیمانی* 1993ڕێنمایی و مامەڵەکردن لەگەڵ خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) هەروەک بۆ پیشەسازیەکان تەرخان کرابن. ئەو داتایانەی لە دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) وەرمانگرت یارمەتیدەر بوون بۆ ئەم ئەژمارکردنە بۆ 2011 بۆ بانکە تایبەتە ناوخۆکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، بانکە تایبەتەکانی عێراق، و بانکە بیانیەکان. داتای پێویست لەسەر سوود بۆ بانکە بازرگانیە حکومیەکان بەردەست نەبوو.

ئێمە پشکی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) لەسەر ئاستی عێراقمان بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق تەرخانکرد بە میتۆدێکی هاوشێوە هەروەک ئەو بەها زیادکراوەی لە کەرتی بانک دا بۆ هەرێمی کوردستان - عێراقمان تەرخانکرد (بڕوانە بەشی یانزە) لەسەر بنەمای هەمان فایلی داتا لە دەزگای ناوەندی ئامارەوە (CSO).

ژمارەکانی 2011 هەڵئاوسان بۆ 2012 بە هەمان ڕێژەی گەشەکردنی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) کە لە ئەژمێرەکانی نیشتیمانی عێراقی لەنێوان ساڵانی 2012 و 2011 سەرنجدران (لەسەدا 5,66).

**خشتەی هـ.4**
**نێوەندکاری دارایی خزمەتگوزاریە پێوانەکراوە ناراستەوخۆکان**

| چەشن | بڕ |
|---|---|
| کۆی خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن (FISIM) ی بانکەکان | 58,4 |
| بانکە تایبەتە خۆجێکان | 17,7 |
| بانکە تایبەتە عێراقیەکان | 39,6 |
| بانکە بیانیەکان | 1,1 |

# سامپڵین و دیزاینی پرسیارنامە نوێکان

ئێمە لێرەدا شێوازناسی سامپڵینی بەکارهێنراو بۆ خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان و روپێوکردنەکانی خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە/کۆگاکردن هەروەک لە بەشی دوانزەدا هاتووە شرۆڤە دەکەین، هەروەها پوختەی پێکهاتەی پرسیارنامەکانی ئەم روپێوانە دەخەینە روو. پاشکۆی ز، لە بەڵگەنامەیەکی سەربەخۆدا، تەواوی پرسیارنامەکان بە ئینگلیزی بۆ خزمەتگوزاریەکانی تر (جۆراوجۆرەکان) هەروەها بۆ بیناسازی (لە بەشی شەشەمدا شرۆڤە کراوە) پێشکەش دەکات.

## دیزاینی سامپڵین و قەبارەی سامپڵی روپێوەکانی خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە/کۆگاکردن و جۆراوجۆرەکان

ئاماری 2009 یارمەتیدەرمان بوو بۆ دیاریکردنی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای کۆدەکانی چالاکی پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابووریەکان (ISIC) - پێداچوونەوەی 4 ئەوان، کە یارمەتی داین بۆ هەریەک لە روپێوەکان سامپڵێکی دامەزراوە لەو کەرتانەدا دەسنیشان بکەین کە جێ ئارەزوو بوون و ریزبەندی سامپڵەکە لەسەر بنەمای ئەم دابەشبوونانە ئەنجام بدەین. ئێمە میتۆدێکی گشتیمان بۆ سامپڵین پەیڕەوکرد کە لە روپێوەکانی دامەزراوەکانی تردا بەکارهێنران هەروەک لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەنجامدران. ئێمە ریزبەندیەکەمان بەپێی چالاکی و پارێزگا ئەنجامدا، بەو مانایەی هەر چالاکیەک لە هەر پارێزگایەکدا بریتی بوو لە چینێک کە سامپڵێکی سەربەخۆی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لێ وەرگیرا. بە بەراوردکردن بە سامپڵێکی هەڕەمەکی ئاسایی، کە لە تێکڕای دانیشتووانی جێ ئارەزوو وەردەگیرێت (هەموو کۆمپانیاکانی بواری ئەم چالاکیانە لە هەموو پارێزگاکاندا)، ریزبەندیەکە دڵنیایی ئەوە دەدات کە هەموو چینەکان لە روپێوەکەدا نوێنەرایەتی کراون.

چالاکیەکانی روپێوی خزمەتگوزاریەکان ئەمانەی لای خوارەوەن، هەروەک هەر پێشتر لە بەشی دوانزەدا سەرنج دراون:

1. زانیاری و گەیاندن
2. دارایی و بیمە
3. موڵک
4. چالاکیە پیشەگەری، زانستی و تەکنیکیەکان
5. چالاکیەکانی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی
6. چالاکیەکانی کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی
7. هونەر، کەیفخۆشی و رابواردن
8. چالاکیە خزمەتگوزاریەکانی تر.

بە هەشت چالاکی و سێ پارێزگا، کۆی 24 چینمان بۆ روپێوی خزمەتگوزاریەکان هەیە. سەبارەت بە روپێوی گواستنەوە و کۆگاکردن، ئێمە هەروا بە ئاسایی ریزبەندی لەسەر هەموو چالاکیەکانی گواستنەوە و کۆگاکردن دەکەین. لەبەرئەوە شەش ریزبەندی هەیە (دوو چالاکی کەڕەت سێ پارێزگا).

سوودێکی تری ریزبەندی بەپێی چالاکی (و بەپێی ناوچە) ئەوەیە کە هەڵمان بۆ دەڕەخسێنێت قەبارەی سامپڵ لە چیندا هەموار بکەین، کە دەمانەوێت خەمڵاندنێکی زیاتر وردبینانە و دروست بێت، بەجۆرێک، مەزندەی ئەو بەها زیادکراوە بکات کە پەراوێزێکی بچووک هەڵەی تێدایە. دەتوانرێت قەبارەی سامپڵی

ئەو چینانە هەموار (زیاد) بکرێت بۆ دڵنیابوون لەم دەرەنجامە. بۆ مەبەستەکانی ئێمە، وا بە باش دەزانرا وردبینیەکی گونجاومان هەبێت بۆ هەردووک گواستنەوە/کۆگاکردن بە تێکڕا و بۆ خزمەتگوزاریە پێکهاتەکانی تر. لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریەکانی تر و گواستنەوە/کۆگاکردن رووپێوی جیاوازن، ئەم بڕانە بۆ هەڵبژاردنی سامپڵی گونجاو بۆ هەریەک لە رووپێوەکان بەرجەستە دەکات بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی وردبینی گونجاو بۆ بەهای مامناوەندی زیادکراو بۆ هەر رووپێوێک. ئێمە سەرنجماندا کە پاساوێکی لاواز هەبوو بۆ هەڵبژاردنی قەبارەکانی سامپڵ بۆ چالاکیە بچووکترە تاکەکان بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی پەراوێزێکی نزم لە هەڵە بۆ ئەمانەش بە هەمان شێوە، و ئەمەش بە نرخی پێویست بوون بە سامپڵێکی تێکڕای زۆر گەورەتر دەهاتەدی. لەبەرئەوە، ئێمە زێدە سامپڵی چینە بچووکترەکانمان نەکرد (یان بە پێچەوانەوە، بەکەم سامپڵینی دانە گەورەترەکانمان نەکرد). بەم پێیە، ئەم سامپڵینە یەکێکە لە ریزبەندیە رێژەییەکان.

ئێمە (1) هەڵساین بە ریزبەندی سامپڵەکە لەسەر هەریەک لە چالاکیەکانی لای سەروو (و بەپێی پارێزگا) بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتی سامپڵ و (2) قەبارەکانی سامپڵمان بۆ گواستنەوە/کۆگاکردن و بۆ خزمەتگوزاریەکانی تر دەسنیشان کرد بۆ دڵنیابوون لەوەی دەتوانین خەمڵاندنی وردبینانەی گونجاوی بەهای زیادکراو بۆ ئەم دوو گرووپە ئەنجام بدەین. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم ئاراستەیە بەدوای ئەوانەی تری رووپێوەکانی کۆمپانیای دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) دا دێت. ئەم رووپێوانە بۆ ئەوە دیزاین نەکراون ئاستێکی باڵای وردبینی و دروست (بەوەی کە پەراوێزێکی بچووکی هەڵە لەئارادایە) بۆ هەریەک لە چینەکان زامن بکەن. بەڕەچاوکردنی ژمارەی چینەکان، ئەو جۆرە سامپڵە بەشێوەیەکی رێپێنەدراو گەورە دەبێت. لەبری ئەمە، لەوێ هەروەک لێرە، مەبەست ئەوە بوو بە کۆ زامنی وردبینی بکرێت. لە حاڵەتی ئێستادا، ئەمە بەو مانایە دێت کە وردبینی خەملاندنەکانی بەها بۆ گواستنەوە/کۆگاکردن و خزمەتگوزاریەکانی تر بە جیا زیادکرا.[1]

بۆ زانینی قەبارەی پێویستی سامپڵ بۆ بەدەستهێنانی ئاستێکی خوازراو لە وردبینی، پێویستی بەوە دەکرد بیرۆکەیەک هەبێت بۆ ئاستی مامناوەندی و جیاوازی گۆڕاو بۆ ئەوەی بخەمڵێنرێت. هەرچەندە ئەمە بۆ کەرتی خزمەتگوزاریەکان (یان بۆ گواستنەوە و کۆگاکردن) بەردەست نەبوو، ئێمە دەرەنجامەکانی رووپێوەکەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) مان بەکارهێنا بۆ بازرگانی ناوخۆ، کە دەشێت بەشێوەیەکی گشتی قابیلی بەراورد بێت. لادانی مامناوەندی و ستانداردی داهاتی مانگانە لەو سامپڵەدا بریتی بوو لە 21860 و 99614 دیناری عێراقی یەک لەدوای یەک؛ بۆ بەهای زیادکراو بریتی بوون لە 3198 و 11014[2] ئەم ژمارانە جیاوازیەکی بەرز بە بەراورد بە مامناوەندی دەنوێنن، هەروەک رەنگە پێشبینی بکەین بۆ کەرتێک کە گرووپێکی جیاواز لە دامەزراوەی تێدابێت.

ئەژمارکردنەکانی هێزی ئامار هەردووک لادانی پێشبینیکراوی مامناوەندی و ستانداردی بەرژەوەندی گۆڕاو (ئێمە بەهای زیادکراومان بەکارهێنا)، هەروەها ریزبەندی سامپڵەکەی یەکخستبوو. هەروەها ئەژمارکردنەکان رێژەی لەسەدا 5 ی بۆ نەبوونی وەڵام مەزندە کرد. لەسەر بنەمای ئەم مەزەندانە، بۆ بەدەستهێنانی خەملاندنێک بە پەراوێزێکی هەڵەوە کۆ یان کەم لەسەدا پێنجی لادانی ستانداردی بەهای زیادکراو[3] ژمارەی کۆمپانیاکان لە سامپڵەکەدا بۆ هەریەک لە رووپێوەکان خەملێنرا بە نزیکەی 1620[4] سەبارەت بە گرووپە خزمەتگوزاریەکانی تر، ئێمە هەروەها لانی کەمترین دە دامەزراوەمان بۆ هەر چالاکیەک لە هەر پارێزگایەکدا هەڵبژارد (ئەمە بۆ هەر چینێک)، هەرچەندە لە نەخشەی راستەقینەی سامپڵەکەدا ئەم کەمترینە بۆ هەموو چینەکان رەچاو کرا. خشتەی و.1 ژمارەی دامەزراوەکان لە سامپڵەکەدا بەپێی پارێزگا و چالاکی پیشان دەدات.

---

[1] لەکاتێکدا ئەم قەبارەی سامپڵە رێگە بە وردبینی ئامار لەسەر ئاستی هەریەک لە چینەکان نادات، چینکاری هێشتا یارمەتیدەرە بۆ زامنکردنی ئەوەی سامپڵەکە نوێنەرایەتی دەکات.

[2] رووپێوەکە داتای لەسەر بنەمای مانگانە کۆکردەوە؛ ئەو مامناوەندیانەی لێرەدا راپۆرتکران تێکڕای مامناوەندی مانگانە دەنوێنن.

[3] ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەگەری لەسەدا 95 هەیە کە مامناوەندی راستەقینەی بەهای زیادکرا لە سەدا پێنجی لادانی ستانداردی بەهای زیادکراوی سەر یان ژێر بەهای مامناوەندی خەملێنراوی زیادکراو زیاتر نەبێت. بەشێوەیەکی زیاتر نمونەیی، پەراوێزی هەڵە ئاماژە بە مەودایەک دەکات کە وەک رێژەیەکی سەدی مامناوەندی رێژەی گۆڕاو ناسێنراوە، نەک لادانی ستانداردی ئەو. بەڵام، بە ڕەچاوکردنی جیاوازی زۆر بەرزی بەهای زیادکراوی خەملێنراو لە داتای رووپێوی بازرگانی کە بەکاری دێنین (کە وادیارە بە هەمان شێوە لە خزمەتگوزاریەکانی تریشدا بینراوە)، بەدەستهێنانی لەسەدا پێنج پەراوێزی هەڵە کە بەم شێوەیە ناسێنراوە ئاماژە بە سامپڵێکی گەورەی رێپێنەدراو دەدات. لەم حاڵەتەدا ناسینەوەی وردبینی لەسەر بنەمای لادانی ستاندارد زۆر پەسەند بوو. قەبارەی تێکڕای سامپڵی دەرەنجام بەگشتی قابیلی بەراورد بوو بە رووپێوەکانی پڕۆژەی تر لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

[4] قەبارەی سامپڵی رووپێوی بیناسازی کە لە بەشی شەشدا شرۆڤە کراوە مەزندەکرا بەوەی هەمان رێگا بێت لەسەر بنەمای داتای رووپێوی بازرگانی، بۆیە بە هەمان شێوە 1620 دامەزراوەی هەیە.

**خشتەی و.1**
**کۆمپانیاکان بەپێی پارێزگا و چالاکی لە سامپڵدا بۆ ڕوپێوکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان**

| چالاکی | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| گواستنەوە | 152 | 86 | 112 | 350 |
| کۆگاکردن | 277 | 600 | 399 | 1276 |
| زانیاری و گەیاندن | 13 | 33 | 30 | 76 |
| دارایی و بیمە | 14 | 20 | 16 | 50 |
| موڵک | 29 | 60 | 63 | 152 |
| پیشەگەری، تەکنیکی و زانستی | 31 | 92 | 65 | 188 |
| کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی | 10 | 31 | 25 | 66 |
| تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 48 | 110 | 106 | 264 |
| هونەر و کەیفخۆشی | 34 | 41 | 32 | 107 |
| خزمەتگوزاریەکانی تر | 153 | 316 | 256 | 725 |
| کۆ | 761 | 1389 | 1104 | 3254 |

نیگەرانیەک هەبوو لە بەکارهێنانی ئاماری کۆمپانیاکانی 2009 چونکە چوارچێوەی سامپڵینەکە بەشێوەیەکە کە، لەکاتێکدا ئەمە میتۆدێکی پێویستە بۆ ئەم چالاکیە جیاجیایانە، لیستکردن لەم ئامارەدا ئێستا نزیکەی پێنج ساڵ کۆنە، بەم پێیە بەسەرچووە. هەروەک لە تێکستی سەرەکی ڕاپۆرتەکەدا سەرنجماندا، هەندیک پشکی دامەزراوەکان چیتر لەکاردا نەبوون یان لابراون. لیستێکی جێگرەوە ئەم پڕۆژانەی بەپێی پارێزگا، قەزا، و چالاکی ڕێکخست و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەچوارچێوەی هەر پارێزگا/قەزا/ناحیەیەکدا ریزبەندکران، بەمەش ڕێگەیدا بە دەسنیشانکردنی جێگرەوەیەکی کۆمپانیایەکی هاوشێوە لە هەمان شوێنی گشتیدا.

## پەیکەری پرسیارنامەی ڕوپێوەکە

ئامڕازی تەواوی ڕوپێوی کەرتی خزمەتگوزاریە هەمەجۆرەکان لە پاشکۆی ز لە بەرگی هاوپێچی سەرهێڵی ئەم ڕاپۆرتەدا پێشکەش کراوە. ئامڕازی گواستنەوە و کۆگاکردن هەر هەمانە، بەدەر لە زیادکردنی پرسیارەکان لەسەر ئۆتومبێل و ئاسانکاریەکانی کۆگاکردنی بەکارهێنراو لەلایەن دامەزراوەکەوە. زانیاری کۆکراوە هەروەها تەبا بوو لەگەڵ ڕوپێوەکانی تر کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەنجامی داوە، ئەمە و ڕوپێوەکانی تری کۆمپانیای جیهانی لە چەندین وڵاتی جیاجیادا. وێڕای گرتنی زانیاری پێویست بۆ ئەژمارکردنی بەهای زیادکراو (داهاتەکان، تێچووە ناوەندیەکان، گۆڕانکاریەکان لە سەرمایەی نەگوازراوە و ئایتمە لاوەکیە جۆراوجۆرەکانی ناوی ئەم چەشنانە)، زانیاری لەسەر خاسیەتەکانی کۆمپانیا کۆکرایەوە، وەک خایاندنی ماوەی بەگەڕخستن و ژمارەی کارمەندانی مووچەدراو و مووچەنەدراو. بەشەکانی پرسیارنامەکە ئەمانە بوون:

1. زانیاری بنەڕەتی دەربارەی دامەزراوە
2. خەرجیەکان
3. داهاتەکان (داهاتی فرۆشتن، سوود و کرێ)
4. باج و کۆمەکە داراییەکان

5. کەلوپەل
6. سەرمایە
7. کرێ و کارمەندان
8. سەلماندن.

زانیاری لەسەر داهات و خەرجیەکان بە بەکارهێنانی مانگی پێشوو وەک ماوەیەکی ئاماژەدان کۆکرایەوە. ئەمە زۆر بە گونجاوتر زانرا لە بەکارهێنانی ساڵی پێشوو، لەبەرئەوەی زۆربەی دامەزراوە سامپڵکراوەکان بچووک و نافەرمی بوون و لەوە ناچێت تۆماری وردبینانەی ماوە درێژیان هەبێت کە بتوانرێت راوێژی پێ بکرێت. هەرچۆنێک بێت، بۆ هەر پرسیارێک وەڵامدەرەوە هەڵبژاردەی ئەوەی هەبوو کە ماوەیەکی تر هەڵبژێرێت (مانگێکی جیاواز، 12 مانگی رابردوو، رۆژمێری ساڵی 2013، هتد) ئەگەر ئەمە گونجاوتر بوو، و ئەنجامدەری چاوپێکەوتن توانی ماوەکە لەسەر فۆرمەکە تۆمار بکات. بەم پێیە، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا زیاتر فەرمیەکان توانیان پشت بە تۆمارەکانیان ببەستن بۆ راپۆرتکردنی لە 2013 دا ئەگەر بیانەوێت. بۆ کەمکردنەوەی هەڵەکان بەهۆی بیرکەوتنەوە، بڕیارماندا 2013 وەک ساڵی سەرچاوە بەکاربێنین لەبری 2012، کە بۆ پاشماوەی ئەژمارکردنی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP) بەکاردەهێنرێت.

بەکارهێنانی سەرچاوەی مانگ هیچ نیگەرانیەکی دەربارەی وەرزیی لێنەکەوتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە چالاکیەکان بەسروشتی خۆیان وەرزین، بۆ ئەوەی زانیاری مانگی رابردوو (یان هی تاکە مانگێک) نەبێتە نمونەی چالاکیەکانی کۆمپانیاکە بە درێژایی ساڵەکە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، پرسیارنامەکە پرسیاری ئەوەی کرد دامەزراوەکە لە چ مانگێکدا چالاکە، و داوای زانینی کۆی داهاتی بۆ ساڵی 2013 کرد، نەک بە تەنها مانگی سەرچاوە.

## وێرکشۆپەکان و کاتگریی روپێوەکە

لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوبات وێرکشۆپێکی دوو رۆژی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە سەرپەرشتی رەند بەسترا بۆ پێشکەشکردنی روپێوەکان و گفتوگۆکردن دەربارەی پرسیارنامەکان و رێکارەکانی سامپڵین. وێڕای ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە نووسینگەی ناوەندییەوە ناوەندیەوە، دوو کارمەندی باڵای روپێو لە هەریەک لە نووسینگەکانی سێ پارێزگاکەوە ئامادەی بوو. گفتوگۆکردنی وێرکشۆپەکە بووە مایەی هەموارکردنی پرسیارنامەکە و یارمەتیدەر بوو لە پلاندانان بۆ کاری مەیدانی.

راهێنانی تیمەکانی روپێوکردن لە ئایاری 2014 دەستیپێکرد. بەهۆی رەوش لەسەر ئەرزی واقیع لە هاوینی 2014 دا، کۆکردنەوەی داتا دواکەوت، بەڵام تەواو بوو، و ئەنجامەکانی روپێوکردن لە ئابی 2014 دا وەرگیران.

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| CPI | نیشاندەری نرخی بەکاربەر |
| CSO | دەزگای ناوەندی ئامار |
| FISIM | خزمەتگوزاریە نێوەندکاریە داراییەکان کە بە ناراستەوخۆ دەپێورێن |
| GDP | کۆبەرهەمی ناوخۆ |
| GRP | کۆبەرهەمی هەرێمی |
| ID | دیناری عێراقی |
| IHSES | روپێوی کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزانی عێراق |
| ISIC | پۆلێنکردنی پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابوریەکان |
| KIBID | بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان - عێراق |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| MoA | وەزارەتی کشتوکاڵ |
| MoE | وەزارەتی کارەبا |
| USD | دۆلاری ویلایەتە یەکگرتووەکان |

# سەرچاوەکان


Abramzon, Shmuel, Nicholas Burger, Bonnie Ghosh-Dastidar, Peter Glick, Krishna B. Kumar, Francisco Perez-Arce, and Alexandria Smith, *Capacity Building at the Kurdistan Region Statistics Office Through Data Collection*, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, RR-293-KRG, 2014. As of February 9, 2016: http://www.rand.org/pubs/research_reports/RR293.html

Anthony, C. Ross, Louay Constant, Shelly Culbertson, Peter Glick, Krishna B. Kumar, Robin C. Meili, Melinda Moore, Howard J. Shatz, and Georges Vernez, *Making an Impact in the Kurdistan Region—Iraq: Summary of Four Studies to Assess the Present and Future Labor Market, Improve Technical Vocational Education and Training, Reform the Health Sector, and Build Data Collection Capacity*, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, RR-873-KRG, 2015. As of February 9, 2016: http://www.rand.org/pubs/research_reports/RR873.html

Asiacell Communications PJSC–Sulaymaniyah, *Final Accounts Report for the Year Ended on December 31, 2012*, 2013.

Central Bank of Iraq, website, no date. As of January 7, 2016: http://www.cbi.iq/

Central Statistical Organisation, “National Income,” no date. As of January 7, 2016: http://cosit.gov.iq/en/national-accounts-statistics/national-income-reports

———, *Survey Results, Mining and Quarrying for Private Sector, 2009*, 2010.

———, *Report on Private Sector Large Industrial Firms in the Kurdistan Region 2011*, 2012a.

———, *Report on Private Sector Medium Industrial Firms in the Kurdistan Region 2011*, 2012b.

———, *Report on Private Sector Small Industrial Firms in the Kurdistan Region 2011*, 2012c.

———, *Public Use Data for (IHSES2) 2012*, 2012d. As of January 26, 2016: http://cosit.gov.iq/en/home/74-english-categaries/others-e/695-puf-4-en

CSO—*See* Central Statistical Organisation.

Food and Agriculture Association of the United Nations, FAOSTAT, 2013. As of January 8, 2016: http://faostat.fao.org/site/613/DesktopDefault.aspx?PageID=613#ancor

Invest in Group, “Plugging In: Telecom and Internet—Kurdistan Region,” October 7, 2013. As of January 7, 2016: http://investingroup.org/review/242/plugging-in-telecom-and-internet-kurdistan/

Kurdistan Region—Iraq Ministry of Agriculture, *Winter and Summer Reports on Agriculture Production in the Kurdistan Region 2011*, 2012.

Mayerhauser, Nicole, and Marshall Reinsdorf, “Housing Services in the National Economic Accounts,” memo, U.S. Department of Commerce, Bureau of Economic Analysis, September 11, 2007.

National Council of Applied Economic Research, *Economic Impact Study of Delhi Airport*, 2012.

Statistics New Zealand, “Regional GDP Concepts, Sources and Methods,” April 2007.

*System of National Accounts 1993*, prepared under the auspices of the Inter-Secretariat Working Group on National Accounts, Commission of the European Communities: Eurostat, International Monetary Fund, Organisation for Economic Co-operation and Development, United Nations, and World Bank, 1994. As of January 7, 2016: http://unstats.un.org/unsd/nationalaccount/docs/1993sna.pdf

*System of National Accounts 2008*, European Commission, International Monetary Fund, Organisation for Economic Co-operation and Development, United Nations, and World Bank, 2009.

United Nations, Department of Economic and Social Affairs, Statistics Division, *International Recommendations for Distributive Trade Statistics 2008*, Series M, No. 89, 2008a.

———, *International Recommendations for Industrial Statistics 2008*, Series M, No. 90, 2008b.

———, *International Standard Industrial Classification of All Economic Activities, Revision 4*, 2008c.

U.S. Department of Commerce, Bureau of Economic Analysis, *Concepts and Methods of the U.S. National Income and Product Accounts*, Washington, D.C., 2009.

van Tongeren, Jan W., and Jan Bartlema, "KBSNA 2008 Estimates," presentation, February 6, 2010.

Vu Quang, Viet, "GDP by Production Approach: A General Introduction with Emphasis on an Integrated Economic Data Collection Framework," 2009. As of January 7, 2016: http://unstats.un.org/unsd/China_UNSD_Project/GDP%20by%20production%20approach.pdf

———, "Gross Regional Product (GRP): An Introduction," background paper, International Workshop, Regional Products and Income Accounts, Beijing, China, March 15–17, 2010. As of January 7, 2016: http://unstats.un.org/unsd/economic_stat/China/background_paper_on_GRP.pdf

The World Bank, "Manufacturing, Value Added (% of GDP)," 2015. As of January 7, 2016: http://data.worldbank.org/indicator/NV.IND.MANF.ZS

———, "GDP at Market Prices (current US$)," 2016. As of January 8, 2016: http://data.worldbank.org/indicator/NY.GDP.MKTP.CD/countries

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

RAND CORPORATION

OBJECTIVE ANALYSIS.
EFFECTIVE SOLUTIONS.

لەپێناوی دارِشتنی بناغەی سیاسەتێکی سەرکەوتوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی پەرەپێدانی گشتگیرانە و ئاماری جێ متمانەدایە دەربارەی هەرێمی کورستان - عێراق (KRI) لەکاتێکدا بەرەو ئاشتی و گەشەکردن هەنگاو دەنێت. لەم راپۆرتەدا، نووسەران شرۆڤەی ئەو هەوڵانە دەکەن بۆ بەردەوامبوون لەسەر بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوە و شیکاری داتا بۆ پشتیوانی ئەژماری ساڵانەی کۆبەرهەمی هەرێمی (GRP)، ئەمەش ژێدەرێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی پلاندانان لە زۆر بواردا. راپۆرتەکە خەمڵاندن بۆ ئەو بەهایە دەکات کە بوارە جیاجیاکان بۆ ساڵی 2012 (بە بەدەرکردنی سەرچاوە سروشتیەکان، بەهۆی نەبوونی داتای بەردەست) بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراق زیادی دەکەن. راپۆرتەکە هەر سێ پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەگرێتەوە.

$28.50

ISBN-10 0-8330-9674-5
ISBN-13 978-0-8330-9674-6
52850
9 780833 096746

RR-1405/3-KRG